ھەژی جیهانی فەلسەفە: ھەژدەک پەل پرسیار و گومان.. ئازاد حەمە

لەناو جەرگەی مەزنییدا گومانێک دەبینم
René Char ھەنە شار

ە. فراوانکردنی ھووبەری فەلسەفەکردن. لە سەروبەندی ھەژی جیهانی فەلسەفەدا دەخوازم ھەما بە ئاوە بکەم، کە لە جیهانی ئێستاماندا گومانەدەکەم بەئاسانی ھەل و مەرجی فەراوانکردنی ھووبەری فەلسەفەکردن بەتەئاراوە، کار لەسەر پرسە سەرەکییە ھاوچەرخەکان بکرێت، فەلسەفە بکرێت بە بابەتی گفتوگۆی نەوان کولتوورەکان. ئەم گومانەم بۆری تەسکبوونەوەی پرسیار و خودی گومانیشە لەم چرکەساتە ئاستەنگاوییەی حەزی بە چارەی فەلسەفە نییە. حەیف لە ئێستایەکدا دەژین ھەق لە فەلسەفە ئامادەیە. بەڵام گرنگە ئاوەش بزانین، کە فراوانکردنی ھووبەری فەلسەفەکردن پەویستییەکی ھەشنگەریی نیشتیمانیی و جیهانییە. ئەمە دەستپەکی گەڕانیشە لە پەروەردە و فێربوون، ئاو دەستپەکەی سەرزەوی ھەمووی تەکەا زەرترین پەویستی پێیەتی. فێربوونی فەلسەفە و وتنەوەی فەلسەفە بەرپرسیاریێکی گشتی مرۆڤ و سەرەتاشە بە پەکەوە ھووبەووبوونەوەی پرسە بنەڕەتییە سەردەمییەکان و بە تەگەیشتنەکی باشتریش لە جیهان.
ھووبەری فەلسەفەکردن فراوانناباەت تا ھووبەری ئازادی فراوانباەت. لەو شوێنەش، کە ئازادی بەوونی نییە فەلسەفە بە شوێنە. ئاو فەلسەفەیەی لە کەمەگەی نائازاد و گەندەە دا ھەیە نافەلسەفەیە. ئێستا نافەلسەفە لە زەر جەگا جەگایەکی بەخەی دابینکردووە. باشە بە دەباەت جەگایەک لە کەمەگە، لەناو ژیان، بە فەلسەفە ھەباەت؟ لەبەرئاوەی لەەگای فەلسەفاوە دەشەت کار لەسەر تەشەنەسەندن و نەشونمای شیکردنەوە و تواژینەوەی پرسیارە چارەنوسسازەکان بکرێت. فەلسەفە دەکارەت ئەمە بکات، چونکە کاری لەخوردبوونەوەیە لە تاک و کە، لە بوون و کەتواری ئەم تاک و کەیە.
داواکان لە فەلسەفە زەرن. داواکان، کە ھیوان ھەموو دەخوازن فەلسەفە ئەم داوایانە بھەنەتەکایەوە. ھەموو دەخوازن فەلسەفە سەرلەبەری گەی زەوی بەرەو باشە بگەەت. باشەی لەم جەرە، کە یەکسانی، ئازادی و ماف لەخەدگرەت ھەر ھەموو ئەمانە ھەزی خەیان لە فەلسەفاوە وەردەگرن. بەڵام ھەنادی ئەم داوایانە، ھیوایانە،

کاری بەردەوام و هاوبەشی دەوێت.

٤. فەلسەفە چیپێدەکرێت؟. لە ئێستادا زۆرێک دەپرسن: فەلسەفە چیپێدەکرێت؟ لە ئەمە دەپرسین : فەلسەفە چیپێبکرێت؟ ئەو شتە چییە فەلسەفە دەبێت بیکات؟ وەکیتریش فەلسەفە چیپێدەکرێت و چیپێبکرێت هەر لەسەر ئەوە وەستاوە، کە فەلسەفە کێیە تا ئەم داوایەی لێبکرێت؟ فەلسەفە خەمانین، ئەوانەن، کە بیردەکەنەوە. فەلسەفە ئەو شەوازەیە، کە بە بیرکردنەوە دەگیرێتەبەر. ئەبەتە فەلسەفە لە هەرێ شەوازە دیار و دانسقەکانی بیرکردنەوەش. بەهەی فەلسەفەوە دەگەین بەو زانینەی نییمانە. ئەم زانینە چیپێدەکرێت؟ دەمانبات بەرەو تێگەیشتن. تێگەیشتن لەوەی تا هەنووکە لێیتنەگەیشتووین. ئەم تێگەیشتنەش خاڵی وەرچەرخانی ئەمەیە لە شتێک هەشتا نییە، کە دەشکرێت ئەوە هەشنگەرییبێت، کە دواتر لەمیانە بیرکردنەوەکانەوە دەتەکایەوە.
هەشنگەریی چرکەی لەدایکبوونی عەقڵە لای تاک/ لای گشت منێک. لەرەوە دەشێت بپرسین: لە ئێستادا شیاویی لەبەردەم ئاوگەی میراتی فەلسەفیدا ماوە؟ مرۆڤەکان باوەیان بەم پرینسیپە مرییە ماوە؟ ئەم شیاویی و باوەڕە پێویستە مابێت. بیرکردنەوە لە جیهان، ئەمە دەبێت کەمانبکاتەوە. پاش ئەم بیرکردنەوەیە ئەدی کاری سەرەکی فەلسەفە چییە؟ هەنگە یەک لەو کارانە بەرزکردنەوەی ئاستی هەشیاری گشتی بێت. ئەمە ئەرکی یەک کەمەگە و یەک کولتوور یان شارستانی نییە، ئەمە بەرپرسیاریێکی هەوشتی مرییی گشت سەرزەوییە.
سەرباری ئەوە، شوێنی فەلسەفە تەنیا هەی زانکەکان نییە، پرسیارە فەلسەفییەکان هەر لەنەو مامەستا و خوێندکاران نەشونما ناکات. فەلسەفە، کە مافی هەموانی بەسەرەوەیە بەهەیەوە دەکارین ئەو کەشانە بخەینە ژێر پرسیارەوە، کە ئەمە جیهان هووبەووی دەبێتەوە، ئەمەش بەزەری لەبەرئەوەی، فەلسەفە بەشدارە لە پەرەپێدانی تێگەیشتن لەو بنەما و بەهایانەی هەنمایی کردار و بەیارەکانمان دەکەن.

٥. خەمی ئێستای فەلسەفە ئەو پرسانەیە، کە هووبەووی جیهانی هاوچەرخ دەبنەوە. ئەو کەشانەی کە هووبەووی جیهان دەبێتەوە کەشگەلێکی کەن و هاوچەرخیشن. وەکیتریش لە وشەدانی فەلسەفەدا خەمان لەناو زۆرێک واتای فەلسەفییدا (ئاستیی، هەوشت، هاوەتیببون، لەبووردن، هەزلەیکترگرتن، دادپەروەریی،...) دەبینینەوە، کە گرنگن بە هەکشانی ئاستی تێگەیشتنی هەژانی ئەمە لە خەمان و دەروەبەرمان.

فەلسەفە تەنیا دیاردەیەکی هۆناکبیریی یان هۆشنگاریی نییە دیسیپلینیشە، ئەمو فەلسەفە تەقلایەکی پراکتیکی هۆژانەشە، کە دەکارێت کەمەگاکان بگۆڕێت و کولتوورەکان لەیەکتر نزیکبکاتەوە. واتە، فەلسەفە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کەمەگایەکی ئاسوودەتر و هۆزدارتر. بەم شێوەیە فەلسەفە وا دەکات بتوانرێت لە بەربەست و ئاستەنگە گەورەکانی هاوچەرخ تێبگەین و بۆ دروستکردنی هەلومەرجی هزریی بۆ گۆڕانکاری وەڵامیان بدرێتەوە.

لەو پرسانەی، کە هووبەووی جیهانی هاوچەرخ دەبنەوە بابەتی هۆوشتە، کە دەتوانێت بابەتگەلێکی تریش لەخۆبگرێت، وەک: هێز، ئاکار، تەرەر، گەندەڵی، ماف. بۆ ئەوەی ئەمە بکرێت پێویستمان بەوەیە، کە زوو زوو پێناسەی فەلسەفە بکەرێتەوە. ئەوەش هووبکەرێتەوە، کە ئەرک و ئامانجی بنەڕەتی فەلسەفە چییە و دەخوازێتیش چی بۆ مرۆڤ بکات. ئەمەش بۆ پلەی یەکەم پێویستە بۆ مناڵان و دواتر بۆ لاوان بکرێت. لاوان، کە کەوتوونەتە ژێر فشاری کەمەگایەکی بەرخۆری دژە بەها و جیهانگیرییەکی پڕت و بڵاوە پێویستییەکی زۆریان بۆ خوێندنەوەی فەلسەفەی کلاسیک و هاوچەرخ هەیە.

سەرئەنجام، ئەو پرسانەی، کە هووبەووی جیهانی هاوچەرخ دەبنەوە خەمی ئێستای فەلسەفەن و گرنگە وا لە فەلسەفە بکەن خەی لە عەوام نزیکبکاتەوە. ئەمە هەگایەکیشە بۆ لە بەدەستەبژێرخستنی فەلسەفە و تێشک خستنە سەر گرنگی دیدگا هەخنەییەکانیشی.

ە. فەلسەفە واتە بیرکردنەوە لە هەنووکە. فەلسەفە هەنووکەی خەی هەیە. لەو کاتەی، یان سەردەمەی، فەلسەفە ئامادەیە ئەو کاتە، یان سەردەمە، هەنووکەی فەلسەفەیە. فەلسەفە، کە لە هەنووکەی خەی دورکەوتەوە فەلسەفە نییە. فەلسەفە چاودێرە بەسەر هەنووکەی خەیەوە. هەنووکە ناشێت لە ژێرکەنتڕەی فەلسەفە دەرچێت. ئەو دەمەی فەلسەفە بە ڕاڤەی هەنووکە ناوەڕێت ئەوە نەک هەر فەلسەفە نییە، بگرە بیریش لەو هەنووکەیەدا بوونی نییە. هەنووکەکان جەراوجەرن، لە فەلسەفە هەمانە. فەلسەفە لە دەمی دەرکەوتنیەوە دیارە ئامانج و ئەرکی چییە، هەنووکەش، کە دەگەڕێت فەلسەفە لەم گۆڕانە حالییە.

گشت ئەوەی لای سەرەوە وترا، بەرەو ئەو تەماشاکردنەمان دەبات، کە نزیکبوونەوەی فەلسەفە لە هەنووکە مەرجە. ئەمە بە ئاسانی نایەتە دی. بیرکردنەوە لە کردارکانمان سەرەتای گۆڕینی بیرکردنەوەکانمانە بۆ کردار. گشت هەنووکەیەک لەژێر کاریگەریی کردارکانە. هەنووکە بەی هەیە کردارکانمان بخاتەڕپرسیارەوە. خودی هەنووکەش گومانیلێدەکرێت بەرهەمی کاتی خەی نەبێت.

ە. فەلسەفە وادەکات تێگەیشتنی قوڵت هەبێت. ئەو دەمەی فەلسەفەکردن لە کەسەکدا چردەکات تێگەیشتنی قوڵ زاڵدەبێت. تێگەیشتنی قوڵ لەگەڵ تێگەیشتنی سادە و لاواز دا یەکناگرێتەوە. تێگەیشتنی قوڵ پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر و بەردەوامە. بیرکردنەوەش مەشق و ڕاهێنانی جۆراوجۆری پێویستە. لە تێگەیشتنی قوڵ دا ئاسۆکانی تێڕامان بەرین و کراوەن. لەوێندەرێ فەلسەفە توانای تێپەڕاندن و بینینی سنورەکانی لەنێوان زانستە جیاوازەکانیش دا هەیە. ئەوەی فەلسەفە لە تەک یەک زانست(دیسیپلین)دا یەکانگیرنابێت ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفە. فەلسەفە بە چییەتی بیرکردنەوە دەستپێدەکات و بە پەروەردەکردنی تێگەیشتن کۆتایێدێت.
زۆر جار بە زۆرێک پرسیارەکانی فەلسەفە خەیان لە ناسادەیی دەدەن. ئەمە ڕاستە و بەشێکیش لە سروشتی فەلسەفە. بەپێی ئەوەی پرسیارەکانی فەلسەفە سەرسامان دەکەن بیرکردنەوەی وروژێنەریش دەسازێنن. بوون بە فەیلەسوف، نزیکبوونەوە لە فەلسەفە، ژیانی فەلسەفە لە خۆشگوزەرانی مرۆیی و لە هەناندی ئاشتیخوازی و...، گشت ئەمانە و گەلێک بیرکردنەوەی تریش وروژاندنێک لەخۆدا بەرجەستەدەکەن، کە ئەوەمان پێدەڵێن هەزر و تێگەیشتنی مرۆڤ و ژیانبیرییەکی لەتەک دەرکەوتنی فەلسەفەدا نیشونمایکردووە.

ە. فەلسەفە لە سەردەمی خراپی ئەلەکترۆنی دا لەژێرپرسیاردایە. دەمی هەنووکەمان دەمی زەدەبیە لە خراپی. ڕۆچەکی خراپی، کە بە شێرشە زانستییەکان دەگەڵتەوە بەم ژیانە گەیاندین. واتە، ئەوەی ئەم خراپیەی هەنایکاوە مەکینە هایدرۆلی و میکانیکی و ئەلکترۆنییەکان بوو. ئەم خراپیە ڕەفتارەکانی مرۆڤی ئەم دەمەی بەجۆرێک گۆیووە، کە ڕووداوەکان، دیاردەکان خراپ تێپەڕن. جیهانی تازە لە هەناویدا هەڵاوگەڵان و ێیکخستنێکی بەردەوام لە خۆدگرت و ئەمەش ئەو خراپیە دروستدەکات مرۆڤایەتی کاریپێدەکات. ئەم جیهانە دژی وەستان و سستییە، لە گەڕان و گەیاندن و گوازتنەوەی بەردەوامی خرادایە. ئەمە وایکردووە جوڵە وەک جاران نەبێت.
جوڵەی ئەمە لەژێر فشاری خراپی بووتە بەشێک لە ئەمە. جوڵەکانمان نەرماڵ نییە. لە گشت جۆگایەک ئەم جۆرە جوڵەیە ئامادەیە و مەحکومیشیکراوین بە جوڵە: لە بانق، لە ژووری نوستن، لە کاتی خۆشتن، لەناو شەماندفەر، لە... . هاوکات ئەم جوڵەیەی ئێستا هەیە، کە بەرهەمی خراپیە، خراپی دیگیتاڵی و سابیریانیCyber جوڵەیەکی سانا و بە لایەن نییە. تەماشا سەبەری خراپی لەناو گشت چالاکییەکانماندا بوونی هەیە: هاوڵێیەتی، وەرزش، خوێندن و فڕیوون، سێکس، سەما، نانخواردن و... هتد. هەر ئەم جوڵەیە

ئەوشمان پێدەڵێت، کە ئەو شتەی خەڵک دەگەڕێت لە جێگەی خەی نامۆنت و چیەتیشی دەگۆڕێت. خەڵایی دیدی ئەمەی بە جیهان گۆیەو و کاریگەریشی لەسەر پەروەردە، ئابووری، جیەسیاسی و ژینگە بەجێهێشتووە.
سەرئەنجام، فەلسەفە لەناو ئەم خەڵایەدا سست تەدەپێێت و فریای خستنەژەرپرسیار و گومانی دیاردە سایبیریانیەکان (فەمینیزمی سایبیریانیCyberfeminism، تاوان و دزی سایبیریانیCybercrime، سێکس و ئەویندداری سایبیریانی،.....) ناکەوێت. فەلسەفە، کە شوێنکی شیاو و گونجاوە بە بیرکردنەوە لە تەنگوچێێمە ەەوشتیی و سیاسیی و کەمەڵایەتیەکان، پەیوستی بەسەرلەنوێ چالاککردنەوە و وەگەڕخستنەوەیە بە شیکارکردن و ەوونکردنەوەی چەمکە سەرەکیە فەلسەفیەکان(ەاستی، ەەزلەیکترگرتن، وەفاداریی، ئەمەک، ئاکار،.....).

ە. زەفەربردنی فەلسەفە بە دەرەونشیکاریی لە دوورمەودادا دەرئەنجامی پەزەتیڤی دەبێت. فەلسەفە بە بیرکردنەوە(تەهزرین) یەکسانە نەک شیکارکردنی ەەفتار، بیرکردنەوەش لەسەر بیرکردنەوە گەشە بە بەوونی فەلسەفە دەدات. بیرکردنەوە لە چیەتی فەلسەفە بیرکردنەوەشە لە چیەتی ئەمەی بەرهەمهێنەری فەلسەفە. ئەمە، کە بە دەرەونشیکاریی ناکرێت ناسنامەیەکی هزریی لەناو دیسیپلینەکانی تر بە فەلسەفە دادەتاشیت.

سەرباری ئەوە، دوا کارکردنەکانی پەلەک لە بیریارانی فەێێنسی لەم چەند ساێێی دواییدا بەرەو ئەو تەزەی بردوون، کە کاتی ئەوە هاتووە فەلسەفە دەسەاتی شیکاریی لە دەرەوننناسی وەربگرێتەوە. دەرەوننناسی ئەم دەسەاتەی بە خراپ بەکاربرد: خەمەکی، بەزاریی، تەنیایی، دابەان لە خودی خە و دواتر لە ئەویتریش وەک خەیان ماونەتەوە و کەچی دەرەونشیکاریی پەیوایە هەر بەردەوام و سەرکەوتووە. بەم تەزەی بیریارانی فەێێنسی دەگەینە ئەو تێگەیشتنە، کە دەرەوننناسی پاشکۆیی پەبکرێت لە چارەسەرکردنی مرۆڤ.

هەندێك واتا هەن (سەزداریی، هاوەێیەتی، بەختەوەریی، خودگەرایی، خۆشەویستیی و...) تایبەتمەندی گەردەوونناوی خەیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییە فەلسەفە بۆشەوازی خەی کاری لەسەر دەکات. وەکیتر، هەر ئەوشە وادەکات فەلسەفە زەفەر بە دەسەاتی شیکاریی دەرەوننناسی بەرێت. دووبارە شیکردنەوەی فەلسەفییانەی ئەم واتایەنەش هیوایەک بەوانە دەبەخشیت قوربانی دەستی دەرەوننناسی هاوچەرخن

زربەمان دەزانین، کە لەگەڵ تاڵیس، یەکەم هزرڤانی یۆنانی لە سەدەی شەشی پێش زایین، فەلسەفە بووە دەروازەی پاراستنی ڕۆحی ڕۆناکبیریی مرۆڤ. هەر لەو دەمەوە لەو شتانەی لە چییەتی فەلسەفەدا پێنهانکرا قسەکردن بوو لە واتاگەلێکی وەک: ڕاستی، هاوڕێیەتی، ئاشتی. وەک بەرپرسیارییەکی فەلسەفیی، لە دیسیپلینەکانی تر(بەتایبەت دەروونناسی و دواتر سیاسەت، کەمەناسی) بەشێک لەم واتایانەیان خستۆڕەکەڤی خەیانەوە و بە شێوازی خەیان تێڕیزیان بەسەرەوەکرد.

ە. لە ڕۆژی جیهانی فەلسەفەدا مەرگی فەلسەفە جارێکیتر مایەپووچدەبێتەوە. لەم ڕۆژەدا مەرگی فەلسەفە سەرلەنوێ دەبێتەوە بە بابەت. خودی ڕۆژەکە وەبیرهێنانەوەی گرنگیی فەلسەفەیە، پرسیاریشە لەسەر ڕەچەڵەکی فەلسەفە و دانپێدانان بە ئایدیای بەرەوپێشبردنی لەبوردەیی و ئاشتی، کە داوای توانامان لەدەکەن لە فەلسەفە. بەیە مەرگی فەلسەفە یەکناگرێتەوە لەگەڵ دەزی ڕەوشتیی و مرۆیی سەردەم و مەرگی شتەکیشە لە خەمان پەکهاتووە. فەلسەفە تا بەم جەڕەی ئێستا دروستبووە زەرەک سەدە و دەڤەر و کولتوور و فەیلەسوف کارییان بەکردووە. بەیە فەلسەفە هەر ئەرەیی نییە، ئەوێشە و خەڵکی گشت جێگا و شارستانییەتەکیشە.
لەبەرئەوە لەناوچوونی فەلسەفە لەناوچوونی ئەو شتەیە، کە هاوبەشە. شتە هاوبەشەکان بە ئاسانی لەناوناچن. نەک هەر لەبەرئەوەی لەخەڵا دروستنەبوون، لەبەرئەوەش، کە فاکتەری بنچینەیی کاری لە دروستبوون و پەرەسەندنییاندا کردووە. وەکیتریش ئەو شتە هاوبەشانەی هەکاری دروستبوونی فەلسەفەن تا هەنووکە هەن: جەنگ، ڕەوشت، ماف، ئەوین، دادپەروەریی، سەرباری ئەوانە مرۆڤ. ڕەگەزی مرۆڤ، کە تا هەنووکە ماوە پەیوەستی بە فەلسەفەیەوەک بیر. ئەم مرۆڤە ڕۆژانە بەریەککەوتنی هەیە لەتەک شت، درە، هەڵە، گەندەڵی، بە وەفایی، نیگەرانیی و... بەیە مرۆڤ بە فەلسەفە ناشێت هەڵبکات و مەرگی فەلسەفەش لە ئێستای مرۆڤایەتییەوە دوورە.

ە. خوێندنی فەلسەفە لە گشت قۆناغەکان پەیوەستییە. فەلسەفە بنەچەی خەیە، دەرینترین زانینە و زانینی زانینەکانیشە، کە فەیلەسوفەکان هەر زوو جەختیان لە دەگمەنی ئەم بنەچەیە کردووەتەوە. شوێنی فەلسەفە لە پەروەردەدا بە خوێندنی فەلسەفە لە گشت قۆناغەکانی خوێندن جێگا بە خەی دابینەکات. خوێندنی فەلسەفە و شوێنی فەلسەفە لە پەروەردەدا جگەلەوەی دەرفەتکی ناوازەیە بە چڕکردنی تێگەیشتن لە فرە کولتوری، هاوەاتیبوون و ئازادی بریتیشە

لە خوێندنی بیر و هیوایەکیش لەبردەم سەرلەنوێ بوژاندنەوەی فەلسەفەدا.

خوێندنی فەلسەفە مشقکردنیشە لەسەر بوونی فەلسەفە بە بابەتی چارەسەر بۆ کێشە و کێموکوێیەکان. فەلسەفە، کە قوتارماندەکات لە بیرنەکردنەوە، لەهاتوومان دەکات لە زاڵبوون بەسەر نیگارانی و کاتە قێراناوییەکاندا. خوێندنی بیر لە گشت قۆناغەکانی خوێندن سەرەتای حاڵیبوونی خودێ (قوتابییە) لە خودی خۆی، لە کردار و گشت ئاکارەکانی. ئەمە تەنیا ئەو کاتە دەکرێت، کە فەلسەفە دەبێت بە یەکێک لە مادەکانی قۆناغی بنەڕەتی. خوێندنی فەلسەفە پێش قۆناغی زانکۆ سەرەتای زاڵبوونی قوتابییە بەسەر تەحەدیات و ئەستەمەکان.
خوێندن و فێربوون لە بنەڕەتی بە فەلسەفە بنەڕەتی دەکات بە شوێنێک بە بیرنەکردنەوە، شوێنێک کە زانین تیایدا ناخرێتەژێرپرسیارەوە. فەلسەفە لە قۆناغی بنەڕەتی دا هەر پێوەندی نێوان زانین و پسپۆرییەکان ڕەکناخات، خودی زانینیش تەکەم و پرسیارئامێزدەکات، لە بەبازاڕیکردنی پڕوەردە زیانێکی زۆر لە فەلسەفەی خوێندن دەدات. فێربوونی فەلسەفەش لەناو کەبەکێیەکانی بازاڕ لەگەڵ پڕوەردە خودی کردەی فیربوون دوچاری گرفتی گەورەی ڕەوشتی دەکات. هاوکات ئاشناکردنی منداڵ بە فەلسەفە ئاشنابوونێتی بە پرسیار و وەڵام، بەس ئەمە هەرگیز نایەتەدی تا فەلسەفە نەخرێتە ناو پڕۆگرامی خوێندنی دایەنگە، باخچەی منداڵان و بنەڕەتییەوە.

10. فەلسەفە لە وشەدانی فەلسەفیی ئەمەدا کارساتبارە. ڕوو نییە لە ڕوناکبیریی ئەمەدا فەلسەفە لە چاوەنوای چیبدایە. ئەمەش بەڕی لەبەرئەوەی، کە فەلسەفە لە نەوەندی سیاسیی و ئەکادەمیی ئەمەونە. لە ئێستادا دەزینەوەی فەلسەفە لەو سێ نەوەندە گرنگەدا خۆی لە ئێستەمیی دەدات. ئەوەی دەبینرێتەوە زۆر شتە، لە فەلسەفە نییە. واتە ڕوناکبیریی هەیە، لە بە فەلسەفەیە. نەوەندی سیاسیی و ئەکادەمیی هەیە، کەچی زۆر نا فەلسەفییە، دوورە لە فەلسەفە، خۆی لە فەلسەفە دەدزێتەوە. وەکیتر فەلسەفە لەناو خەڵکی و سەسیال میدیاش نادیار و ناکاریگەرە.
سەرئەنجام، فەلسەفەونە، ئەمەش تەپکیی گومانی ئەمەیە لە وتاربێژیی و بەندگەیی ڕەمان و شیعری سەردەمی نوێ کوردیمان. فەلسەفە پێویستە لەناو ئەمەدا بدزرێتەوە. ونبوونی فەلسەفە، هەاوەشتن و تەدانی فەلسەفە بە زیانی گشت مرۆڤایەتی دەکەوێتەوە، نەک هەر ئەمە. چونکە چەکەرکردنی فەلسەفە لە گشت نەوەندەکانی ژیانی مرۆڤی سەردەم ،قوتارمان دەکات لە بنبەرکردنی نەفامی. تەنیا

بە فەلسەفە، بە فەلسەفەیەکی کراوە و نەترس، نەفامی و هاوشێوەکانی، بەدادی و تەرار، گەندەڵی، بنەبڕکرێت.
بەشێك لە ئەمە پێویستە بپرسێت دوای ئەو تێکشکانانەی، کە هاتەسەر کەمۆنیزم و ناسیۆنالیزم، ئێستاش کە ئەو دوو ئیزمism ـە بە ئیسلامی سیاسیی پێدەکرێتەوە هەمان تێکشکان بەرهەم نایەتەوە؟ ئایندەی فەلسەفە ئەو دەمە دەبێت چۆن بێت؟

11.دوا وتە: گرنگیی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. فەلسەفە بە دامرکاندنەوەی نیگارانییەکان نییە. بەپێچەوانەوە فەلسەفە نیگارانییەکانی مرۆڤ وەک کێشە دەبینێت و بەدوای چارەسەریانەوەیە. ئەمشە جۆهەری جیاکردنەوەی فەلسەفە لە دەروونشیکاریی. فەلسەفە بەدوای دانایییەوەیە، لە جیهانی ئێستا لەژێر زەبری هەژاری، نەداری، نایەکسانی خەریکە دانایی خێی لەدەستدەدات، خەریکە گاڵتە بە دانایی و وشەدانی ئەم واتایەش دەکات. لەبەرئەوە دروستکردنی ژینگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە زەر هەوە کاتیهاتووە.
باشە لە هەل و مەرجێکی وادا چی لە نیگەرانییەکانی زانست بکەین؟ فەلسەفە چی لەو بارییەوە پێیە بە وتن؟ فەلسەفە چاودێری ڕەوشتییە بەسەر زانستەوە. پشتگیریی لە زانست دەکات تا ئەو شوێنەی مرۆیی و ئاکارییە. فەلسەفە لە خودی خۆیدا بریتییە لە ئارەزومەندیێکی خۆیانە و تاکییانە، نەک زەرەملێیانە. فەلسەفە دوژمنی زەرەمڕێیی و ستەمە. بۆیە تا ئێستا بابەتی ئاشتی هەمیشەیی بابەتێکی هەستیارە بە گفتوگۆکردنێکی فەلسەفییانەی بەردەوام.
بەم جۆرە "فەلسەفە وەک دیسیپلینێک هاندەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و سەربەخۆیە و دەتوانێت بەشداری بکات لە تێگەیشتنێکی باشتر لە جیهان و چەسپاندنی بناغە ڕاستەقینەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و لەبوردەیی". ئەمە دروشم نییە، بەڵکو ماهیەتی ڕاستەقینەی فەلسەفەیە. جیهانی پڕ کارەساتباری ئێستامان پێویستیێکی زۆری بە فەلسەفەیە، بەو شتەی فەربوونی ژیان دەنەتەدی. داخ و جەخار کردەی فەلسەفەکردن و فەلسەفاندن لە دۆڤەری ئەمە بە ئاسانی نایەتە سەرپێ. لەم شوێنە ناپسپێە لە فەلسەفە داگیرکەری بواری فەلسەفەیە! پشتکردنی کەلەجەکان لە فەلسەفەوتنەوە زیانی لە گەیاندنی فەلسەفە بە زەرینە داوە. وەکیتر، لە زانکۆکانی هەرەم غەدرێکی زۆر لە فەلسەفە دەکرێت و ناپسپێر لە فەلسەفە وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە و ئەمش هزر و تێگەیشتنی فەلسەفیی لەو شوێنەدا خستووەتە گیانەوە. بۆیە ڕەژی جیهانی فەلسەفە لە وەها دۆڤەرێک وەک گشت ڕەژێک تەماشادەکرێت.

سەرنج: یەنسکە لە ساڵی 2002 وە ڕۆژێکی بە فەلسەفە تەرخانکردووە، کە دەکەوێتە سەهەمین پێنجشەمەی مانگی نۆڤەمبەرەوە(مانگی یانزە).

ئۆفسانەکانی ناژەڵاتی سەرچاوەی بنەڕەتی سەرهەڵدانی فەلسەفە و زانستن.. نووسین و ئامادەکردنی: دڵشاد کاوانی

"لە کۆن زانست نەبێت، نەزانی خێی بە زانست ناودەبات."

مێژووی مەعریفە دووپاتی دەکاتەوە کە ناسینی سەرتایی مرۆڤ لە سەرسوڕمان و وەهم و خەیاڵ بە جۆرە جیاوازەکان پێکهاتووە. بەم شێوەیە چیرۆکی جیهان و ژینی مرۆڤ هەرچەندە چڕ و پڕی ئۆفسانەیی بێت، دەربڕینێکی زیندووە بە زانینی مرۆڤ سەبارەت بە خود و پەیوەندی نێوان خود و گەردوون. دروشمە زانستییەکانی ئەمڕۆ ئەم ڕاستییە ناتەدەکنێوە وەک ئاوی لێبیریان چووبێت کە ئۆفسانەی سەردەمی کۆن تەوی زانستی ئەمڕۆن.
وەک ئاو ٦٠ چیرۆکی لە پێنج کتێبە پیرۆزەکاندا هەیە زۆر لەیەک دەچن جگە لە هەندێک خاڵە وردەکانی دەستپێکردن.
کتێبی ئینجیل بەشی سەردەمی کۆن بەتەواوەتی چیڕۆکەکانی تەوراتە و تەوراتیش سەرچاوەی زەبوور و زەبووریش مەسحەفە، هەر بۆیە قورئانی پیرۆز چەندین جار جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە هەمان سەرچاوەی کتێبە پیرۆزەکانی پێش خۆیەوەیە. چیڕۆکی ئادەم و حەوا و چیرۆکی یارالمیش لە بنەڕەتدا یەک بوو و شڕۆڤە تائیفییەکان لە مێژووی ئیمان و باوەڕدا چیرۆکی یارالمیشیان بەسەر پەلەکاندا دابەش کرد.
لە چیرۆکی یارلەمیشەوە دەزانرێت کە مرۆڤ تەنها هەوداوەک نییە و بریندەکانی خودا و گەردوون و بەشوماری بوونەوەرەکانی ناو گەردوون مەرجدار دەکەن. خەناسینی مرۆڤ لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خودا، مرۆڤ و گەردوون و مرۆڤ و مرۆڤ پێکدێت و هەر پەیوەندییەک چەندین بوار دەگرێتەوە. لە بەشی شەشەمی زەبوردا ئەم خوڵی

مەعریفە لە ڕۆگەی وێنە و چیرۆکەوە نیشان دەدرێت.
ئەفسانە سەبارەت بە جیهان و ئازارەکانی مرۆڤ لە هەزار و گۆلانی هەموو کەشوهەواکاندا زۆرن. لە نێو ئیغریقیەکاندا ئەفسانەیەک لە بارەی قۆرخانەوە هەبوو: خودا پێشتر بە زەوی و ئاسمان بوو. قۆرخان خودا "مرۆڤ"ی وەک ئامانجی نیعمەتەکەی دروست کرد و لە ژێر دەریاچەیەکی گەورە (دەریا) دانا. <<پیاو>> کە مەبەست لەی ئادەمە بەزار بوو لە ژیان لەژێر ئاودا بە ماوەیەکی زۆر و داوای لە قۆرخان خودا کرد کە بیباتە دەرەوە بۆ شوێنکی ئارام. قۆرخان خودا فەرمانی بە "مرۆڤ" کرد کە تا دەتوانیت خاک وەربگرێت و بیهێنێتە سەر ڕووی ئاوەکە. "پیاوەکە" تەنوورە و چەقۆکەی پێ کرد لە خاک و بۆپەی ڕێنمایەکانی خودا قۆرخان خاکەکەی لەسەر ڕووی ئاوەکە دانا. زەوی لە ئاسماندا بەاو کردەوە و لەوەو ئاسمان و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دروست بوون. لەو کاتەوە، "مرۆڤ" بووەتە چەقۆی گۆردوون، و نەوەکانی لەدایک بوون، و نەوەکانی نامێنن ئەم ئەفسانەیە لە هێندەک ڕووەوە هاوشێوەی چیرۆکی کتێبی پیرۆزی میهرەبانییە، لە فیشەیی. بەڵام هەروەها گوزارشت لە بیروباوەڕی گۆلانی کۆن دەکات، وەک مرۆڤەکان، کە ئاو و خاک شکۆمەند دەکەن. "مرۆڤ" نزیکەی تەواو بەخشراوە بە سروشتی مرۆڤ، بەڵام جێستەی لەگەڵ هەموو پێکهاتەی گۆردووندا یەکدەگرێتەوە و کردارەکانی بە فەرمانی خودا یەکدەگرنەوە. بوون و ڕەفتاری مرۆڤ ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی بوونی ڕەحمی و مادییە. ئەگەر ئەفسانە بە زانستەکی سەرەتایی بزانین، ئەوا تێوانینی باوباپیرانی دوور لە بارەی گۆردوون و مرۆڤ بەرجەستە دەکات. ئەم بیرکانە دەوڵەمەندن بە خەیاڵ و ئامادەن بە ڕەنگدانەوەی مەجازی. بەڵام وێنەسازی توخمە فیکرییەکانی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم توخمانە بە ڕوونی هێندەک تایبەتمەندی پرسەی مەعریفی نیشان دەدەن.
جەیمس چەرگواردی بەریتانی: لە بەرهەمی "خاکی کانی مو"دا بۆی دەرکەوتووە کە چیرۆکی یارمیش کە ١٧ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە خاکی مو نووسراوە، نزیکەی هەمان چیرۆکی یارمیش لە تەوراتدا بە شیکردنەوەی هیرۆگلیفەکان لە بەڵگەنامە بەردینەکانی دەزراوەوە لە هیندستان و مەکسیک و شوێنکانی تر. بە بۆای نووسەر شارستانیەتەکانی هیندستانی کۆن و میسر و بابل چەند پاشماوەیەکن لەو شارستانیەتە دڕۆشاوەی پێش خۆی و نوقمبوونی کیشوەرەکەش دەرئەنجامی دڕۆشاوەیی کولتووری دایک بووە. لە چوارچێوەی تەمارە زەویە کۆنکانەوە، مارە حەوت سەردارەکە وەک خوێقنەر، هەزی جەوهەری سەرهەڵدەدات. مارە حەوت سەرەکە حەوت زیرەکی هەیە و ئەو حەوت فەرمانەی کە لەلایەن ئەوەوە هاتووە وا دەکات هەموو گۆردوون

گۆشە بکات
مرۆڤ دەیەوێت بگاتە نهێنیەکانی بوونەکەی.من کێم؟ من خەڵکی کوێم؟ بۆ کوێ دەچم؟پرسیارەکانی وەک... زانایان تا ئێستاش بە هاوکاری ئامێرە مۆدێرنەکان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێن. دروستکردنی گێردوون و یاساکانی کات بە هووننی لە چیرۆکی یارلمیشدا دەرکەوتووە کە لە مو مەینلاندەوە دەستکەوتووە، بە بەوای جەیمس چەرگوارد، مرۆڤکان سوودمەندی ئەو چیرۆکن و لە سەردەمی ئۆفسانەیی پەیوەندیە ئینسان و گێردوونیەکان لەنەو گۆڕکاندان لە مۆژووی زانستدا.
پەیمانگای ئەنتاریە بۆ توێژینەوەی پەروەردەیی، زانکۆی تەرانتە کارل بەریتەر (کارل بەریتەر) لە کتێبی "پەروەردە و هۆشیاری لە سەردەمی زانین"دا چەمکێک بە ناوی "تیۆری فۆلکلۆر" پێشنیار دەکات. بە بەوای کارل بەرتەر، تیۆری جەماوەری بەچوونی مرۆڤکانە لە غیابی تیۆری زانستیدا. تیۆری گشتی دەتوانێت بەبە لەکەینەوە و بە فلتەر بوونی هەبێت. بەگشتی دەروونناسی عەقڵی باو (دەروونناسی عەقڵی ساغ) بیرکۆ و تێبینی و ئارگیومێنت و پلان و ئامانج و بنەماکانیش هوون دەکاتەوە. ئەگەر پەیوەندی نێوان هۆشیاری و جیهانی بابەتی دروست بێت، ئەمە ئەنجامەکەی زانین و ئەگەر نادروست بێت، باوەڕی درۆ. تیۆری گشتی لە دەروونناسی خوێندەواری و تیۆری ناسینی خوێندەواری پێکهاتووە (کارل بەرسەر: پەروەردە و هۆشیاری لە سەردەمی زانین، ئینگلیزی، کەمبرگەی لەندەنس ئەرلیبام، ئەمریکا، ۲۰۰۲). جووتیارێکی نەخوێندەوار لەوانیە بەرهەمێک بچنێت بەبە هیچ چەمکێکی هووکناسی. هەنگۆ لە بوارکانی پزیشکی و پیشە دەستیەکاندا هووبوونی وەهای دەخێک ببنەوە. لە کتێبی "بیرۆریەکان"ی نووسەر زون قادری داپیرێک هەیە بە ناوی پریزیخان. ئەم داپیرە بە وردی وەک کەسایەتیەک وێنا کراوە کە کاریگەری تایبەتی لەسەر منداڵی زون هەبووە. لە باخچەیەکی ئاژەڵان سەوکی تەواو بەستوو دەخوات و لەناو باراندا گیردەخوات و دەبەستێت تا دەمرێت. ئەگەر داپیرە پریزیخان بیهنێتە ماڵەوە و پارچە پەتوویەک لە ئاوی شلتنیدا تەڕ بکات و بیخاتە ناو خاولیەکی قوماشەوە و بیخاتە سەر زون، نامرێت. زون وەڵامی ئەمای لە پەلی هووکناسیەوە فێربووە، لەو کاتەدا کە زون لە داپیرەی پرسی: "چیت کرد؟"، داپیرە وەڵامی دایەوە: "لە ئاو دەچێت" لەم نموونانەوە دەزانن تیۆری باو چیە. لەناو خەڵکدا کوتان (چارسەری جەستەیی)، ئیرام (چارسەری دەروونی)، گرێدانی ئاگر، بخور، جگەرکێشان، خوێنخواردنەوە، سووتاندن، پەستکردن، ئارەقکردنەوە و شەوازە پزیشکیەکانی دیکە تا ئەمڕۆش بەردەوامن. هەرچەندە ئەم

پراکتیزانە پەیوەست بە بیروباوەڕی شامانەکان لە ڕابردووی دووردا بە کاریگەریی ڕاستەقینەکانیانەوە لە ژیانی مرۆڤکاندا چەسپاون، بەڵام تا ئێستا بە هیچ تیۆرێکی زانستی ڕوونمان نەکردەتەوە، لەبری ئەوە وەک "خورافات" پشتگوێمان خستوون. هەر شتێک لە جیهانی ماددی و ڕەحیدا دەتوانێت ببێتە ئەبژەی زانست. لەناوبردنی نازانستیانە بە بەڵگەنەویستیان هیچی تر نییە لە دەرئەنجامێکی خراپی نەفامی. فیزیازان و فەیلەسوفی بەریتانی مایکل پۆلانی دەڵێت: بوونی ئاژەڵ لەلایەن زانایانی ئاژەڵانەوە نەدەزراوەتەوە. بوونی ڕووەک لەلایەن ڕووەکناسەکانەوە نەدەزراوەتەوە. بەهای زانستی ئاژەڵناسی و ڕووەکناسی تەنیا ئەوەیە کە درێژەپێدەری حەز و ئارەزووی پێش زانستی مرۆڤ بە ئاژەڵ و ڕووەک. بەم مانایە، هەرچەندە جیهانبینی دایکمان (ئەو باوەڕەی کە هەموو شتێک ڕەحی هەیە) جارێکە لە عیرفانییەت لە ڕواڵەتی زانستی ئەمڕۆ، بەڵام زانست هێشتا کارپێلێکی بوو کە هەواش هەواش لە سکی ئەو جارە جیهانبینانەدا پەگەیشتووە.

مێژوونووسی زانست و. پ. دامپیەر (W. C. Dfmpier) زانست بریتییە لە زانینی سیستماتیکی دیاردە سروشتییەکان، کە لەگەڵینەوە لە پەیوەندی نێوان چەمکە جاراوجارەکان دەکات کە گوزارشت لە دیاردە سروشتییەکان دەکەن لە سەردەمی فیکریدا (W. C. Dampier: <مێژووی زانست> و <چینی> و <بازرگانی > چاپی ١٩٩٤، لاپەڕە ٩) گوتی. پێش ئەوەی زانستی سیستماتیکی دروست بێت. ئەو توخمانەی کە لقەکە پێکدەهێنن دەبێت دروست ببن. ئەم هەکارانە لە ڕووی مێژووییەوە لە ژیانی مرۆڤ سەرتاییەکان و لە ڕەوشەسمە ئایینییەکانی گەلانی دواتردا و لە تێواننەکانیان بە سروشت و ژیاندا بوونیان هەیە. دامپیەر لە کتێبی "مێژووی زانست"دا باس لە پەیوەندی نێوان ئایینی مەسیحی و ئایین و زانست دەکات، هەروەها باس لە بچووننەک لە مرۆقناسەکان دەکات. بە بۆای ئەوان مقاعیەت بە شێوەیەک بەرەو ئایین دەبات، بە شێوەیەکی تر بەرەو زانست. (کتێبی سەرەوە، لاپەڕە ٢٧-٢٨). شامانیزم جارێکە لە زانینی جیهانی سروشتی ڕەهەتییە کەنکان و شێوازی ژیانی ماددی و ڕەحییان کاریگەرییەکی بەردەوامی بەجێهێشتووە. شامان و قەشەی ئەو سەردەمە ڕەشنبیری سەردەمی خێیان بوون و سروشت و خودا لە یەکتر جیا نەبوونەوە، بەڵکو لە بیرکردنەوەیاندا تێکەڵ بوون.

شێوازی زانینی خێکی ڕەهەتی دوور لە بارەی سروشت و ڕەحانیەت و کەمەگاوە، هەروەک چۆن لە هەموو وەتانی ڕەهەتەدا تەوەری چیرۆکی هەیە. بیرکەکان لەبری ئەوەی لە زنجیرەیەکی لۆژیکی

ئەرستۆدا دەرکەون، بە هەموو بەشەکانی چیرۆکەکەدا خوێن دەڕژن. ئەگەر تەماشای مۆزووی فەلسەفەی هیندەس بکەین، دونیابینییەکانی هیندەسی جگە لە پەکهاتە نەتەوەییەکانی خەیان تەکنە بە تووخمە عەرەبییەکانن. چیرۆکێک لە (جەمشیدنام) دا هەیە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێو خەڵکی بابووتەوە: ئاژدەک، نوح پاڵکەوتبوو، چاوەکانی نوح خەوی لێکەوت. لێو کاتەدا نوح پانتاییەی لەبەر نەبووە و قوماشەکەی بە پشێوە دەکەشا. قوماشەکە بەهەی بایەوە هەڵیکرد و حەورەتی نوح دەرکەوت. سێ کوڕەکەی بەلایدا تێدەپەڕین. حەزرەتی یافس بە بینینی ئەم دۆخە چاوەکانی داخست و تێپەڕی، حەزرەتی سام بە دەستێک چاوەکانی گرت و بە دەستەکەی تریش قووماشەکەی ڕاکێشا و بەشە تایبەتیەکانی نووحی داپۆشی و تێپەڕی. کوڕەکەی هام بە گاڵتەجاڕیەوە وتی: ئای کراوە و داخراوە. لێو کاتەدا نوح لە خەو لە خەو هەڵسا و کاتێک گوێی لەم بابەتە بوو زۆر تووڕە بوو. بە یافەتی گوت: "نەوەکانت ببنە پاشا، بە سامی گووت: نەوەکانت هەم پاشا و هەم پێغەمبەر بن. بە هامیش گووت: "نەوەکانت کۆیلە و کۆیلە بن."

مۆزوونووسی ئاژەڵناتی موسا سەیرامی لە کتێبی "حەمیدی مۆزووی" (ئەنوەر بەیتور، چاپی ١٩٨٦ی دەزگای چاپخانەی نەتەوەیی پەکین چاپکراوە) سەرەتای مۆزوو لە نوحەوە دەستپێدەکات. گەلانی تورک بە یافەت و بابل و یەمەن و عومان و عەراق و ئێران بە سام و گەلانی ئەفریقا و هیندستان بە هامەوە دەبەستێتەوە. پێدەچێت باروودۆخ لە مۆزووی نووسراودا شایەدی جەبەجێبوونی دوعای نوح بێت. بە ئام ئە گە ێ وا بزانین ڕاستیە مۆزوویە کانی ناو مۆزووی نووسراو ەە ها نین یان مۆزوو لە قە ەە می مرۆڤە وە لاوازی و سە ەکەشی مرۆڤی هە یە ، وا هە ست دە کە ین کە لە لێدوانە کانی مە لا موسا سە یرامی دا تێنێکی ئەفسانەیی لە دەرەوەی ئەزموون هە یە . لەم چیرۆکەی سەرەوە کەشێک دەبینین، سێ هەوەست بەرامبەر بە هەمان شت و ئەنجامە جیاوازەکانی دەرئەنجامی ئەو هەوەستانە: یافەت بە حەیاییەوە کەچی دوایی کرد، ئەمەش ئامانجی ئەو تەقواییە بوو کە دەبوو پاشاکان هەیانبێت. سام بەگەردی هەبوو هەروەها پەوانە. بەیە نەوەکانی شانشینی و حیکمەتی پێغەمبەرایەتییان پێ سپێردرا. هام بەهەی بێئەدەبی خەیەوە محکوم بوو بە چارەنووسی کۆیلایەتی. ئەگەر ئەم چیرۆکە لە واقیعی مۆزووییە جیا بکەینەوە، ئەوا ئەو دەرەنجامە فیکرییەمان دەبێت کە هەوەستی خەڵک بەرامبەر بە شتەکان چییە، ئەزموون و مەعریفە و چارەنووسی هاوتایان دەست دەکەوێت. ئەم دەرەنجامە حوکمەکی بیرمەندی فەرەنسی ڕێنی دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠)مان بیردەخاتەوە: ژیری لە هەموو مرۆڤێکاندا وەک یەکە. کەواتە ناکۆکی

لە بیرۆادا لە زیرەکتربوونی کەسێک لە کەسێکی ترەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو لەو ڕاستییەوە سەرهەڵدەدات کە شێوازی بیرکردنەوەمان جیاوازە یان بیرکردنەوەکانمان ئاراستەی یەک هەڵکار نییە. منداڵەکانی نوح بە وەڵامی جیاوازەوە لە هەمان کێشە نزیک بوونەتەوە و بەم شێوەیە ئەنجام و چارەنووسی جیاوازیان هەبووە. پەیوەندی نێوان کاریگەری و هەڵکار لە چیرۆکی سەرەوە و لە قسەکانی دیکارتدا جێختی لەسەر کراوەتەوە. بەڕام یەکێکیان لە فەرەمی وێنەدایە و ئەوی دیکەیان لە فەرەمی هەستکردندایە کە لە نەریتی بیری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ناسراوە. یەکێک لەوانە ئەو ڕووداوەیە کە لە قورئانەدا ڕوویدا و ئەوی دیکەیان ئەو ئەنجامەیە کە لە ڕووداوەکەوە دەرچووە. کەسانێک کە توانای دەرەنجامەعەقڵانییەکانیان نییە لەو ڕووداوە، هەرچەند ئەو چیرۆکەی سەرەوە بخوێننەوە، وانەکە فەر نابن. قسەکانی دیکارت بۆ کەسێک کە ناتوانێت دەرەنجامە فیکرییەکان لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانیدا جیابکاتەوە، بەمانایە. ژیان پڕ لە مانا و وانە بۆ کەسێک کە پەیوەندی ناوەوەی نێوان وەرگرتن و حیکمەت دەدزێتەوە. چیرۆکی ڕووداوەکە بۆ حیکمەتەوە، حیکمەتیش چیرۆکەکە کە ڕووداوەکەی لابراوە. بۆیە فەیلەسوفانی ڕۆژهەڵات ناتوانرێت بۆ پڕی مەدلولی فەلسەفی ڕۆژئاوا هەڵسەنگێندرێن، بەڵکو بەراوردکاریش دەکرێت.
ئەگەر بمانەوێت لە جیهانبینی و شێوازەکانی ناسینی گەلانی کۆن بکۆڵینەوە، لەوانەش زانستناسی مرۆڤناسی، ئەوا دەبێت چاومان لە ئەفسانە، فەرهەنگانی بیروباوەڕی ئایینی، تەمارە زارەکی و نووسراوەکان، ئینجا مێژووی بەرهەمهێنان و ئابووری، پیشەسازی و نەریتی بیناسازیمان بێت. ئەمە ناتوانێت خەمان لە تاندان بپارێزین. بۆ گومان ناتوانین مێژووی زانستی ئارکەلۆژی یان مێژووی زانستی بۆبۆ بوونی ئاسیای ناوەڕاست ڕۆژهەڵاتی دوور و پشکۆتنەکانی گەلانی کۆنی نێوان دوو ڕووبار ئەوە دەزانین کە ژیریاری گریک چۆن پایەکانی خۆی لەسەر ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتی بوونیاد ناوە.
زەر جاردەزێنەوە شوێنەواریەکان لە ناوچەکەدا ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دامەزراندنی مێژووی زانستی ئاسیای ناوەڕاست و ئاسیای سەروو و ڕۆژهەڵاتی دوور. دەتوانین ئاماژە بۆ هەر قۆناغێکی مێژوویی بکەین.

ەمانی بانـدەکانیش دەنیشنەوە و سەرنجەکی کورت.. سەدیق سەعید ەواندزی

هیچ ژانرەکی ئەدەبی وەکو ەمان، پەیستی بە وردەکاریی لە چنینی ەوداوەکان و گەانەوە و وەسف نییە. بە جۆرەک کە ەمان، بە هونەری گەانەوە و وردەکارییەکان دەناسرێت. بە بەوای من، ەمانووس وەک ئەو ئەندازیارەیە، کە نەخشەی کارەکی ئەندازەیی ەک دادەڕێت و ئەگەر بچووکترین لایەنی ئەو نەخشە و ئەندازەسازییە لە بەرچاو نەگرێت، ئەوا ەنگە کارەکی هونەری سەرکەوتوو، نەخشەیەکی هونەریانەی جوان دەرنەچێت. ەمانیش بە هەمان شێوە، ئەگەر ەمانووس لە گەانەوەی ەوداوەکان و وەسف و نیشاندان و ناساندنی کارەکتەرەکان، بەو شێوەیە ورد نەبێت، بەگومان دەکەوێتە هەڵەی وەها کە خەشی درکی پێ ناکات. لە میانەی ئەزموونی خەم وەک خوێنەرەک و لە پەراوێزی خوێنەوەی ەمانەوە، گەیشتووەتە ئەو بەوایەی، کە زەربەی هەرە زەری ەمانووســـــــکانی ئەمە، لەو وردکارییە شارەزا نیین و دەکەونە هەڵەوە. بە جۆرەک وەسفی شتەک دەکەن، کەچی لە درێژەی ئەو وەسفەدا، بە ئەوەی هەستی پێ بکەن، دەکەونە هاودژییەوە. ەمانووسـکانی ئەمە، زەر جار(وەسف) کە توخمەکی سەرەکی و بنەەتی ژانری چیەک و ەمانە، وەک پێکهاتەیەکی هونەری و یەک وێنەیی دەبینن و ناچنە نەو ئەو وردەکارییەی کە دەبە لە نەو ئەو وەسفەدا هەبێت. بە نموونە: تە کە باسی وەرزی زستان دەکەیت، دەبە ئەوەت لە خیاڵ بێت، کە بەفر و باران و ەهەشە لە زستان هەن. کە باسی هەڵەی میکانیکی فەکەیەک دەکەیت کە بە ئاسمانەیە و دەفڕێت، دەبە باسی ئەوەش بکەیت، کە سەرنشینانی لە چ دەخەکی ترس و دڵەاوکێ و مەترسی ژیان دان لەو کاتەدا. ئەم جۆرە لە وەسفکردن زەر گرنگە، لە ژانری ەمان و چیەکدا. چونکە بە هەیەوە، گەانەوەی ەوداوەکان مەوداەکی تەر وەردگەرن و لە پەراوێزیشیەوە خوێنەر وردتر دەچێتە نەو بینای هونەری ەمانەکەوە. لەو ەوانگەیەوە، لە ەمانی (باڵندەکانیش دەنیشنەوە) جۆرەک لە پارادەکسی لە وەسفی ەوداو کارەکتەر و تیمەی ەمانەکە بە گشتی دەبینین. بە شێوەیەک کە ەمانووس لە یەک دەربەیندا، بە دوو جۆر وەسفی پێچەوانەوەی دژ بە یەکی شتەک دەکات.ئەم ەمانە، چیەکی پەناهەندەیی چەند کەسەک دەگەڕێتەوە، کە بە هەی شەڕ و نالەباری

ژیانیانەوە، هووە و ئەوروپا بە ڕەگەزپەرستی ناساغ و پڕ نەهامەتی کڕچ دەکەن و سەرەنجام لە کەمپێکی پەنابەراندا یەکدەگرنەوە. ئەوکەسانە، قوربانی شەڕ و نەهامەتییەکنی ژیانی نێو وڵاتکیانن و بەو خەونەوە دەچنە ئەوروپـــــــا، وەک ئەوەی لە دەزگەخەکەوە بچنە بەهەشتێک، کە چی کاتێ ئەو ژیانەی ئەوەش ئەزموون دەکەن، درک بەوە دەکەن کە ئەوروپاش ئەو بەهەشتە نییە، وەک ئەوەی خەیان وەنایان کردبوو، بەڵکو لەوەش وەک نامۆیەک دەبینرێن و لە بەریەکەوتن دان لەگەڵ ژیانە ئەوەش. لەڕەدا، بە کورتی ئاماژە بۆچەند توخمێکی بینای هونەری ڕۆمانەکە دەکەین.

گێڕانەوە:_

یەکێک لە خەوشکانی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە، کە کەی هووداوەکان لە سەریەک یەیتمی گێڕانەوە دەکەن. بە جۆرێک کە ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە، هەست بەوە دەکەین کە ئەوە ڕۆمانووسە دەدوێت و قسە دەکات، نەک کارەکتەرەکان. ئەگەرچی چەندین کارەکتەری جیاواز لە یەکتری، لە هووی سایکۆلۆژیی و پەروەردەیی هەن، بەڵام لە میانەی بینینی ڕووکانییان، وەک یەک دەدوێن و بیر دەکەنەوە، وەک ئەوەی هەموویان کەپی یەکتری بن. هەریەک لە (ئازاد، شەیما، ئامۆز، کەریم، مەریوان، فەرهاد، سامان، کامەران، ڕۆغدە) کارەکتەری ڕۆمانەکەن، بەڵام ئەگەر سەرنج لە زمانی ئاخاوتن و دوانییان بدەین، هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەین. تەنانەت ڕۆمانووس تێبینی شێوەزار و دیالکتیکی زمانەوانی کارەکتەرەکانیشی نەکردووە. بۆ نموونە: لە لاپەڕە (22) دا، کاتێ ئەفسەری لێکۆڵینەوە پرسیار لە (فەرهاد عامر) دەکات کە خۆکی (عەفرینە) و پێی دەڵێت پیشەت چییە؟ فەرهاد لە وەڵامدا دەڵێت:(ڕۆژنامەنووس بووم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژنامەیەکی ئۆپۆزسیۆن بوو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕۆژنامەکە ئێمە بڵاوی دەکردەوە و ڕۆژانە هەواڵی ئەو شوێنانەی دەگەیاند کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو

بـدەن. بـۆیـە زۆرگـرنگـە لـە میـانـەی گـەشـانـەوەی ڕووداوەکـدا، دەنگـی مـامـنووس نـەبـێتـە بگـرەوەی سـەرەکی، بـەڵکـو دەبـێ سەربەسـتی بـە کارەکتـەرەکان بدرێت، کـە خـۆیان بدوێن و هـەڵـکـۆیان وازی بکـەن.

وەسف:_

وەسف، یـەکـێکی دیکـەیـە لـەو توخمـە سـەرەکیـیانـەی لـە پـاڵ هـەگـزەکانی دیکـە، بـینـای هونـەری دەقی هـەمان پـێکدەهـێنن و هـەڵـکی سـەرەکی لـە میـانـەی گـەشـانـەوەی ڕووداوەکان دەبـینـێت. زۆر جار لـە هـەگـەی وەسفـەوە، دەچـینـە نـاو وردەکاریی ڕووداوەکان و کارەکتـەرەکان و دیمـەنـەکانـەوە. بـەڵام هـەر تـەنها وەسفکردنی شتـێک گرنگ نـیـیـە، لـەوە گرنگتر ئـەو وردەکـاریـیـە، کـە لـە وەسـفکردنـەکـەدا هـەیـە، بـە جـۆرێـک کـە ڕووکـەی لـۆژیکی و بـابـەتی هـەبـێت. وەسفـەکان، دەبـە لـەگـەڵ ژینگـەی دەوروبـەرو واقیعی ڕووداوەکان و هـەڵـەی کارەکتـەرەکان بگونجـێن. لـەو هـەمانـدا، لـە گـەڵـێک شـوێن، وەسـفی دژ بـەیـەکـی یـەک ڕووداو، یـان کـردار و هـەڵسوکـەوتـێک هـەن. بـە نموونـە:

- لا 27 نووسـیـویـەتی:_(پـەنجـەرەکـە لـە خـۆیـەوە شکـا نـازانم خـوتبووم لـە وادەی هـەڵسانم ئـەو شکابوو) هـەمانـنووس لـەڕدا، جـەناوی (ئـەو) کـە کـەسی سـێیـەمی تاکـە، بـە (جام) بـکار هـەناوە، ئایا ئـەمە وەسفـێکی گونجاو و بابـەتیـە؟
- لا 33 نووسـیـویـەتی:(هـەڵـەی هـەڵـە هـەڵـەی هـەڵـەی هـەڵـەی

سەردەمی بەعس زیندانی بووایە، وەک ئاوەی لە دەزخ بێت، ئیدی چۆن ئاوەندە ئاسوودە و بە خەم دەبێت، کەشی زیاد بکات؟

- لا 78 نووسیویەتی:_(خەی کوتایە ناو سەمونخانەیەک و گەرمای تەنووریکانی پێ گەیشت) لەرەدا، چونکە باسکە پێویستە بە وەسف لە زمانی کوردیدا، ئیدی دەبە لە سەر وردکاریەکان بوەستین. سەمون، بە تەنوور دروست ناکرێت ، بەشە سەمونخانە و نانواخانە، هەردووکیان لە زمانی کوردی بە کار دەن.
- لا 113 نووسیویەتی:(ئەگەر ئەم ئەرکانە بە ئەنجام گەیشتبان ئەوا ئەو ئەرکانە ئەگەر

□□□ □□□□□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□ □□□□□□□ □□□□ □□□□□□□□ □□ □□□□□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□ □□□□□□□ □□□□ □□□□□□□□ □□□
□□□□□□□□: (دوای سەرکەوتنی ئاسانسەرەکە، چونکە ئاسانسەر سەردەکەوێت و دادەبەزێت، پیاوەکان بە زمانە لووسەکانییان (چونکە کێ) پێشنیاری ئەوێیان بە کردن، کە سەرتا ئەوان بچنە نەو ئاسانسەرەکە).

- لا 49 نووسیویەتی:_(ئینجا دوا بە دوای ئاکشانی هەواڵە پەیستەکان لە شوفێرکانییان) سەرنج لە ستەکە لە ووی ئەزمانییەوە بدەن و شایەنی ئاماژە کردنە لە گاڵک شوێنی ئەمانەکە، کەموکورتی لە لایەنی ئەزمانی زمانی ئەمانەکە هەیە، بەڵام ئەمە تەنها ئەو نموونانەمان هێنایەوە.
دواجار دەموەت ئاماژە بۆ بدەم، کە لەم سااڵنەی دواییدا، دەیان چیەک و ئەمانی، نووسەرە ناودارەکانی کوردم خوێندوونەتەوە، بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆریان، هەڵەی سەیر و زۆق دەکەن و بە سەریان تە دەپەڕێت. نازانم ئەمە لە بە ئاگایە، یانیش پەڵەپەڵی چاپ و باوکردنەوەی ئەمان ؟
- پەراوێز: باسەندەکانیش دەنیشنەوە، ئەمان، نووسینی: بە یان سەلمان، باوکراوەی: نەوەندی ئەهەند _سلەمانی 2021
- ئەم بابەتە، لە ژمارە(279) ی گەڵاری ئامان، لە 5/10/2022 باوکراوەتەوە.

چەند تێزێک سەبارەت بە گرفتەکانی ئاخنەی مارکسیستیی.. نووسینی : ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لەناشارسکی

وەرگێڕانی بە ئینگلیزیی : ی گانوسکین

وەرگێرانی بۆ کوردیی : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

یەک

ئەدەبی ئەمڕۆ بە گرنگترین ساتەوەختی گەشەکردنی خۆیدا تێدەپەڕێ. ژیانێکی نوێ لە وشەکەمان بنیادنراوە و ئەدەبیش زیاتر و زیاتر دەسازێت کە چۆن ئەم ژیانە لەشێوە نادیار و ناجێگیرەکەی خۆیدا هەناسە هەڵدێژ بکات. بەپێی هەونیشەوە دەتوانێت ئاستەنگەکان لە بەرزترین ئاستی سیاسیدا بگوازێتەوە و بە تایبەتیش کاریگەری مارکس لەسەر سەرجەم پرسەی بنیادنانەکەدا دەبێت.

هەرچەندە لە وشەکەمان کەمترین جیاوازی لە نێوان تاک(ئیندیڤیجوال) ی چینەکانی هەیە بەڕاورد بە چینەکانی وشانی تر، بەڵام هێشتا مەحاڵە وا بیربکەینەوە کە بەتەواوەتی ناچیایەتییە. بەڵەبەرچاوگرتنی حەتمییەتی جیاوازی مێلەکانی نێوان ئەدەبی جووتیاری و ئەدەبی پرۆلیتاری لەم وشەدا؛ چەند هەگزێک هەیە کە هەوەستە کەنەکانی خۆیان پاراستووە، هەگزگڵەک کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناسازێت و وە ناشتوانێت لەگەڵ ئاراستە بنچینەییەکانی بیناکردنی سۆشیالیزم لەلایەن پرۆلیتاریاوە، هەبکات.

ململانێی نێوان کۆن و نوێ بەردەوامە. کاریگەری ئەورووپا ، ئابردووی ئەورووپا، پاشماوەی چینە حاکمەکان، بەرژوەزی نوێ کە گەشەی زیاتر لەژێر هەنماییە ئابووریەیە تازەکان دەکات، هەموو ئەمانە وا لە خۆیان دەکەن؛ هەستیان پێ بکەین. ئەمانە پەردەیان لەسووی نە تەنها تەنینەوەی میزاجی تاک و گروپ و خەڵک هەڵداوەتەوە، بەڵکو لە ئاوێتەبوونی هەموو ئەم جۆرانەوە هاتونەتە بوون. پێویستە بیرمان نەچێت بە لە بەرچاوگرتنی هەوتە بەرهەستکارە بەرژوازییەکان؛ ئاستەوخۆ و بەدەستی ئەنقەست، تووخمێکی تر هەیە هەنگۆ زۆر مەترسیدارتر بێت؛ کە بەزاندنی ئاسان نییە؛ ئەویش هەوەستی بەرژوازی بچووکە لەهەمبەر ژیانی هەژانەوە. ئەمش بەقووڵی شوناپێی خۆی لە هەوەستە هەژانییەکانی خودی پرۆلیتاریا و تەنانەت لای زۆربەی کەمینەستەکانیش دەکاتەوە. ئەمش دەرخەری ئەوەیە کە بەچی خەباتی چینایەتی هەر لەسەر شێوەی خەبات لەپێناو بنیادنانی شێوازی ژیانێکی نوێ کە نەک هەر تەنها هەگیری جێپەنجەی خواستە سۆشیالیستەکانی پرۆلیتاریا بێت، ئاناوەستێت، بەڵکو لەگەڵ دەستگرتن بە هێزی ئابردووی خۆی کە لەهەرکات زیاتر شکۆ و شێوەی

وردتر و قووەتر دەسپێنێت. ئەمە ئەو دەخڵیە کە وا دەکات چەکی هونەر؛ بەتایبەتی ئەدەب لەمەدا زۆر گرنگ بێت. هەورەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بنیادنانی ئەدەبێکی دوژمنکارانە؛ شانبەشانی ئەدەبی پرۆلیتاری و ئەدەبی خەباتگێڕیی. مەبەستم لەم دژە توخمە تەنها و تەنها دژە توخمە بە هۆشیاری، بەڵام لەوڵاشەوە دژە توخمی ناهۆشیاریشمان هەیە کە دژە لە نیگەتیڤیی و ڕەشبینیی و ئیندیڤیجوالیی و بەڵایەنیی و شەواندنەکانی خەیان.

دوو

لەگەڵ ئەو ڕەخنە بەرچاوەی کە ئەدەب لەژێر هەڵومەرجی لەم جارەدا دەیگرێت، ڕەخنەی مارکسیستی بەرپرسیارێتیکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان. ڕەخنەی مارکسیستی شانبەشانی ئەدەب کە ئێستا بگومان ئەرکێیەتی بەوپەڕی هێز و تواناوە بەشداری چێ و بەهێز لە پرۆسەی شکلگیری ئینسانی نوێ و شەوازی نوێی ژیاندا بکات.

سێ

ڕەخنەی مارکسیستی بە پلەی یەکەم بەوەدا لە هەموو جارەکانی تری ڕەخنەی ئەدەبی جیا دەکرێتەوە کە ناتوانێت سروشتی سەسیلەژی نەبێت – بگومان بە ڕەحی کەمەناسی زانستی مارکس و لینین. هەندێکجار جیاوازی لەنێوان ئەرکی ڕەخنەگری ئەدەبیی و ئەرکی مێژوونووسی ئەدەبی دەکرێت. ئەم جیاوازیکردنە پشت بە شیکردنەوەکانی ئابردوو و ئێستادا نابەستێت، ئەوەندەی کە مێژوونووسی ئەدەبی هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی بابەتییانەی بنەماکانی کارکردن و جۆشوخێنی لە ئایدیای کەمەایەتی و کاریگەری بەسەر ژیانی کەمەایەتییەوە. لەکاتێکدا بنەسبەت ڕەخنەگری ئەدەبییەوە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی کارەکە؛ لەڕوانگەی دەستکەوت و هەڵە تاسەر شکێیی و کەمەایەتییەکان.

بە ڕەخنەگری مارکسیستی ئەم جیاوازیکردنە دەبێتە هەی لەدەستدانی نزیکەی هەموو سەناحییەتەکانی. هەرچەندە ڕەخنە بەمانای وردی وشەکە دەبێت وەک پێویستییەک بەشێک بێت لەکاری ڕەخنەی مارکسیستی و دەبێت لەکدانەوەی کەمەایەتی توخمێکی بنچینەیی گرنگی ئەو ڕەخنەیە بێت.

چوار

ئەی ڕەخنەگری مارکسیستی چۆن شیکردنەوە کەمەناسییەکی بۆ ئەنجام دەگەنێت؟ مارکسیزم پێیوایە کە ژیانی کەمەایەتی وەک هەر بەشە

جواداکانی ئەندامەکی ئەرگانیکیی پشت بەیەکتر دەبەستن. لەرەو یاریەکان ھەی یەکلاکەرەو دەگەن لە خیلال پەیوەندیە ئابووریە زەر سروشت و مادیەکاندا و لەپەش ھەموشیانەو شوازکانی کارکردن. بە نموونە لەشیکردنەوەی گشتی سەردەمکی دیاریکراودا، پەویستە ڕەخنەگری مارکسیستی تێبکۆشت تا وێنەیکی تەواوی گۆشەی کەمایەتی ئەو سەردەمە نیشان بدات. کاتک کە گفتوگۆی نووسەرک یان کارەکی ئەدەبی دەکرت ھیچ پەویست ناکات ھەلومەرجی بنەرەتی ئابووری شیبکرتەوە. لەبەرئەوەی بەچوونی ھەمیشە سوودبەخش کە دەتوانین بە بەچوونی پلیخانەف ناوزەدی بکەین بەھەزکی تایبەتەوە دەتە پشەوە. کەدەت کارە ھونەریەکان زەر بەکەمیی بشەویەکی ئاستەوخۆ پشت بە شوازکانی بەرھەمھێنان لە کەمەگەیەکی دیاریکراودا دەبەستن. ئەوان لە خیلالی ئایدە نەوەندگیرەکانی وەکو سەرخانە چینایەتییەکان و سایکۆلۆژیای چینایەتی کۆلەئەنجامی بەرژەوەندیە چینایەتییەکان پکدەن، پشتیان پدەبەستن. ھەر کارەکی ئەدەبی ھەمیشە ، ھەشیارانە یان ناھەشیارانە، ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژیای چینایەتییە کە نووسەرکە نوێنەرایەتی دەکات ، ئەگەر نا وەک زەربەیجار ووەدات ڕەنگدانەوەی تەکنیکەکە لەو توخمانەی کە کاریگەری چینە جیاوازەکان لەسەر نووسەر نیشان دەدەن. ئەمش دەبەت بخرتە ژەر شیکردنەوەیکی ورد.

پێنج

لەھەر ئیشیکی ھونەریدا، بەشەویکی بنچینەیی پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای ئەم یان ئەو چین، ئەم یان ئەو کە و کەمەی کەمایەتی فراوان لەگەی ناوەکەوە دیاری دەکرت. ئەدەب، ھونەری وشە، ھونەری نزیک لە فیکر، لەشەوەکانی تری ھونەر زیاتر بەوە جیا دەکرتەوە کە بەبەراورد بە شەو، بایەخکی زەر بە ناوەکی دەکات. لە ئەدەبدا بەشەویکی تایبەت ئەوە ووەن کە ئەوە ناوەکی ھونەریە کە بیروا و ھەستکان لەشەوی وێنە یان پەیوەند بە وێنەوە؛ وەک توخمکی یەکلاکەرەوەیە لەسەرجەم کارەکە، فە دەداتە دەرەوە. ناوەکی ھەوە دەدات لەخودی خیدا شەویکی دیاریکراو بەدی بھێنت. دەتوانین بێین لە یەک شەوی نموونەیی زیاتر بووەی نیە کە لەگە ناوەکەکی دیاریکراودا بگونجت. نووسەر دەتوانت بەک زیاتر یان کەمتر بە بیروباوە و ووداو ئەو ھەستانەی کەجەی بایەخین، شەوازی گوزارشتکردن بدزتەوە کە زەرترین بە لە ەوونی و بەھێزترین کاریگەری لای ئەو خوێنەرانەی کە بەرھەمکیان لەپێناودا نووسراوە، جبەت.

بەم شێوەیە لێخنگری مارکسیستی بابەتی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کارەکە و ئەو کرێکە کۆمەڵایەتییەی کە بەرجەستەی دەکاتەوە، بەپلەی یەکەم وەردەگرێت. پەیوەندی لێخنگری مارکسیستی لەگەڵ ئەم یان ئەو کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە و ئەو کاریگەرییەی کاری ئەدەبی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەیەتی، دیاردەکات. دوای ئەوە بەشێوەیەکی بنچینەیی دەچێتە سەر شێوە لەگەڵشنیگای شیکردنەوەی چنیەتی جەبەجەکردنی ئەم نموونانە لەپێناو ئامانجەکانی دەق. ئەمەش بەو مانایەیە کە تەدەکەشێت تا کارەکەی بەپێی توانا گوزارشتکەر و جێی باوەڕ بێت.

شەش

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵە ئەرکی تایبەتی شیکردنەوەی شێوازی ئەدەبییەکان، فەرامەش بکرێت و لێخنگری مارکسیستیش نابێت چاوپێشی لەم مەسەلەیە بکات. لەواقیعدا، شێوەی هەر کارێکی ئەدەبی هەر بە ناوەڕۆکەکەی دیاری ناکرێت، بەڵکوو کۆمەڵە توخمی تر هەن کە ناکرێت لێیان لەبەرچاو نەگیرێن. پرسە یان کرداری بیرکردنەوە و گفتوگۆی سایکۆلۆژی کە مرۆڤ دەتوانێت ناوی بنێت شێوازی ژیانی چینێکی دیاریکراو (یان کۆمەڵەی چینایەتی کە کاریگەری بەسەر دەقەکەوە هەیە)، ئاستی گشتی هۆشیاری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و کاریگەری دۆروبەر و بەتاقەتبوون بە ئابردوو و هەوەدان بە نوێبوونەوە، کە دەشێت لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەربکەون، هەموو ئەمانە دەتوانن کاریگەری لەسەر شێوە دابنێن و دەکرێت وەکو هەکاری یارمەتیدەری دیاریکردنی شێوە لەبەرچاو بگیرێن. زۆربەیجار شێوە بە تەنها کارەکەوە پەیوەست نییە، بەڵکوو بە قوتابخانەیەکی تەواو یان سەردەمێکی تەواوەوە پەیوەستە. لەوانەشە ببێتە هۆزێک زیان بە ناوەڕۆک و ئەوەی دۆزی دەستەوە، بگەنێت. هەندێکجار دەکرێت لەناوەڕۆک جیا بکرێتەوە و ئەوکات سروشتێکی گۆشەگیر و بزۆو وەردەگرێت. ئەمەش کاتێک ڕوو دەدات کە کارە ئەدەبییەکان گوزارشت بن لەو تەوانینە چینایەتییەی کە خاوەن لە ناوەڕۆک و سە لە ژیانی واقیعی دەکەنەوە و سروشتێکی خۆبەدەستەوەبەدەر و گۆشەگیریان هەیە. بەپێچەوانەی سروشتی ئاسانخوازی و بەهودەیی، هەموو ئەم توخمانە پێویستە بەشێک بن لە لێکدانەوەی مارکسیستی. وەک خوێنەر دەبینێت کە ئەم توخمە شێوەخوازانە کە بەرهەنگاری شێوازی ڕاستەوخۆیی لەهەر شاکارێکی هونەری دەکەن، بەتەواوەتی شێوە لەڕەگی ناوەڕۆکەوە دیاری دەکەن. هەورەها هەر کارێکی ئەدەبیش دەیەوێت ببێتە شاکار بەهەر حاڵێک دابڕاو نییە لە ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەمانە بەشێوەی

خەیان دەبێت کۆمەڵایەتییانە شی بکرێنەوە.

حەوت

ئەمە تا ئێستا سەرنجی خەمان بۆشۆیەکی بنەڕەتی لە بواری ڕۆخنەی مارکسیستی وەک ئەرکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، قەتیس کردووە. ڕۆخنەگری مارکسیستی لێرەدا وەکو زانا و لێکۆڵەرەوەیەکی کۆمەڵناسی بەدیار دەکەوێت، کە زۆر بە وردی میتۆدی شیکردنەوەی مارکسیستی لە بواڕکی دیاریکراودا (واتە ئەدەب) پیادە دەکات. دامەزرێنەری ڕۆخنەی مارکسیستی بلیخانۆف؛ بەتوندی پەداگری لەسەر ئەوە دەکات و دەڵێت ئەمە ئەو ڕۆڵە ئاستەقینەیە کە ڕۆخنەگری مارکسیستی دەبێت پێی هەبسێت. بلیخانۆف جەغد دەکاتەوە و دەڵێت مارکسیستێک بەوەدا لە ڕۆشنگەر جیا دەکرێتەوە کە ئامانج و داواکاری تایبەت بە ئەدەب دیاری دەکات، بەڵام ڕۆشنگەر لەگۆشەنیگای ئایدیایەکی تایبەتەوە حوکمی بەسەردا دەدات، ڕۆخنەگری مارکسیستی هەکارە سروشتییەکانی دەرکەوتنی ئەم یان ئەو کاری ئەدەبی ڕوون دەکاتەوە.

لەبەرئەنگاربوونەوەی میتۆدی بابەتییانە و زانستییانەی مارکسیستی بە ڕۆخنەگرتن لە خودگەرایی کۆن و میتۆدی هەڵگەڕاوەی ئیستاتیکا و چێژ، پلیخانۆف نەک هەر لەسەر هەق بوو، بەڵکوو گەلێ کاری ئەنجامدا لەپیناو دەزیندەوەی ڕاستەقینەی داهاتووی ڕۆخنەی مارکسیستی و هەنگاوەکانی ئەو ڕۆخنەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بەهیچ شێوەیەک بیر لە تایبەتمەندییەکانی پرۆلیتاریا بکرێتەوە وەک تەنها دیاریکردن و لێکدانەوەی کۆمەڵە زانیاری دەرکیی چاوی لێبکەین. مارکسیزم هەر بەتەنها تێزکی سادەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو بەرنامەیەکی چالاکە بۆ بنیادنان، بنیادنانکی لێوجەرە بۆ بەهەڵسەنگاندنکی بابەتییانەی ڕاستییەکان بیری لێناکرێتەوە. ئەگەر مارکسیستێک نەتوانێت بە شێوەیکی بابەتیانە هەست بە پێوەندییەکانی نێوان ئەو دیاردانە بکات کە دەوری دەدەن، ئەوا وەک مارکسیستێک تەواو بووە. بەڵام لە مارکسیستکی ڕاستەقینە و گشتگیرەوە ئەمە داوای زیاتریش دەکەین ئەویش کاریگەری دانانە لەسەر ئەم ژینگەیە. ڕۆخنەگری مارکسیستی زانای فەلەکناسی ئەدەبی نییە تا یاساکانی جووڵانەوەی حەتمی تەنی ئەدەبی لە گەورەوە تا زۆر بچووک شیبکاتەوە، ئەو زۆر لەوە زیاترە. ئەو جەنگاوەر و بنیادنەرە. ئەمەش بەو مانایەیە کە پێویستە هەکاری هەڵسەنگاندن لە ڕۆخنەی مارکسیستی هاوچەرخ بە گرنگ و پێبایخ بزانین.

هەشت

ئەی ئەو پەوڕانە چین کە دەبێت هەڵسەنگاندنی کاری ئەدەبی لەسەر بنیادبنرێت؟ با پێش هەموو شتێک لە هاوکێشەکەوە لەم بابەتە نزیک ببینەوە. لێرەدا بەگشتی هەموو شتێک هاوون. پەیوەندییەکە لێرە هەمان پەیوەری ئەخلاقی پرۆلیتاریای لەدایکبووە. هەموشتێک کە یارمەتیدەر بێت بۆ گەشە و سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بدات باشە و ئاوەشی زیانی پێبگەیەنێت، خراپە. ڕەخنەگری مارکسیست دەبێت هاوڕا بدات لەوتەی کەمەڵایەتی بنەڕەتی لە بارهەمێکی دیاریکراودا بدەزێنێتەوە؛ دەبێت بزانێت بارەو کوڵ دەڕوات، ئایا ئەم پرسیارە ئارەزووماندانەیان نا. وە دەبێت هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر ئەم بیرەکە بنەڕەتی و کەمەڵایەتی و دینامیکییە بنیات بنێت. تەنانەت لەبواری هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کەمەڵایەتی هەر کارێکی ئەدەبیی هەموو شتێک لە سادەخوازییەوە دوورە. ڕەخنەگری مارکسیستی دەبێت زۆر زیرەک و هەستیار بێت، ئەمەش بە تەنها بەمانای مەشق یان ڕاهێنانی مارکسیستی نییە، بەڵکو دەبێت کەمەڵە بەهرەی تیا بێت، کە بەبێ ئەم بەهرانە ناکرێت هیچ ڕەخنەیەک بوونی هەبێت. لەحاڵەتی کارێکی ئەدەبی بەڕاستی مەزندا گەلە لایەنی جیاجیا هەیە کە دەبێت هەڵبسەنگێنرێن. لەم حاڵەتەدا زۆر زەحمەتە هیچ تەرازوو و پێوانەیەک بەکار بهێنرێت. ئەوەی لێرە بەدواوەین پەی دەوترێت هەستیاری کەمەڵایەتی، ئەگەرنا بەگومان هەڵە ووددات. لەسەر ڕەخنەگری مارکسیستییە کە نابێت تەنها دڵی بۆ کارانە خۆش بێت کەباس لە گرفتەکانی ساتەوەختیی دەکەن، بەبێ ئەوەی ئینکاری گرنگی تایبەتی کێشەکانی ئێستا بکەین، بە تەواوی مەحاڵە گرنگییەکی گەورەی ئەو پرسانە پشتگوێ بخەین کە لە یەکەم بینیندا زۆر گشتی و دوور دەردەکەون بەڵام لە ڕاستیدا لە وردبوونەوە لێیان کاریگەرییان لەسەر ژیانی کەمەڵایەتی هەیە.

لێرەدا هەمان دیاردەمان لەبەردەستدایە کە لە زانستدا هەیە. خواستی ئەوەی کە زانست بە تەواوەتی دەستبەرداری ئەرکە پراکتیکییەکان بێت، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەبستراکترین کێشە زانستییەکان لەکاتی شیکارکردنیاندا ڕەنگە هەندێکجار ببنە هۆی زۆرترین گرفت و ئاریشە. ئینجا لەگەڵ ئەوشدا، کاتێک نووسەرێک یان شاعیرێک پێناوەتە بەر شیکاری ئەرکە گشتییەکان، ئەگەر نووسەرێک پرۆلیتاریی بێت هاوە دەدات بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پرۆلیتاریانە پێناوە بنەما ڕەشنبیرییەکان ببات، کە ڕەنگە زۆر بە ئاسانی ڕەخنەگر تووشی

سەرلەشێوان بکات. ئامێزی یەکەم : چونکە لەم حاڵەتانەدا هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەقینەمان نییە. دووەم : ڕەنگە گریمانەکان لەڕادا بەهایەکیان هەبێت؛ بەرترین گریمانەکان لەبەرئاوەی بایەخ بە شیکاری کەتایی کێشەکان نادات، بەڵکو کێشەکان دەخاتە بەرچاو و شیدکاتەوە. لەگەڵ ئەمشدا هەموو ئەمانە تا ئاستێک ئاماژە بەو کارە ئەدەبییانە دەدەن کە بایەخی تەواو بابەتییانەیان هەیە. ئەو نووسەرەی کە لە کارەکانیدا خاڵەکانی بەرنامەی ئەمە ڕوون دەکاتەوە و گۆشەی پێدەدات، ئەوە بەکردەوە هونەرمەندێکی خراپە. نووسەر کاتێک بەهادارە کە زەوییەکی دەستەنەدراو بکەێت و بێشەوەیەکی هەستیارانە بوارێک بدەزێتەوە کە زەحمەت بێت بە لەژیک و ئامار بتوانن بچنە ناوییەوە. بەیاردان لەسەر نووسەر لەسەر هەقە یان نا، یان بە ڕەگەیەکی دروست؛ ڕاستی و خواستە بنچینەییەکانی کەمەنیزم پێکەوە کەدەکاتەوە کارێکی هەروا ئاسان نییە لەوانەیە نەتگەنەتە بەیارێکی دروست تەنها لەحاڵەتی بەریەککەوتنی بیروباوەڕی خوێنەر و ڕەخنەگر نەبێت. بەڵام هەموو ئەمانە کاری ڕەخنەگر بەبایەخ و ناپەویست ناکەن.

فاکتەرێکی زەر گرنگ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کەمەایەتی کارە ئەدەبییەکان ئەوەیە کە بەپێی حوکمی دووەم لەسەر کارەکە؛ دەبێت قەزاوەت بکرێت. ئامێزی لە هەنگاوی یەکەمدا پێدەچوو کە سەر بە کەمەڕە دیاردەی نامە بێت و هەندەکجاریش دژ بە خەمان بێت. وە لەڕاستیدا زەریش گرنگە هەڵوەستی دووژمنانی بناسین و سوود لە قسەی ئەو گەواهیدەرانە وەربگرین کە پاشخانیان لە پاشخانی ئەموە جیاوازە. ئەمانە ڕەنگە زەربەی کات بمانگەڕێننە ئەنجامگەلێکی قووڵ. لەهەرحاڵەتێکدا دەبێتە هەی دەڵەمەندبوونی زیاتری مەعریفەی کەکەکراومان دەربارەی دیاردەکانی ژیان. ڕەخنەگری مارکسیستی کە دەڵێت ئەو نووسەرەیان ئەو بەرهەمە ئاوا و ئاوایە، بە نموونە بێت ئەوە دیاردەی وردەبەرژوازییە و ڕەخنەگر نابێت هەرگیز ئەو کارەیان ئەو نووسەرە بە جووڵەیەکی دەستی ڕەت بکاتەوە. دەشێت لەزەربەی کاتدا سوودێکی زەری لەبەبینرێت. لەبەر ئەم هەیە، هەڵسەنگاندنی دووەم لەدیدگایەکەوە بێت کە نە لە دیدگای ئەسە و ستایشی کارێکی تایبەتەوە ، بەڵکوو لە ئەگەری بەکارهێنانی هەوڵە بنیادنەرەکانماندا بێت کە ڕەنگە ئەرکێکی ڕاستەوخۆی ڕەخنەگری مارکسیستی بێت.

من دەمەوێت پێ بە پێستی ئەم کارە بەم، دیاردە نامە و دووژمناکارەکانی دەقی ئەدەبی تەنانەت ئەگەر بەو مانایەی سەرەوەش

هەندێک سوودیان هەبێت، بەگومان دەتوانن لەڕادەبەدەر زیانبەخش و ژەهراوی بن و دەرکەوتنی مەترسیدارانەی پەوپاگەندەی دژە شۆڕش بن. ئەمەش بە هیچ وتنێک سەردەکەشێت بە دەرکەوتنی نەخنەی مارکسیستی؛ بەڵکوو بە دەرکەوتنی سانسۆری مارکسیستی.

نە

ئەرکی ڕەخنەگری مارکسیستی لەوانەیە زۆر ئاڵۆزتر بێت کاتێ لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکەوە بۆڕوو هەڵسەنگاندنی شێوە وەردەچەرخێ. ئەم ئەرکە زۆر گرنگ و پلیخانۆفیش جەغدی لەسەر گرنگییەکەی کردەتەوە. کەوابوو لێرەدا پەیوەری گشتی بە هەڵسەنگاندن چییە؟ پەیوەستە شێوە تا دەکرێت لەگەڵ ناوەڕۆکدا بگونجێت. ئەمەش زۆرترین توانای گوزارشتکردنی پەدەبەخشێت و زۆرترین دەنیایییش دەدات لەسەر ئەو خوێنەرانەی کە دەقەکەیان لەپێناودا نووسراوە. وە لەسەرووی هەموو شتەکیشەوە، پەیوەستە ئاماژە بەو پەیوەرە فەرمی و زۆر گرنگە بدرێت کە پلیخانۆفیش لێرەدا بانگەشەی بۆ دەکا. ئەدەب هونەری وێنەکانە و هەر دەستدرێژییەک دژ بە ئایدیا پێتییەکان و پروپاگەندە؛ هەمیشە زیان بە بەرهەمەکە دەگەیەنێت. ئاشکرایە کە ئەم پەیوەرەی پلیخانۆف هەڵها نییە. بە نموونە بەرهەمی نایابی سالتیکۆف-شچەدرین، ئوسپێنسکی و فورمانۆف هەن، کە بە هیچ وەنی لە بەرامبەر ئەم پەیوەردا خۆتا دەکەن و ئەمەش بەو مانایەیە کە کارە ئەدەبییە تێکهەڵشێلدراوەکان کە وتارە ڕەخنەییەکان لەگەڵ بیری جادان تێکەڵ دەکەن، ئەدەب و ڕای گشتی پێکەوە کە دەکەنەوە، دەکرێت لە مافی گشتی خیاندا بوونیان هەبێت. بەڵام بەگشتی مرۆڤ دەبێ خەی لەم شتانە بەدوور بگرێت. بەگومان ئەدەبی کاروباری گشتی یان(جادان) کە لە فەرمدا دروشاوەیە، جۆرێکی نایابی پەوپاگەندەی ئەدەبییە بە فراوانترین مانا وشەکە، بەڵام بە پێچەوانەوە، وتارە ڕەخنەییە هونەرییەکان کە بارگاوی بوون بە توخمە تەنیا جاردانەکان، خوێنەر بە ساردیی دەهێنەوە، هەرچەندە ئارگیومێنتەکانیشیان دروشاوە بن. ئەمەش بەم مانایەیە کە ڕەخنەگر هەموو مافێکی هەیە باس لە ناتەواوی هەرسکردنی ناوەڕۆکەکە لەلایەن نووسەرەوە بکات ئەگەر ئەم ناوەڕۆکە لەبری ئەوەی بە ئازادی لە بەرهەمی هونەریدا لە وێنەی کانزای تەواوی دروشاوەدا بژێت، لەدەرەوەی ئەم ڕەخنەوەدا پرشنگدار و گشاوە دەمێنێتەوە.

پەیوەرە تایبەتەکەی دووەم کە لە پەیوەرە گشتییەکەوە سەرچاوە دەگرێت وەک لە سەرەوە پێناسە کراوە، پێیوەندی بە ڕەسەنایەتی فەرمەکەوە هەیە. ئەم ڕەسەنایەتییە دەبێ لە چی پێک بێت؟ ڕەک لەم

بابەتدا: جەستەی فەرمی بەرهەمێکی دیاریکراو دەبێ لەگەڵ بیرکەرەکیدا، لەگەڵ ناوەرۆکێکدا تێکەڵ بێ یەک کەی دابڕشنکراو بێت. بگومان کارێکی هونەری ئاستەقینە دەبێ لە ناوەرۆکدا نوێ بێت. ئەگەر ناوەرۆکەکە تازە نەبێت، بەرهەمەکە بەهایەکی کەمی هەیە. ئەمەش ئاشکرایە. هونەرمەند پێویستە شتێک دەربڕێت کە پێشتر دەرنەبڕاوە. دووبارە؛ بەرهەمهێنانەوە هونەر نییە (هەندێک لە نیگارکێشان بە زەحمەت دەتوانن لەم بابەتە تێبگەن) بەڵکو تەنها پیشەیەکی دەستییە، هەرچەندە هەندێک جار زۆر وردە. لەم ڕوانگەیەوە ناوەرۆکی نوێ لە هەموو بەرهەمێکی نوێدا داوای فۆرمی نوێ دەکات.

دەتوانین ئەم ڕەسەنایەتییە ئاستەقینەیەی فۆرم لەگەڵ چیدا بڕاورد بکەین؟ لە پلەی یەکەمدا فۆرمی کۆنەپەرستانە هەیە کە ڕێگری دەکات لە بڕاستی جێگیرکردنی بیرکەیەکی نوێ لە کارەکەدا. نووسەر دەتوانێت بە فۆرمگەلێکی پێشتر بکارهێنراو سەرسام بێت و هەرچەندە ناوەرۆکەکەی نوێیە، بەڵام دەژێتە ناو کووندەی شڕابی کۆنەوە. ناتوانایەکانی ئەم جۆرە ناتوانرێت سەرنجیان ڕادەرێت. لە پلەی دووەمدا، ڕێنگە فۆرمەکە بوونەوەرێکی سادەییەوە لاواز بێت، بە نموونە بە نیشانەکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە، ڕێنگە نووسەر خاوەنی وشەسازی، بنیاتنانی دەستواژەکە، تەواوی چیرۆک، بابەت، ڕەمان، شانامە و هتد نەبێت؛ و بە مانای ڕیتم و جۆرەکانی تری شیعر. هەموو ئەمانە دەبێت لەلایەن ڕێخنەگری مارکسیستەوە ئاماژەیان پێبدرێت. ڕێخنەگری مارکسیستی ئاستەقینە – جۆرێکی یەکپارچە، دەتوانین بڵێین ڕێخنەگرێکی لەو جۆرە – دەبێ مامەستا بێت، بە تایبەت مامەستای نووسەرانی گەنج یان تازە دەستپێکردووان بێت.

لە کۆتاییدا، سێیەم گوناهی سەرەکی دژی یاسا تایبەتەکەی سەروە بە ڕەسەنایەتی فۆرم، "زیادە ڕەسەنایەتی" فۆرمە، کە تێیدا بەتاڵی ناوەرۆک بە داهێنان و ئازاندنەوەی فۆرمی دەشارێتەوە. ئەو نووسەرانەی کە لەلایەن فۆرمالیستەکانەوە تووشی بوون، ئەو نوێنەرە تایبەتانەی دامانی بەرژوازی، بەو شێوەیە ناسراون کە هەوڵدەدەن ناوەرۆکی ئاستگەل و قورسیان بە فۆرمی جۆراوجۆر بڕازێننەوە، بەمەش کارەکانیان تێکدەدەن.

هەروەها مرۆڤ دەبێ بە وریاییەوە لە پێوەری سێیەمی سروشتەکی فۆرمالی – گشتگیربوونی کارەکە – نزیک بێتەوە. تێلستۆی بە ئەزمەوە قسەی لەسەر ئەمە دەکرد. ئەمە کە لەڕادەبەدەر ئارەزووی دروستکردنی ئەدەبێکین کە ئاراستەی جەماوەر بکرێت، و بانگەوازیان بە بکەین سەبارەت بە خولقێنەرانی سەرەکی ژیان، هەروەها گرنگی بەم

گشتگیرییەشمان هەیە. هەموو شۆڕشکانی خەباتدووەگرتن، لە گۆشەگیری، هەموو شۆڕشکانی مەبەست لەسی بازنەیەکی بچووکی جوانیناسە تایبەتمەندەکان، هەموو ڕێکخوتن و وردبینییەکی هونەری دەبە لەلایەن ڕێخنەی مارکسیستەوە ڕەت بکرێنەوە. ڕێخنەی مارکسیستی نەک هەر دەتوانێت، بەڵکو دەبێت لە ڕابردوو و ئێستادا ئاماژە بە شایستەییەکانی ناوەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە بکات، لە هەمان کاتدا چوارچێوەی عەقڵی ئەو هونەرمەندەش شەرمەزار بکات کە هەوڵدەدات بەو جۆرە میتۆدە فەرماڵییانە خەی لە واقیع دابڕێت.

بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەگەڵ پەوەرەکانی گشتگیریدا بکرێت. لە چاپەمەنییەکانی ئەمدا، لە ئەدەبیاتی پەوپاگەندەخوازی خەماندا، لە کتێب و گۆڤار و توێژینەوە زۆر ئاڕاستەکانەوە داوای زیرەکییەکی بەرچاو لە سەرتاییترین ئاستی جەماوەری خوێنەر دەکەن. بە هەمان شێوە ناتوانن هەموو ئەدەبیاتەکانمان بگەیەننە ئاستی جەماوەری جووتیاری کەم فەرهەنگ یان تەنانەت کرێکاران. ئەمەش هەڵەیەکی زۆر کوشندەیە.

نووسەری شکەدار دەتوانێت بە سادەییەکی هونەریی؛ هێندە بەهێز گوزارشت لە بیرکەیەکی کەمەایەتی ئاڕاستەز و بەرنخ بکات کە بگاتە دڵی ملیۆنان کەس. هەروەها نووسەری شکەدار دەتوانێت بە ناوەڕۆکێکی بەراوردکاری سادە و سەرەتایی بگاتە دڵی ئەم ملیۆنان کەسە؛ ڕێخنەگری مارکسیست دەبە بەهایەکی زۆر بە نووسەرگەلی لەو شێوەیە بدات. لەڕەدا سەرنجی تایبەتی ڕێخنەگری مارکسیست و یارمەتی ژیرانەش پێویستە. بەڵام بەگومان نابێت ئینکاری بەهای ئەو بەرهەمانە بکات کە بە هەموو کەسێکی خوێندەوار بە ئادەیەکی پێویست؛ تێگەیشتنیان ئاسان نییە، کە ئاراستەی چینی سەرەوەی پرۆلیتاریا، ئەندامە ئاڕاستەکانی حیزب، ئەو خوێنەرەی کە گەیشتووەتە ئاستێکی بەرچاو لەفەرهەنگ؛ دەکرێت . ژیان چەندین کێشەی گەرموگوڕ دەخاتە بەردەم ئەم حیزبی ئەو خەڵکەی کە ڕەخنەکی بەئەندازە گرنگ دەگەڕێت لە بنیاتنانی سۆسیالیزمدا؛ وە بەگومان نابێت ئەم کێشانە بەبە وەڵامکی هونەری بەمننەوە تەنها لەبەر ئەوەی هێشتا ووبەووی جەماوەری بەرفراوان نەبوونەتەوە یان لەبەر ئەوەی هێشتا ناتوانرێت بە فەرمی گشتگیر کاریان لەسەر بکرێت. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەمە زۆر بە پێچەوانەوە ڕێیشتین، نووسەرانمان سەرنجیان لەسەر ئەرکەکی ئاسانتر چەکردووەتەوە – نووسین، بە بازنەیەکی فەرهەنگی لە خوێنەران لە کاتێکدا دووبارەی دەکەمەوە، ئەدەب بە باشبوونی ژیانی کرێکاران و

جووتیاران، بۆ مەرجێک ئەدەبێکی بەتوانا و سەرکەوتوو بێت، دەبێ بە تایبەتی بەهایان پێ بدرێت.

دە

وەک پێشتر وتمان ڕەخنەگری مارکسیستیش تا ڕادەیەکی بەرچاو مامەستایە. ڕەخنەگرتن بەمانایە مەگەر ڕەخنەکە هەندێک چاکە، جارێک لە پێشکەوتن بەرهەم بهێنێت. وە دەبێت ئەم پێشکەوتنە چی بێت؟ یەکەم: ڕەخنەگری مارکسیستی دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ نووسەردا مامەستا بێت. تەواو ئاگاری ئەوە هەیە کە دەنگی تووڕە لەم بارەیەوە بەرز بکرێتەوە و بڵێت کەس مافی بە ڕەخنەگر نەداوە کە خۆی لە نووسەر بە باڵاتر بزانێت و هتد. کاتێک پرسیارەکە بە دروستی دادەڕێژرێت، ئەم جۆرە ناڕەزایەتیانە بە تەواوی بەبەها دەبن. یەکەم: بە سەرنجدان بەوەی کە ڕەخنەگری مارکسیست دەبێ مامەستای نووسەران بێت، ئەوە بەدوای خۆیدا دەنێت کە دەبێ مارکسیستێکی لەڕادەبەدەر خاوەن ئیرادە بێت، کەسێکی زانا و سەلیقەی بە ئیدانە بێت. دەوترێت ئەمە ڕەخنەگرێکی لەو جۆرەمان نییە یان تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت. لە حاڵەتی یەکەمدا نەیارەکانمان هەڕەشن؛ لە دووەمدا لە ڕاستییەکان نزیکتر دەبنەوە. بەڵام تەنها یەک دەرەنجام هەیە کە لەمەوە دەربهێنرێت؛ ئەویش ئەوەیە : پێویستە فەر بین. لە نیشتمانە گەورەکەماندا نیازپاکی و بەهرە کەم نابێتەوە، بەڵام فەربوونێکی زۆر سەخت هەیە کە دەبێ ئەنجام بدرێت. دووەم: بەگومان ڕەخنەگر نەك هەر نووسەر فەر دەکات بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك خۆی بە باڵاتر بزانێت، بەڵکو زۆر شتیش لە نووسەرەوە فەر دەبێت. باشترین ڕەخنەگر ئەو کەسەیە کە بتوانێت بە سەرسامی و جۆش و خرۆشەوە لە نووسەر بڕوانێت و لەهەر ئاستێکدا نیازی باشی هەبێت بۆرامبەری. ڕەخنەگری مارکسیستی دەتوانێت و دەبێ لە دوو ڕووەوە مامەستا بێت بە نووسەر: یەکەم: دەبێت ئاماژە بە نووسەرە گەنجەکان بکات – و بە گشتی بە ئەو نووسەرانەی کە توانای ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر هەڕەی فەرمییان هەیە – هەڕەکانی ناو بەرهەمەکانیان. جاران بە شێوەیەکی بەرفراوان دەگوترا کە ئەمە پێویستمان بە هیچ (بڵینسکی)یەک نییە، چونکە نووسەرانمان چیتر پێویستیان بە ڕێنمایی نییە. ڕەنگە ئەمە پێش شەڕەش ڕاست بووبێت، بەڵام دوای شەڕەش بە سادەیی دەبێتە شتێکی پێکەنیناوی، کاتێک جەماوەر سەدان و هەزاران نووسەری نوێ دەنێتە دەرەوە. ڕەخنەیەکی پتەوی ڕێنماییکەر، بڵینسکی هەموو عەیارەکان، ئەو کەسە بە وێژدانەی کە زانیارییەکی باشی لەسەر پیشە ئەدەبییەکەی هەیە –

هەموو ئەمانە بۆ تەواوی جۆهەرین.

لە بەرامبەردا ڕەخنەی مارکسیست دەبێ بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی ماملەستا بێت بە نووسەر. نەک هەر نووسەری غەیرە پرۆلیتاریا کە زۆرجار تەنیا مندااڵکە لە هەوڵەستە کۆمەڵایەتییەکانیدا، کەکاوکرچترین هەڵە ئەنجام دەدات لە ئەنجامی بیرکە سەرتاپێکانی سەبارەت بە یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنگەیشتنی لە بنەماکانی سەردەم و هتد، بەڵام ئەمەش زۆرجار لەگەڵ نووسەرێکی مارکسیست و پرۆلیتاریاشدا ڕوودەدات. ئەمە وەک سووکایەتییەک بە نووسەر ناگوترێ، بەڵکو بەشکەی نزیکە لە ستایشکردنی. نووسەران بەوونووەرێکی هەستیارن، یەکسەر کاریگەرییەکانی واقیع لەسەریان ڕەنگ دەداتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نووسەران نە بەهرەیەکی تایبەتیان هەیە بە بیرکردنەوەی ئەبستراکت و زانستی و نە گرنگییەکی تایبەتیش بە بیرکردنەوەی ئەبستراکت و زانستی دەدەن : بەگومان هەر لەبەر ئەم هەکارەیە کە هەندێکجار بە بێ تاقەتییەوە هەر پێشنیارێکی یارمەتی لەلایەن ڕەخنەگرەوە ڕەتدەکەنەوە. بەڵام زۆرجار دەتوانرێت ئەم جۆرە یارمەتییەی پێشکەش دەکرێت بەو شێوازە کەللەپووتییە ڕوون بکرێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ڕێک لە ئەنجامی هاوکاری نێوان نووسەرانی ناودار و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەهرەمەندە کە هەمیشە ئەدەبیاتی گەورە بەڕاستی سەریهەڵداوە و بەردەوامیش سەرهەڵدەدات.

یانزە

لە هەوڵی فێرکردنی سەرکەوتووانەی نووسەر، ڕەخنەگری مارکسیستی لەسەریەتی خوێنەرانیش فێر بکات. بەڵێ دەبێت خوێنەر فێری خوێندنەوە بکرێت. ڕەخنەگر وەک شرۆڤەکارێک، وەک ئەو کەسەی هەشداری دەدات لە ژەهر کە ڕەنگە تامی شیرین بێت، وەک ئەو کەسەی کە توکڵەکی ڕەق دەشکێنێت بۆ ئەوەی مرواریەکەی ناوەوە دەربخات، وەک ئەو کەسەی گەنجینەی لە سەبەر نەژراودا دەدۆزێتەوە، وەک ئەو کەسەی کە هەموو خاڵێک دەکات بۆ خاوەندارێتی، کە گشتاندن لەسەر بنەمای مادەی هونەری دەکات – ئەمە ئەو ڕەنمایییە کە ئێستا جۆهەرییە، لە کاتێکدا کە زەر خوێنەری بەنرخ، بەڵام هەشتا بۆ ئەزموون دەرکەوتوون. ئەمە پێیوەندی ڕەخنەگر بە ڕابردووی ئەدەبیاتی ڕووسی و جیهانییەوە و دەبێ بەو شێوەیە پێیوەندی بە ئەدەبی هاوچەرخەوە هەبێت. بەیە ئەمە جارێکی دیکە جێخت لەسەر ئەو داواکارییە ناوازانە دەکەینەوە کە سەردەمەکە لە ڕەخنەگری مارکسیستی دەخوازێت. ئەمە هیچ ئارەزوویەکمان نییە بۆ تەزکانمان

کەس بترسێنین. ڕەخنەگری مارکسیست دەتوانێت خاکییانە یان تەنانەت دەتوانێت بە هەڕەشەبکات، بەڵام لە بیریەتی پێش ئەوەی بگاتە یەکەم نیشتنەوە دەبێت بە پلیکانەیەکی درێژ و بەرزدا سەرکەوێت و تەنانەت ئەو کاتەش دەبێت تەنها وەک شاگردێک سەیری خۆی بکات. بەڵام مەحاڵە حساب بۆ ئەو شۆڕشە زەبەلاحەی بەرزبوونەوەی کلتووری فراوانمان نەکەین، لەسەر کانیاوی ئەدەبی بتوانا کە لە هەموو شوێنێکدا سەرهەڵدەدات؛ مەحاڵە باوەڕ نەکەین کە دەخی ئێستا – کە بە تەواوی جێگەی ڕەزامەندی نییە – ڕەخنەی مارکسیزم بەم زووانە زۆر باشتر بەرەوپێش دەچێت.

دوانزە

حەز ئەکەم وەک دەرئەنجامێک دوو پرسیاری تر بوروژێنم . یەکەمیان؛ زۆربەی کات ڕەخنەگرانی مارکسیست تاوانبار دەکرێن بەوەی کە دادەبەزنە ئاستی ڕاگەیاندنەکان. ئێستا بەڕاستی جێی مەترسیە کە بە نووسەرێک بڵێین کە چێژ لە باوەڕە نا هەشیارەکان و نیمچە هەشیارە دژە بە شۆڕشکان دەبەخشێت. لەم دەخانەدا کاتێک نووسەر بە ڕەگەزنکی نامە دەستنیشان دەکرێت، یان بەرەو ڕاست وەرچەرخاوە، یان کاتێک یەکێک لە نووسەرەکانمان بە هەندێک لادان یان شتی تر تاوانبار دەکرێت، ئەوکات سەرجەم ئیشەکە تا ئاستێک جێی گومان دەبێت، بەڕاستی خەڵکی دەپرسن ئەی مافی ڕەخنەگر نییە بڵێت کە ئەم یان ئەو نووسەرە لەووی سیاسییەوە جێی گومانە و یان لەووی سیاسییەوە دروست هەنگاو نانێت یان دووچاری شکستی سیاسیی بووە. ئەمە دەبێت بە تووندی ئەمجارە ناڕەزایەتییانە ڕەت بکەینەوە. ئەو ڕەخنەگرەی میتەدی لەمشوێنە دەگرێتە بەر بە یەکلاکردنەوەی کێشە شەخسیەکانی یان بە ئەنقەست بوختان کردن بەکەسێکدا، ئەوا ئەو ڕەخنەگرە شەرمەزار و ئەوجارە شەرمەزییانەش درەنگ یان زوو دەردەکەون. ئەوە ڕەخنەگری بەباکە کە ئەمجارە بوختانانە بە بیرکردنەوە و بە هیچ پێوەرێک دەبەخشنەوە. بەڵام ئەو کەسەی جوهەری ڕەخنەی مارکسیستی دەشێوێنێت، لەبەرئەوەی دەترسێت بە دەنگی بەرز ئەنجامی لەکدانەوە کۆمەڵایەتی و بابەتیەکانی ڕابگەێنێت، پێویستە لەووی سیاسییەوە بە خەمسارد و نەگەتیڤ وەسف بکرێت.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕەخنەگری مارکسیستی بەدەنگی بەرز هاوار بکات و بڵێت : ئاگادار بن! خە ئەمە بانگەوازێکی دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت نییە، بەکوو ئەمە هەستەنگاندنکی بابەتیانەیە بە بەها و بنیادنانی هەندێک کار و شتی لەوجارە.

نووسەر دەبێت خۆی لە دەرئەنجامەکان قورتار بکات و هەڵکانی ڕاست بکاتەوە. ئەمە لە بواری ململانێی بیروڕاکانداین. ناکرێت کەسێکی خاوەن ویژدانی کەمئەندام و ڕاستگۆ، ئینکاری سروشتی خەبات لە پرسی ئەدەبی ئێستا و هەڵسەنگاندنی بکات.

سیانز

دواجاریش ئەم پرسیارە : ئایا مشتومڕیان(گفتوگۆ)ی تاڵ و زبر هێگەڵ پەدراوە؟ بەشێوەیەکی گشتی، گفتوگۆی تووندوتیژ سوودبەخش لەبەر ئاوەژووی خوێنەر بە سەرنجەوە دەهێڵێتەوە. بابەتی مشتومڕ بەتایبەت لەو شوێنانەی کە هەردوو لا هەڵەن و هەموو شتەکانی تر یەکسانن، کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر جەماوەر هەیە و باشتریش تەی دەگەن. بەجگە لەمەش بوونی ڕوحی جەنگین لەڵای پێخەنەگری مارکسیستی وەک شۆشگێڕێک پاڵی پێوە دەنێت بە گوزارشتی تووند لە بیروباوەڕەکەی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێت ئاوەمان بیر نەچێت شاردنەوەی لاوازییەکان بەبیانووی ڕووشاوەیی جەدەلی، یەکێک لە هەڵە گوناهەکانی پێخەنەگر. بەگشتی، کاتێک کە ئارگیومێنتگەلێکی زۆر لەئارادا نین بەکەڵک تەبینی تووندەوی جەراوجۆر، بەراوردکردن، هاوارکردنی گاڵتەجاڕانە و پرسیاری فێبازانە، ئاوا هەنگاو کاریگەرییەکە دوولایەنە بێت بەڵام بە هیچ شێوەیەک جددی نەبێت. پێخەنە دەبە بە خودی پێخەنە کارپێکراو بێت، چونکە پێخەنەی مارکسیستی لە هەمان کاتدا زانستییە، و بە جۆرێک کارێکی هونەرییە. تووڕەیی باشترین ڕێنوێنیکەر نییە لە پێخەندا و زۆر جار مانای ئاوەیە پێخەنەگرەکە هەڵەیە.

دەبێت دان بەوەدا بنێین کە هەندێک جار نوقورچگرتنی گاڵتەئامێزیانە و قسەی ناشیرین لە دژەوەی دەی پێخەنەگرەکەوە دەدرێت. گوێی کەم تا زۆر تێگەیشتوو لە پێخەنەگرێک یان خوێنەرێک یان بە تایبەتی نووسەرێکی دیکە؛ هەمیشە دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان تووڕەیی سروشتی و سنووری بەدخوازی. لە هەوڵە بنیاتنەرەکانماندا دەبێت تا دەتوانین خراپەکاری کەم بێت. نابێت تێکەڵ بە ڕق و کینەی چینایەتی بکرێت. ڕقی چینایەتی بە مەبەستەوە لەدەرێت، بەڵام وەک هەورێک بەسەر زەویدا و لە سەرووی خراپەکاری کەسییەوە. بەگشتی پێخەنەگری مارکسیست، بەبێ ئاوەی بکەوێتە ناو ئاسانکاری دەخشەوە، کە لایەن خشیەوە زۆر هەیە، دەبێت بە شێوەیەکی پشوختە ئاسانکار بێت. چەژی باڵای ئاو دەبێت لە دەزینەوەی ئەرنی و ئاشکراکردنی بە خوێنەر بە هەموو شکڵەندیکەیەوە بێت. یارمەتی دەبە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی

بەت – لە کۆنەکردن و ئاگادارکردنەوە – و تەنیا بە دڵگەرمان پەیوستە هەوڵی هۆشاندنەوەی خراپەکارەکە بدات بە تیری کونکەری پەکەنین یان سووکایەتی یان بە بەخنەی سەرسەخت، کە دەتوانێت بە ئاسانی هەر غەیرە بوونکی پفکراو لەناو ببات.

١٩٢٨

ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لەناچارسکی بەخنەگری ڕووسی شۆڕشگێڕ و یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی شوراکانی خەڵک لە یانزەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ لە شاری پۆلتاڤا لە ئۆکرانیا لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا لە دایک بووە. لەتەمەنی پانزە ساڵی ئاشنایەتی لەگەڵ مارکیسیزم پەیدا دەکات و دەبێتە هەڵگری ئاو بیروباوەڕی. بە ماوەی دوو ساڵ لە زانکەی زیورخ دەخوێنێ بە ئاوەی بەوانامە بەدەست بهێنێت. ئاو کاتەی لە زانکە دەبێت هەریەک لە بەڕزا لەکسەمبۆرگ و لیۆ جۆگیش دەناسێت و پەیوەندی دەکات بە حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیاوە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لەگەڵ ئۆلکسەندەر بوگدانۆف دەژێت و دواتر لەگەڵ خوشکی بۆگدانۆف هاوسەرگیری دەکات. ساڵی ١٩٠٣ کاتێک حیزب دەبێتە دوو بەش؛ بۆلشەفیکەکان و مەنشەفیکەکان، لەناچارسکی لایەنگیری بۆلشەفیکەکان دەکات بە ڕابەرایەتی لینین. ساڵی ١٩٠٧ بەشداری کۆنگرەی شۆشیالیستی نەونەتەوەیی دەکات. ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ بۆگدانۆف و مەکسیم گۆرکی دەستیان کرد بە وانە وتنەوە لە قوتابخانەی کرێکارانی سۆسیالیستی ڕووسی و تا ساڵی ١٩١١ بەردەوام بوون. ساڵی ١٩١٣ دەچێتە پاریس و حەلقەی فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەمەزرێنێت. دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم لەناچارسکی شانبەشان لینین و لیۆن تڕۆتسکی هەڵوەستی دژەجەنگی وەردەگرێت. ساڵی ١٩١٥ لەگەڵ پاڤێل پۆلیانسکی ئۆژنامەی بە پشتەوەی سوشیال دیموکرات دەردەکەنەوە و پێ لەسەر فەرهەنگی پرۆلیتاریا دادەگرن. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە ڕووسیا و دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی سۆڤیەت و تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام دەبێت. ساڵی ١٩١٩ شانبەشانی دراماى بۆلشەفی لەگەڵ مەکسیم گۆرکی و ئۆلکسەندەر بلۆک و ماریا ئێندریاڤ دادەمەزرێنێت. دواجار ئەم بەخنەگرە مارکسیستە شۆڕشگێڕە لە بیست و شەشی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣ بە یەکجاری ماڵئاوایی لە مارکسیزم و شۆڕش و پرۆلیتاریا دەکات.

تێبینی : ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لەناچارسکی ئەم نووسینەی لە ساڵی ١٩٢٨ دا نووسیوە و دواتر لە کتێبی دەربارەی ئەدەب و هونەری پشکۆتووخواز لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوەکان :

Thesese on the Problems of Marxist Criticism

.Harrison Fluss for marxists.org, February 2008

https://en.wikipedia.org/wiki/Anatoly_Lunacharsky

کتێب: پێفەرمانس و گۆرانەوە.. نیهاد جامی

ناوی کتێب: پێفەرمانس و گۆرانەوە
نووسەر: نیهاد جامی
دەرهێنانی هونەری:
بەرگ:
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی)(ی ساڵی)٢٠٢١(ی پێدراوە.

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

NihadJami_PreformenceDownload

جامی جیهانی لێژەر تارمایی سپێنسەری تیرەر و کێلایێتی

مەرندا.. شاخەوان قادر شەش

میرنشینی قەتەر نیمچە دوورگەیەکی بچوکە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دوورگەی عەرەبی یا ڕۆژئاوای کەنداوی فارسی بە ڕووبەری 11.571 کم دووجا، وەکو کەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٢،٥٠٠،٠٠٠ کەس، ژمارەی عەرەبی ڕەسەنی وەاتی قەتەر نزیکەی ٣٠٠،٠٠٠ کەسن و ئەوانی دیکە هەمووی بێگانەن کە زۆربەی هەرزەریان کرێکار و فەرمانبەری بێگانەن لە وەاتە هەژارەکانی وەکو بەنگلادش، هیندستان، پاکستان، نیپال، سریلانکا و سودان و وەاتانی دیکەوە هاتوون و کار بە کەس و دامەزراوە تایبەت و حکومیەکان دەکەن. ژمارەیەکی زۆر ئەرانیش لە قەتەر دەژین بەبێ جگە لە زمانی عەرەبی زمانی فارسیش بەکاردەهێندرێت. دەسەاتی سیاسی قەتەر دەسەاتێکی میرنشینی بنەماڵەیی دیکتاتۆرانەی کۆنپارێزی ئیسلامیە و بە پێی شەریعەی ئیسلام یاسا دادەڕژێن. دەسەات لە ڕێرچنگی بنەماڵەی "التانی" دایە و لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە "حەمەد بن خەلیفە التانی" میری قەتەرە. بنەماڵەی التانی بنەماڵەیەکی بەدەوی دوورگەی عەرەبین کە لە دەوروبەری ١٧٦٠ دا هاتوونەتە قەتەر و لەوە نیشتەجێ بوون. میر خەی سەرەکی وەات و حکومەتە و خەشی حکومەت دیار دەکات، وە ڕەگەڵ بە هیچ پارت و دامەزراوەکی سیاسی نادرێت. لەووی ئابووریەوە قەتەر پێەوی ئابووری ئازاد دەکات و سەرچاوەی سەرەکی داهاتی قەتەر سامانی سروشتی ژێر زەویە، وە خاوەنی یەدەگەکی زۆر گەورەی نەوت و گازی ژێر زەویە. یەدەگی گازی سروشتی قەتەر زۆر گەورە و دەوڵەمەندە، وەکو سەهەم یەدەگی گازی سروشتی جیهان دادەندرێت کە لەدوای ڕووسیا و ئێرانەوە دێت. بەمشێوەیە قەتەر ژمارەی دانیشتوانی کەم و سەرچاوەیەکی زەبەلاحی سامانی ژێرزەوی هەیە، هەروەکو لەووی سەرمایەوە وەکو دەوڵەمەترین وەاتی جیهان سەیر دەکرێت.

تیرۆر و دەستوەردان و بەاوکردنەوەی ئیسلامیزم لە وەاتاندا

قەتەر وەکو وەاتێکی کۆنپارێزی ئیسلامی چ وەکو وەات یا لەڕەگەی کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانەوە چ ئەوانەی قەتەرین یا هاتوونەتە قەتەر و پشتگیریان لای میری قەتەرەوە هەیە، هاوکاری و پشتگیری دارایان گەیاندۆتە ڕێکخراوە تووندڕەوە ئیسلامیەکان لە وەاتانی ڕۆژهەاتی ناوەڕاست و سەرووی ئەفریکا و وەاتانی دیکەدا، بەمجۆرە دەستیان خستۆتە ناو کاروباری وەاتانی دیکە و لایەک هاوەی دروستکردنی کاریگەری خیان لەسەر هاوکێشە سیاسیەکان و لایەک

هاوپەیمانی بە هاوکردنەوەی بیری کۆنەپارێزی ئیسلامی و ئیسلامیزمیان لەکۆمەڵگەکاندا داوە.
لەلایەن کۆنگرەسی ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا قەتەر بە هاوکاری دارایی رێکخراوی ئیسلامی قاعیدە تەمەتبار کرا. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠ دا تەمەتبارکرا بەوەی بڕێک لە هاوکاری دارایی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان و پاکستان لەلایەن قەتەرەوە. لەساڵی ٢٠١٣ دا ئەمریکا کەسێکی قەتەریی چالاکوانی ئیسلامی بەناوی "عبدالرحمان النوعەیمی" کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری "بانکی ئیسلامی قەتەر بوو" وەکو تیرۆرستی جیهانی ناساند و تەمەتباریکرد بەوەی پارە و کەرستە و زانیاری بە ڕێکخراوی قاعیدە و هاوشێوەکانی لە سوریا، عێراق، سۆماڵ و یەمەن دەگەیەنێت. لە مانگی ئۆگەستی ساڵی ٢٠١٤ دا بڵاوکەی وتارێکی ڕۆژنامەی ئەمریکی The New York Times لەژێر ناونیشانی "یانە بە تیرۆر" ، قەتەر پشتگیری دارایی ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینی، قاعیدە و ئیخوانی میسر دەکات و پارێیان بە دەنرێت. هەر ئەو ساڵە هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرەسی ئەمریکی داوایان لە کۆنگرەس کرد گەمارۆ بخەنەسەر قەتەر لەبەر هاوکاری قەتەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی حەماس، قاعیدە، جبهەی نوسرە و داعش. هەروەکو لە ڕاپۆرتێکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەمریکادا قەتەر و تورکیاش لەگەڵیدا بە پشتگیری دارایی تیرۆریزم تەمەتبار دەکرێت. لە ساڵی ٢٠١٦ دا لێکۆڵینەوەی ئاشکرابوونی نامەی ئەلەکترۆنیەوە ئاماژە بە پشتگیری قەتەر و سعودیا بە ڕێکخراوی داعش و هاوشێوەکانی دەکرێت.
بەپێی دانپێدانانی بازرگانێکی سەر بە سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە کە لە ساڵی ١٩٩٦دا ڕایکردبوو بۆ ئەمریکا، ڕێکخراوی "خێرخوازیی قەتەر" Qatar Charity یەکێک بووە لە سەرچاوە دارایەکانی سەرۆکی قاعیدە "ئوسامە بن لادن" . ئەو ڕێکخراوە کە گەورەترین ڕێکخراوی بەناو ناحکومی "خێرخوازیی" قەتەریە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە پشتگیری ڕێکخراوە تیرۆریستە ئیسلامیەکاندا لەوانە قاعیدەدا هەبووە. لەساڵی ٢٠٠٣ دا ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دووبارە ئاماژە بە هاوکاری قەتەر بە قاعیدە دەکاتەوە کە تیرۆریستی ئیسلامی "خالید شێخ محمد" کە ڕێنگبە پلاندانەری هێرشەکەی سەر دوو تاوەرەکەی نیویۆرک بووبێت لە ساڵی ٢٠٠١ دا بە ماوەیەک خۆی لە قەتەر شاردبۆتەوە و دواتر بە کوێت دەربازبووە.
لەلایەن دەزگای لێکۆڵینەوەی ئەمریکی لە تیرۆریزمەدا دوو کەس بەتایبەت ناویان دەهێندرێت ئەوانیش "خلیفە محمد تورکی السوبیحی" و "عبدالرحمان بن عومیر النوعیمی" کە نیشتەجێی قەتەرن و هاوکاری دارایی ڕێکخراوە تیرۆریستە ئیسلامیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەن.

النوعیمی کە لە ساڵی ٢٠١٣ دا سەرکی یەکێتی تەپی پێی قەتەر بوو مانگانە ملیۆنێک و چارەگێک پاوەندی بریتانی بە ئەکخراوی قاعیدە لە عێراقدا ناردووە و هەروەها مانگانە سەدان هەزار دۆلاری بە ئەکخراوە تیرۆریستەکانی سوریا ناردووە. لێکاتی ئاپۆینی بەهاری عەرەبیدا کە لە ساڵی ٢٠١١ دا ڕووبیدا قەتەر ملیۆنەها دۆلار و زیاتر لە ٢٠ هەزار پارچە چەکی بە ڕەکخراوە ئیسلامیەکانی لیبیا نارد، ئاهەنانی سەربازی پێکردن، ئەو ئەکخراوە ئیسلامیانەی دژی ژەمی "معمەر قەزافی" شۆیان دەکرد.
لەساڵی ٢٠١٣ ـەوە قەتەر هاوکاری دارایی ئەکخراوی بەرەی نوسرە (الجبهه النصرە) لە سوریادا دەکات، لەگەڵی بەپارەی ناوە ناوە یا لە ڕێگەی ئەکخستنی فەندی پارە کەکردنەوە بە ئەو ئەکخراوە. هەروەها هاوکاری چەک و دەرمان و خۆراکی بە بەرەی نوسرە کردووە. هەروەها بەپێی ئاگەیاندنێکی بزوتنەوەی ژگاری سودان لە ساڵی ٢٠١٥ دا قەتەر بەهاوکاری حکومەتی سودان و ئەکخراوی جەنجوێد عەرەبکان تەمەتبارکرا، ئەوانەی کە بەشداریان لە تاوانی گەلکوژی گەلی دارفور لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ دا کرد و نزیکەی نیو ملیۆن کەسیان کوشت و دوو تا سێ ملیۆنیان لە خاکی خۆیاندا دەربەدەر کرد.
سەبارەت بە ئەکخراوی ئیسلامی حەماس ئەوا قەتەر لە ساڵی ٢٠٠٧ ـەوە هاوکاری دارایی و لۆجیستی ئەکخراوەکە دەکات. جگەلەوەی سەرکی ئەکخراوەکە "خالد مشعل" لە کەتایی ٩٠ کانوونێ بنکەی لە قەتەردا هەبووە. لەگەڵ تورکیا، قەتەر هەوێیاندا دەسەڵاتی فەلەستینی لە غەزە وەدەرنان و حەماس بهێننەسەرکار. وە لەوەتەی حەماس دسەڵاتی غەزەی بەدەستەوێیە قەتەر بەسەدان ملیۆن بگرە بە ملیار دۆلاری بە دسەڵاتی حەماس لە غەزە ناردووە.
سەبارەت بە ئەکخراوی دەولەتی ئیسلامی "داعش" لە ئێراق و سوریادا قەتەر یەکە لە سپۆنسەرکانی ئەو ئەکخراوە بووە. وەکو لە ساڵی ٢٠١٤ دا سەرکی وەزیرانی ئەوسای ئێراق نوری مالیکی قەتەر و سعودیای بە هاوکاری دارایی ئەکخراوی تیرۆریستی داعش تەمەتبارکرد.

قەتەر و جامی جیهانی ٢٠٢٢ بەپارەی بەرتیل و خوێنی هەزاران کرێکاری بەکۆیلەکراوی بگانە

لە ڕۆژی ٢ دیسەمبەری ساڵی ٢٠١٠ دا میرنشینی قەتەر توانی مافی خانەخوێی پێشبڕکێی تەپی پێی جیهانی بە ساڵی ٢٠٢٢ بەدەستبهێنێت، کە لە ٢٠/١١/٢٠٢٢ دا دەستی پێکرد. دوای ئەوە ڕاخنەی زۆر لایەن شارەزایانی تەپی پێ و وڵاتان و ئەکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئاراستەی ئەکخراوی تەپی پێی جیهانی "فیفا" FIFA کرا و وەکو ئەستاش

بەردەوام. زۆرینە کەسەر ئەوەی کەوا گەندەڵی سەرانی هەڵکخراوی فیفا کە ئەوسا سیپ بلاتەر Sepp Blatter سەرکی بوو بووە هەی ئەوەی پشبەکەکە بەر قەتەر بکەوێت. بەپێی سەرچاوەکان دەیان کەسی دەستەی بەڕێوەبەر و هاوکارانیان لە گەندەڵیەکەدا گیاون و بەرتیلیان وەرگرتووە. پەویستە بزانین کەوا هەڵکخراوی یەکێتی تەپی پێی جیهانی "فیفا" بەداهاتی جامی جیهانی دەژیت و ئەوەش سەرچاوەی سەرکی ئەو هەڵکخراوەیە. بەکورتی میرنشینی قەتەر توانی خاڵی لاوازی ئەو هەڵکخراوە جیهانییە بدۆزێتەوە و وابکات لە هەڵگەی بەرتیل و پارەوە پشبەکەکە بەو بدرێت. گەندەڵیەکان چۆن کراون و چی بوون، تەنها بەشکی ئاشکرابووە.

کەسە سەرکیەکانی گەندەڵی و سکەندالی جامی جیهانی ٢٠٢٢ لە قەتەر" سیپ پلاتەر" سەرکی یەکێتی تەپی پێی جیهانی، "میشەل پلاتینی" Michel Platini سەرکی یەکێتی تەپی پێی ئەوروپا، "محەمەد بن حەمام" سەرکی قەتەری لە کۆنفیدراسیۆنی تەپی پێی ئاسیا ناویان هەیە. جگەلەوانە ناوی سەرکی ئەوسای فەرەنسا "نیکەلاس سارکەزی" Nicolas Sarkozy و "ڤیتالی موتکە" Vitali Mutko جێگری سەرۆک وەزیرانی روسیا و سەرکی روسیا "پوتین" Putin لە سکەندالەکەدا دەهێندرێت و پشکیان وادیارە لە گەندەڵیەکەدا هەیە. ئەوانەی دەرەوەی بازنەی تەپی پێ لەهەگەی کەسانی دیکەوە کاریگەریان هەبووە. بەگومان کەسانی دیکەش هەن. محەمەد بن حەمام هەی دیاری لە بەرتیلپێدان و هەکخستنی هەکەوتنەکان لەهەگەی بەرتیل و پارەی زەرەوە دەبینێت. بن حەمام پارەی داوەتە یەکێتی تەپی پێی وەاتان لەوانە سەماە کە بەدکومەنت هەیە. هەوە دراوە پارە بدانە ئەوانەی هەیان هەبووە یا پەیوەندی بەهەزیان لە هەڵکخراوی فیفیا و شوێنی بەیاردا هەبووە. بن حەمام بەپێی گوتنەکان بەر لە دەنگدانەکە مسۆگەری هەکەوتنەکی ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری بە کەنالی جەزیرەی عەرەبی سەر بە قەتەر کردووە. بەهێنی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری دیکەش بە فیفا دراوە ئۆگەر قەتەر هەبژەردرێت. کەبوونەوەی میشەل پلاتینی و سارکەزی و میری قەتەر لە نۆقەنمبەری ساڵی ٢٠١٠ دا کەمەک پرسیاری لای خەک دروستکرد، وەکو میشەل پلاتینی ئەوسا دەنگی خۆی بە قەتەر گەک. دواتر قەتەر یانەی پاریس سان جەرمانی کڕی و پشکی مافکانی لە تەپی پێی فەرەنسا کڕی. لەوساوە پەیوەندی چەوری بارزگانی لە نێوان هەردوو وەاتدا هەیە. سەرکی هەکخراوی فیفا "جیانی ئینفانتینۆ" Gianni Infantino لە قەتەر دەژی و پەیوەندی باشی لەگەک سەرانی قەتەر وەکو دەبین هەیە. چاوەدوان دەکرێت داهاتی فیفا لە دوای کۆتاییهاتنی جامی جیهانی لە قەتەردا خۆی لە ٣ ملیار دۆلار دەدات.

چۆن قەتار ٨ یاریگای گۆرە و مەدەرنی تەپی پێی دروستکرد

وەاتەکی بچوکی وەکو قەتار دەبوایە ٨ یاریگای مەدەرن بە نوێترین تەکنیک بە پێشبڕکێی جامی جیهانی دروستکات. بگومان قەتار خاوەنی سەرمایەکی زۆرە و لەنگەری سەرمایە زۆرکێیەوە دەستی بەدروستکردنی یاریگەکان کرد. جگەلە هەنانی کارگای گۆڕی جیهانی، هێزی کاری دروستکردنکە کرێکاری بگانەی وەاتە هەژارەکان بووە، وەکو میرنشینی قەتار ئەزموونی لە هەنان و بەکارهێنانی کرێکاری وەاتانی هەژاردا پێشتر هەبووە. بەڵام چۆن و بە چی شێوەیەک؟ وەاتی قەتار وەکو وەاتە دەوڵەمەندەکانی دوورگای عەرەبی بە کارەکەری و خزمەتکاری و کرێکاری سوود لە کرێکاری وەاتە هەژارەکانی وەکو هیندستان و پاکستان، بەنگلادش، نیپال، سریلانکا، سودان و وەاتانی دیکەی ئەفریکا وەردەگرن و دەیان ساڵە ئەو دیاردەیە هەیە. بەپێی دیدار لەگەڵ هەندە لە کرێکارە بگانەکانی قەتار کە لە چەند بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی دانیمارکیدا بەاوکرانەوە خەڵکی وەاتە هەژارەکان لەبەر نەبوونی و باری خراپی ژیانیان ڕەگای کارکردن لە وەاتەکی دەوڵەمەندی وەکو قەتار هەڵدەبژێرن بە ئەوەی ئاگاداری زانیاری تەواو و بارودۆخی ژینگای کارەکە و جۆری کارەکەیان بن. ئەوانە پارەی تکتیان نییە چونکە هەژار و بە پارەن، بۆیە پارەی ڕەگا قەرزدەکەن تاکو بگەنە وەاتی قەتار و لەوە دەست بەکار بکەن. دامەزراوی تایبەتی سەر بە وەاتی قەتار یا هاوکار لەگەڵ قەتار لە وەاتەکاندا هەن، ناوی خەڵک دەنووسن و هاوکاریان لە قەرزدا دەکەن و دەیانێرن بۆ قەتار بۆ کارکردن. ئەو کرێکارانە کە گەلەکیان ماوەمندایان لەبرسا جەدەهەن و بۆ کارکردن دێنە قەتار، کە دەگەنە قەتار لەلایەن کەسێکی قەتاری یا دامەزراوی قەتاری وەردەگیرێن، هەرزوو پاسپۆرتیان لە دەستێنن، مۆبایلیان لە وەردەگرن، دەبە کۆفالەت بدەن و کۆفیلیان هەبێت، بەمجۆرە کە پاسپۆرتیان لەسەندرا ئیتر ناتوانن بڕۆن و وەات بۆجبهەێن، هەروەها بە هازیبوونی کۆفیل ناتوانن هیچ جووڵەیەک بکەن. ئەوجا لەو ساتەوە هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵیاندا دەست پێدەکات. دوای ئەوە دەیانبەن لە خانووی نیوەچڵی بچیمەنتە دروستکراو و کەمە پێداویستی سەرەتایی نیوەچڵ بکەمەڵ دایان دەنێن. بکەمەڵ لە ژووریان دەکەن و یەکی قەرەوڵەیکی ئاسنی خراپ و تەواو. چێشت لەنان و خۆراک و شەکر و چا هەمووی لە ژووکەیاندایە. دوای ئەوە بیانی زوو بە کار و ئەواران لە کار دەگەڕێنەوە. سەرەتا دەبە کاربکەن تاکو پارەی قەرزی ڕەگاکەیان بدەنەوە ئەوەش ماوەیەکی زۆری دەوێ و لەم ماوەیدا ناتوانن هیچ بە ماڵ و منداڵیان بنێرنەوە. ئاستی دەنیایی ژینگای کار زۆر نزمە و لەبەر سەختی کار و نالەباری

شۆنی کار ئۆگۆری ووودانی زیانی کار وەکو کۆوتن، دەست شکان، پێ شکان یا ئازاری مل و شان و پشت زۆر. زیانی دەروونیش وەکو ترس و سترێس و تراوما بەگومان هەن. ئۆگەر نەخۆشکەون یا بکەون گرنگیان پێنادرێت و زوو هەرکە ڕاستبوونەوە داوای کارکردنیان لێ دەکرێت. دەبێ کاربکەن و ئۆگەر بەکار ڕازیش نەبن چارەیەکیان نییە، بەکورتی وەکو کەیلە کاریان پێدەکرێت و دڕچۆوسێندرێنەوە. وەکو لە دیدارەکەدا پێخشکرا کەسێک بەناوی خوازراوی "فیلیکس" کرێکارێکی خەڵکی وڵاتی گانای ئۆفریکایێ و ناوەڕێت ئاشکرا خۆی بە کامەرا دەرخات، دەڵێت "دەیانەوە وەکو ئاژەڵ کار بکەین. نایانەوە پشوو بدەین. دەیانەوە ئەمە بە ماوەی ١٠ دەمژمێر بڕۆستان کار بکەین" . فیلیکس کەسێکی خوێندەواری هەژارە بە کاری خاوێنکردنەوە هاتۆتە قەتەر، بەئامانجی بەئارەزووی خۆی بردوویانە بە کاری خانووکردن، کە ئۆو توانای ئۆو کارەی نییە.
ئۆگەر بریندار بوون، تووشی زیانی کار بوون یا مردن ئۆوا قەرەبوو ناکرێنەوە. وەکو لە دیدارەکەدا پیشاندرا کرێکارێک ماوەماندا جەدەهەت بە ڕێگا پارە قەرز دەکات، ژنەکەی گوتی "پیاوەکەم تەندروست و بە کەشە بوو"، دوای دوو مانگ کرێکارەکە لە قەتەر دەمرێ. تەرمەکەیان بە دگەڕێتەوە. ئۆو کەسە قەرەبوو نەکراوەتەوە، ماوەماندالەکەشی بەناچاری قەرزەکەی کە بە ڕێگا کردبووی دەبێ ئۆستا بیدەنەوە. ئۆوە نمونەیەکە لە هەزاران.
بۆپۆی لێکۆڵینەوەیەک کە ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی Guardian پێی هەڵساوە لەماوەی ئۆو دەساڵەی دروستکردنی یاریگە و ڕێگاوبان و دامەزراوەکاندا بەهەزاران کرێکاری بێگانە کە خەڵکی وڵاتەکانی هیندستان، بەنگلادش، نیپال، سریلانکا، کینیا، فیلیپین، پاکستان، سودان و شۆنی تر مردوون. ئۆوجا لەبەر گەرما مردوون، دەیان لەناکاو لە لەدان وەستاوە، یا شۆو نووستوون و هەڵنەستاونەتەوە یا لەسەر کار بەهۆی کارەوە مردوون، لە زۆر کەیسدا ئۆو پرسیارانە بە وڵامن. لەماوەی دەساڵەدا تەنها لەوانەی کە خەڵکی هیندستان، بەنگلادش، نیپال و سریلانکان زیاترە لە ٦٥٠٠ کرێکار مردوون، لەوانە بەشی هەرزۆریان لەو شۆنانە کاریان کردووە کە پێوەندی بە مەندیالی ٢٠٢٢ ـەوە هەیە. ٨٠ لەسەدای مردووەکان خەڵکی ولاتی هیندستانن. ژمارەکە زۆر زیاترە ئۆگەر خەڵکی وڵاتانی دیکەشی بخرێتەسەر. لەلایەن کەسوکاری قوربانیانەوە چیرۆکی جۆرگبڕی بۆژمارە هەن. هەر چیرۆکە کەمەڵە پرسیاری بڕوڵامی تێدایە و وەکو تیغە لە جۆرگی خۆشەویستانیان ڕۆژانە دڕچەقێت. پرسیاری وەکو بە دەنگی نەما؟ چۆن مرد؟ کەی بوو؟ لە چ شارێک؟ بە وڵامن و کەسوکاری مردووەکانیش لە چاوەڕوانی بەهودەی قەرەبوودان، کە ئایا هەرگیز

قەرەبوو دەکرێنەوە.

قەتەر و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا

پەیوەندی قەتەر و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکان، پەیوەندی سیاسی و ئابووری و دواتر سەربازی لە نێوانیاندا دروست بووە و هەیە. قەتەر بنکەیەکی گەورەی ئاسمانی ئەمریکای بەناوی بنکەی ئاسمانی العدید " قاعدة العديد الجوية" لە خۆ دەگرێت. ئەمریکا ئێو بنکەیە بۆ هەرشەکانی بەسەر ئەفغانستان و سوریا و ئێراق بەکار دەهێنیت. جگەلەو بنکەیە بنکەی سەربازیی "قاعدة السيلية العسكرية" لەدەرەوەی شاری دەوحەدا هەیە و ئەمریکا بەکاری دەهێنێت. لەوە بەسەدان تانک و زرێپۆش و ماشێنی دیکەی سەربازی و چەکی قورس هەن. دەوروبەری زیاتر لە ١١ هەزار سەربازی ئەمریکی لە قەتەردا هەن.

لەگەڵ ئەوەی هەندجار ئاڵۆزی لە پەیوەندی نێوانیان دروست بووە بەڵام کاری نەکردۆتە سەر بوونی بنکە ئاسمانیەکە و ئێستا پەیوەندیەکە لەبارێکی بەهێزدایە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٨ دا ڕێککەوتنێک لەنێوان قەتەر و ئەمریکادا مۆرکرا، لەوێدا بڕیاردرا کۆتایی بە ناکۆکیەکان بهێندرێت، ئاز لە سەرۆکی قەتەر بگیرێت و هەروەها ئەمریکا بڕێنی ئامادەیی خۆی بە بەرەوووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەک بەسەر خاکی قەتەر ڕادەگەیەنێت، لەبەرامبەردا قەتەر بڕێنی بەهێزکردنی بنکەکانی ئەمریکا لە قەتەردا دەدات. واتە ئەمریکا قەتەر لە هەڕەشەی دەرەکی دەپارێزێت، قەتەریش بنکەکان نوێ دەکاتەوە، بە باشترین سەرفیس و کەلوپەل هاوکاری دەکات و ئێوەی پۆیست بێت جێبەجێی دەکات.

بەکورتی

وەاتی میرنشینی قەتەر وەاتەکی نادیموکراسی کۆنەپارێزی ئیسلامیە و میر دەسەاتەکانی لەژێر چنگدایە، هەوێداوە و هەوە دەدات بیری ئیسلامی لە کەمپەگە جیاجیاکانی ڕژهەاتی ناوەاست و ئەفریکا و شوێنی دیکەشدا بلاوکاتەوە، پشتگیری ڕێکخراوە تیرۆریستە تووندڕەوەکانی وەکو قاعیدە، جبهەی نوسرە، حەماس، داعش و هاوشێوەکانی دەکات و هەوێداوە لەگەڵی ئێو ڕێکخراوانەدا سیستەمی ئیسلامی لە وەاتەکاندا بچەسپێنێت. قەتەر ملیارەها دۆلاری بە ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. قەتەر پشکی بەرپرسیاری لە تاوانکاریەکاندا هەیە، وەکو تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی گەلکوژی کە بەرامبەر بە گەلی دارفور، گەلی کورد لە ڕۆژئاڤای کوردستان، ئێزدیەکان و کاکەیەکان و کریستیانەکان لە باشوری کوردستان و ئێراقدا هەروەها هەرچی تاوانێک ئێو گروپە ئیسلامیانە پێی هەڵسابن و لەهەر شوێنێک

بەت کە دەستی هاوکاری دارایی قەتەری تێدا هەبووە.
وەاتی میرنشینی قەتەر لەگەڵ سەرمایەی زۆبەلاحی خۆیەوە و لەگەڵ بەرتیل پێدان و کۆینی کڵس و دامەزاروکاندا هەوێیداوە کاریگەری بنوێنێ و خۆی ببات ئاستی بەرزی وەاتە بەتوانا و گەورەکان لە بوارەکانی تەپی پێ و دەست و وەرزشی دیکەدا. قەتەر پێوایە بە پارە دەتوانێ بگاتە شانەی سەرووی وەرزشی جیهانی و پلە بەرزەکان لە بواری جیاجیادا، وەکو لە گەڵگەی گەندەیەوە توانی مەتەتی خانەخوێیی جامی جیهانی ٢٠٢٢ بەدەست بهێنێت و ئێستا لەئاستی جیهانیدا ئاماژەی بە دەکرێت. دیارە گەندەیەکانی قەتەر لە بواری وەرزشە جیاجیاکاندا زۆرن و لەم وتارە بچوکەدا جێگەیان نابێتەوە، لێرەدا تەنها ئاماژە بە مشتێکی خەروارێک کراوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بە بکرێت ئەوێیە کەوا خودی ڕێکخراوی تەپی پێی جیهانی فیفا گەندەیەی تێدا هەبووە و گەندەیەی بەرپرسانی فیفا هاوکار بووە لە سەرکەوتنی قەتەر لە ئامانجکێیدا کە وەرگرتنی خانەخوێیی جامی جیهانی ٢٠٢٢ بوو. بەگومان ئەگەر گەندەیەی لە ڕێکخراوەکەدا نەبوایە قەتەریش لە هەوڵەکانیدا سەرنەدەکەوت. بەنموونە لە خولی تەپی دەستی جیهانیدا لە ساڵی ٢٠١٥ بردرایە قەتەر، یاریزانەکانی قەتەر زۆربەیان قەتەری نەبوون و تاکو یاری کۆتایی خولەکەش چوون، لە یاری کۆتایدا نەیانتوانی لەفەرەنسا ببەنەوە و دووهەم بوون. بەر لە دەستپێکی خولی کۆتایی بە سێ چوار ساڵ قەتەریەکان هەوێیاندا لەگەڵگەی بەرتیلەوە یاریزانێکی دانیمارکی بە ناوی نیکۆلای مارکەسن Nikolaj Markussen بە ١٥-٢٠ ملیۆن دۆلار بکڕن و وایلێبکەن بچێتە قەتەر و بە وەاتی قەتەر یاری بکات. بەڵام ئەو ڕاتی دەکاتەوە و خۆی نافرۆشێ. ئەو تەنها یاریزانێک بوو لە دەیانی دیکە کە هەوڵی کۆینیان دراوە.
هەموو یاریگەکانی قەتەر و ڕێگاوبان و دامودەزگان بە کرێکاری بێگانەی بەکۆیلەکراو دروستکراون. بەهەزاران کرێکار بە هەکاری دیار یا نادیار لەسەر کار یا لە شوێنی ماندوێیاندا گیان لەدەست دەدەن، قەرەبووش نەکراونەتەوە و لەکیسی خێیان و کەسوکاریان چووین. ژمارەی ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی بوون یا تووشی زیانی کار بوون بەگومان بەپێی سروشتی زیانەکانی کرێکار لە کارکردندا زیاترە لە ژمارەی مردووەکان، دیارە من لەلایەن خەمۆە لەو بەدواگەڕانە سنوردارەی کردوومە هیچم بەرچاو نەکەوتووە تاکوو خەماندنی بە بکەم یا ژمارەی لەسەر دابنێم. بەگشتی هەسوکەوتی کاربەدەستانی قەتەری سەبارەت بە کرێکارەکان زۆر خراپ بووە و تەنها چیرۆکە جۆرگبڕەکان دەتوانن ئاستی نامرۆڤانەی کرداری قەتەریەکان و دارودەستەکانیان گوزارشت کەن. بۆیە دەکرێ بڵێین

یاریگەکان بەخوێنی کرێکارێ بێشوراوەکان دروستکراون و خێکی جیهانیش سەیری یاریەکان لەو یاریگایانەدا دەکەن کە کرێکارێ بەکۆیلەکراوەکان دروستیان کرد.
لەو وتارەدا بەگرنگم زانی ئاماژێ بەکورتی بە پەیوەندی ئەمریکا و قەتەر بکەم، چونکە ئەمریکایەکان ڕێنگێ لە هەمووکەس و لایەنێک چاکتر ئاگاداری ڕێی قەتەر لە پشتگیری تیرۆریزمی ئیسلامیدا لە ڕۆژهەلاتی ناوەاست و ئەفریکا و جیهاندا هەن، بەتام لەبەر بەرژەوەندیی ناسیونالیستانەی خۆیان چاوپێشی لە پێشیلکاری و تاوانکاریەکانی قەتەر و قەتەریەکان دەکەن. ئێستا ئەمریکا بنکەی بەهێزی سەربازیی لە قەتەردا هەیە و وەاتی قەتەریش دەپارێزێت.

٢٠/١١/٢٠٢٢

سەرچاوەکان

Qatar, https://da.wikipedia.org/wiki/Qatar#
Qatar Natural Gas, https://www.worldometers.info/gas/qatar-natural-gas/
2015 FIFA corruption scandal, https://www.britannica.com/event/2015-FIFA-corruption-scandal,
Qatar and state-sponsored terrorism, https://en.m.wikipedia.org/wiki/Qatar_and_state-sponsored_terrorism?fbclid=IwAR26Xtc83OJoW4fx55KZz9wFulKLACv__YoQ1TBqIJXo-Mxrsw_0GexGdpk
Qatar and the United States, https://en.wikipedia.org/wiki/Qatar%E2%80%93United_States_relations
Football corruption and the remarkable road to Qatar´s World Cup, https://www.theguardian.com/football/2022/oct/08/football-corruption-and-the-remarkable-road-to-qatar-world-cup
Michael Garcia’s Fifa report eases Russia and Qatar World Cup fears, https://www.theguardian.com/football/2017/jun/27/fifa-secret-report-world-cup-2022-leaked
Revealed: 6,500 migrant workers have died in Qatar since World Cup awarded, https://www.theguardian.com/global-development/2021/feb/23/rev

ealed-migrant-worker-deaths-qatar-fifa-world-cup-2022
TV 2 møder migrantarbejdere i Qatar: – Jeg græder næsten hver dag,
https://nyheder.tv2.dk/udland/2022-11-15-tv-2-moeder-migrantarbejdere-i-qatar-jeg-graeder-naesten-hver-dag
Dagher, Sam (2011-10-17). “Huge Role of Tiny Kingdom of Qatar in Libya Draws Concern”. The Wall Street Journal. Retrieved 2016-09-04.
Dansk håndboldstjerne taler ud:
https://www.dr.dk/sporten/fodbold/vm/bag-om-vm-i-qatar/dansk-haandboldstjerne-taler-ud-jeg-blev-lokket-med-15-20

پیرەمەرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا یان چل چیرۆک لەبارەی پیرەمەردەوە.. دڵشاد کاوانی. نووسەر و ڕۆخنەگر

پێشکی:.
پیرەمەرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، ناونیشانی کتێبکی ٢٢١ لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندییە، لە بارەی پیرەمەردی شاعیرەوە، لە دوتوویی بەرگێکی ڕەقی جوان، بە پێنووسی کامەران سوبحان نووسراوەتەوە. ئەوەی جگەی بایخ لەم سەردەمەی سۆشیال میدیا دا و کاڵبوونەوەی بابەتە جددییەکان، پیرەمەرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا یەکێکە لە کتێبە نایاب دانسقەکان کە ناوەڕۆکێکی لایەق و کەسێتییەکی گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی بە ئامانج گرتووە. نووسەر لە جگەی ئەم کتێبە دەمانگەنێتەوە سەردەمانێک، کە پیرەمەرد ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئەدەبیاتی کوردی بووە، زۆر بە جوانی داخ و کەسەری پیرەمەرد و هیوابڕاوی لەهەمبەر کەمگەیەکی نەخوێندەواری ئەوسا دەگێڕێتەوە.
سەرەتا:.
هەرچەندە مشتوماڵکردنی ئەم جۆرە کتێبانە ئاسان نییە، چون

پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، ناچێتە چوارچێوەی ژانرێکی دیاریکراو و هەروەک نووسەری کتێبەکە خۆشی درک بەمە دەکات و لە لاپەڕە (٢٩-٣٠) دەنووسێت: ئەمە ستایل و فۆرمێکە لە گێڕانەوە لە نێوان چیرۆک و ڕۆمان و ڕووداوی دراميیەتاد. ئاستەنگی ئەم شێوازە نووسینە ئەوەیە لە سەرجەم بنەماکانی ژانرەکان دەردەچن و ڕەگیشی لە هەمووان دایە. بەیەشە ناکرێت بە پێی ڕێبازێ ئەدەبییەکان لێکدانەوەی بۆ بکرێت. وەلێ تەکنیک و گێڕانەوە و گەمەکردن بە زمان، لە پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، زۆر سەرنج ڕاکێشە کە خوێنەر ملی لە خوێندنەوەی نا تەقلیدی نۆکات وازی لێناهێنێت. سەرباری چێژبەخشین و جوان نووسی کتێبەکە، چەندین سەرنج و تێبینیم لە بارەی کتێبەکەوە هەیە کە بە دیدکی ڕەخنەییەوە لێی دەڕوانم.

هەڵبژاردنی ناونیشانەکان

لایەنکی دیکەی کتێبەکە، گرنگمە قسەی لەسەر بکەین هەڵبژاردنی ناونیشانی کتێبەکەیە، کە بە بۆچوونی من نووسەر لە هەڵبژاردنی دا، زۆرتر وەک ڕۆژنامەنووسێک لە دەستنیشانکردنی ناونیشانی هەوا دا دەردەکەوێت، نەوەک وەکوو نووسەرێکی ئەدەبی، ئەمەشی بە سەرنج ڕاکێشانی خوێنەران کردووە، کە من بەکارێکی باشی نابینم.

ناونیشانەکان دابەشە بە دوو بەش سەرەکی و لاوەکی.

یەکەم: ناونیشانی کتێب:.

سەرەتا ناونیشانی کتێبەکە کاتێک خوێنەر دەست بە خوێندەوەی کتێبەکە دەکات، هەڵپەی ئەوەیەتی کە لە نەو ئەم کتێبە دا چل دەستنووسی بەناونیشانکراوی پیرەمێردی شاعیری بکوژتە بەر دید، یاخوود گەنجینەی چل دەستنووسی بەناونیشانکراوی کەن لە بارەی پیرەمێردەوە دەخرێتە بەر دەست. کەچی ناوەڕۆکی کتێبەکە زۆرترین خەیاڵ و ئەندێشەی سوبحان و کەمترین زانیاریی لەسەر ژیانی پیرەمێرد، بەڵکوو باشتر دەبوو، کتێبەکە ناونیشانێکی دیکەی هەبووایە، لە کاتێکدا زۆرتر باس لە کەچی دوو شاعیر دەکات، ئەویش مەلا خدری نالی و کاریگەری لەسەر کەچکەی پیرەمێرد.

دووەم: ناونیشانی بەشەکان:.

کتێبەکە هەر وەک لە ناونیشانەکەی ئاماژەی پێکراوە چل دەستنووس و یاخود چل چیرۆکە، بەم جۆرەش دابەشکاری تەکنیکی بەشەکانی بە کراوە، ناونیشانی بەشەکانی بە هەڵبژێردراوە، ئەوەی جێگەی هەڵویستە لەسەر کردنە بە هەر بەشەکیان سێ ناونیشانی بە دیاریکراوە، بە بۆچوونی من قەرەباڵغیەکی زۆری خستۆتە سەر ناونیشانەکان، هەر بە نموونە بە هەر بەشێک نووسراوە دەستنووسی

یەکەم: چیرۆکی یەکەم لە پاییشیدا ناونیشانی بابەتەکە، دەکرا تەنیا یەکەك لەم سێ ناونیشانانە بێ هەر بەشێک دیاری بکات.

تەکنیک لە کتێبی پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا:.
کەستی مەولانا لای هەمووان پەسندو دڵگیر بوو، ئەمەش ئەو نیشان دەدات کە هەژموونی بەسەر پانتاییەکی فراوانی کەمەگادا کردووەو هەکاری ئەوەش دڵگەیتەوە بە گرنگیدانی مەولانا بەخەڵک و بەئاگابوون لە خەم و کەشکانیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان. ئەو لەبەرئەوەی لە تاریکستانی ژیانی ئەو کاتەی کەمەگادا چرایەک بوو، چرای زانست و زانیاری، چرای ڕۆشنبیرەکان، دیویست شەوزەنگی نەزانی شەق بکات، خراپەکاری و درۆ نادەسازی و چاوچنۆکی لەناوببات. ئەمەش لە ئاستی قوتردا ئاماژەن بە بوونی پڕۆژەیەک لای مەولانا، کە پڕۆژەی تەکشکاندن و سینەوەی هەموو ئەو

کەسپ و بەربەستانەیە کە رێگایان لە هەنگاونانی بەرەو ئایندەیەکی باشتر گرتووە، بە مەبەستی دامەزراندنکی نوێ. لە کاتێکدا قسەکەری دەقەکە لە رێگای دەربڕینی زمان و وێناکردنی کەسێتی مەولانا وەکو بکەرێکی کارا کە بتوانێت شتەکان بگۆڕێت، ئەرکی ئەو گۆڕانکارییە دەخاتە ئەستۆی مەولانا. بەڵام کاتێ مەولانا سەنگەرەکەی چۆڵ دەکات و پرۆژەکەی بەجێدەهێڵێت، ئەم بە مکوڕییەوە دەڵێت ئەمە چواڵێونیی گەورەمان لە تێ هەبوو، ئومێدی گەورەمان لەسەر بنیادنابوویی، کەچی تێ بەجێتهێشتین. ئەم ئێستا پرسیار لە هەکاری بەجیهێشتنمان دەکات. هەرچەند رەنگە ئێستا وەڵامەکە هیچ بەهایەکی کرداری بە ئەمە نەبەخشێت، چونکە گرنگی مەولانا بە ئەمە ئەوە بوو کە پرۆژەکەی جێبەجێ بکردایەو ئەمەی لەوبارە ناهەمواریی تێیدابووین دەربازبکردایە، بەڵام دیارە ئەوە رووینەدا، واتە هەر لە سەرەتاوە ئەوەی لە دەقەکەدا وەکو پرۆژەی مەولانا بە گۆڕانکاری و بنیادنانەوە بەرجەستە دەکرێت، لە کەچی یەکجاری مەولانادا بە شام لەباردەچێت.

شامیل پشکێیەک بوو،
لە مەشقەڵانی بەرزی تۆ،
خەنجەرەکەی بەربەرەکی،
ساوە بوو لە جەوهەری تۆ...

شامیل کێیە؟ کە پشکێیەک بووە لە مەشقەڵانی بەزی مەولانا؟ شێخ شامیل (١٧٩٧-١٨٧١)، رابەرێکی سیاسی و ئایینی ئاقاری بوو لە باکووری قەوقازو یەکێک بوو لە موریدەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کە لە گوندی گیمری داغستان لە دایکبووە، لە جەنگی قەوقازدا سەرکردایەتی خەڵکی قەوقازی کرد دژی زەبروزەنگی روسیاو سەرکردەیەکی ئازاو نەبەرد بووە، هەربۆیە نازناوی شێری قەوقازو هەڵگری ئاقاری لێنراوە. شاعیر رووداکاتە مەولاناو دەڵێت ئەو سەرکردە لێهاتووە تانیا پشکێیەک بووە لە کەپەی ئاگری ئازایەتی تێ. شاعیر دەڵێت چەکی سەرەکی شامیل کە خەنجەرەکەی بەربەرەکی بووە بەشەکی زەر بچووک بووە لە گەوهەرو توانای مەولانا. ئەوەک کە سرەشی ئازایی و نەبەردی لە مەولاناوە وەرگرتبوو، لە رووی زەبروزەنگی روسیادا راوەستاو میللەتەکەی خەیی بە تانیا بە گورگی روس بەجێنەهێشت. بەڵام تەی سرەش بەخشی بەرخوردان و زانین بەخش بە شامیل کە بووەتە نموونەی باڵای بەرگری و خەباگری، ئەمەت بەجێهێشت. واتە لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا جەرەک لە رەخنەگرتن لەو هەوەستەی مەولانا دەبینرێت.

بە شار دەبە، ئەواران و بەربەیانیان
بەوانەتە رێگاکانی نەهاتنەوەت؟
مەولانا شارو وەاتی بەجێهێشت و هیچ ئاماژەیەکیش بە گەڕانەوەی

نەبوو. بەڵام ئەمی شاعیر ناڕاستەوخۆ باسی ئەو دۆکات کە هەشتا خەڵک ئومێدکیان بەگەڕانەوەی مەولانا هەیەو لە پرسیارکدا لە مەولانا دەپرسێت خەڵک ئارزووی گەڕانەوەت دەکەن، کەواتە بۆچی بەردەوام خەڵکت لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە. ڕاستە پرسیارکە لە شێوەی داشتنیدا داوای ئاشکراکردنی هۆکاری ڕاگرتنی خەڵکی لەوباری چاوەڕوانیدا دۆکات، بەڵام لە ئاستی قوڵتردا پرسیارکە ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە مادەم خەڵک هێندە تێیان خۆش دەویست، نەدەبوو لە بوونی خۆت بەبەشیان بکەیت و لە چاوەڕوانیدا بیانهێڵیتەوە. هەروەک لەکدانەوەیەکی تریش بە ئەم بابەتی هاتنەوە، یان نەهاتنەوەیە هەیە، ئەویش ئەویە کە مادەم تۆ خەڵکت بەجێهێشت، پێویست ناکات چیتر خەڵک ئومێد لەسەر گەڕانەوەی تۆ هەڵبچنن، بەڵام لە ڕاستیدا پێویستە بە ڕوانینی قسەکەری دۆقەکەو ئەو پەگەیەی بە مەولانای دادنێت، ئەگەری ئەم لەکدانەوەیان لە ئاستیکی لاوازدایە.

ئاگرێکی بێئامان بووی بە تاریکی
دەریایەکی بێکەنار بووی بە ڕووناکی
ئەی ڕۆژهەڵات لە دوای هەموو هەنگاوێکت گری نەگرت؟
ئەی نوور هەموو کونج و دێیەکی پڕ نەکرد؟
شەپۆل شەپۆل زانست و خۆشەویستی تۆ،
ئەمپۆو ئەوپۆی نەگرت؟
من تێناگەم کە بوو هەشتی گەرد بنیشێ لە دڵی تۆ؟!
کە بوو وای کرد ئەی غەریبی بگرێتەبەر هەنگاوی تۆ؟!

شاعیر لە دوو وێنەدا تواناو لێهاتوویی مەولانا نیشان دەدات بە ڕواندنەوەی تاریکی و بە پڕشکردنی ڕووناکی بەجۆرێک کە هیچ سنوورێکی نەناسیووەو ئەوەش هێزێکی ئەفسوناوی ئەوتۆی پێداوە کە لە دوای هەر هەنگاوێکی ڕۆژهەڵات خڕشاوەو ڕووناکی و پرتەوی هێزی ئەفسوناوی ئەو هەموو لایەکی گرتۆتەوەو لەبەرامبەر ئەوەشدا خۆشەویستی خەڵکی بەدەستهێناوە. لێرەدا مەولانا تەنیا وەکو ڕابەرێکی تەسەوف یان گەڕانکاری وێنا ناکرێت، بەڵکو وەکو بوونەوەرێکی ئەفسانەیی نیشان دەدرێت، بوونەوەرێک لە ڕوانگەی ئەو وەسفانەوە دەکرێت، دەکەوێتە سەرووی مرۆڤەوەو جۆرێک لە تواناو لێهاتوویی ڕەهای پێدەبەخشرێت. ئەمەش ڕوانینی هەر سۆفی یان موریدێکە بە شێخەکەی. ئەوی شاعیر کاتێ بەمجۆرە لە مەولانا دەڕوانێت، یان مەولانا دەبینێت، لە بەردەم پرسیارکدا ڕادەمێنێت ئەویش ئەویە کاتێ ئەم کەسێتی مەولانا بوون، ئایا کە بوو پەکەشی ئەوەی کرد ڕێگا بدات ئەو زویر بێت یان لە ڕاستیدا کە بوو ئەوی بەجۆرێک زویر کرد، کە کەچی هەتاهەتایی

بکات؟ بۆمان ئەم پرسیارەی دەقەکە داوای وەڵام ناکات، یان لە راستیدا بەدوای وەڵامدا ناگەڕێت، چونکە لە دەرەوەی دەقەکە وەڵامەکە زانراوە. هەروەک لە راستیشدا دوای زویربوون و کەچکردنی مەولاناو بەجێهێشتنی ئەمە، زانینی ئەو وەڵامە هیچ بەهایەکی نیە، چونکە ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد رووبدات یان مەولان ئەنجامی بدات، لە دەستچوو.

تە لە تاریکی مەرگەوە،
بە چەڵە چراوەکەوە هاتی…
لە چیاو چۆڵی نامۆیی و ئەوینەوە،
بە چاوی روون، بە دڵکی وەک دەریاوە،
بە هەشکی لە پەداوانی خوداوە هاتی،
کە تە هاتی دارستانی بنار
سەمایان بە شنەی با بوو،
ئاگردانی ئێلات بەسەیان
هەتا بەرزایی حەوا بوو…
کە تە هاتی، ئاسکەکانی پەدەشت،
چاوی کەژاڵ و گەورەیان، ئاوێنەی جوانی خودا بوو…
بە جێتهێشتین؟

شاعیر باسی ئەو پاشخانە دەکات کە مەولانای لێوە هاتووە، کە پاشخانەکی تاریک و چەق و پڕ لە نامۆیی بووە، کە ئەوەش مانای دواکەوتوویی و نەزانی وپەرتی و پەرتەوازەیی هەڵدەگرێت. لەو پاشخانە تاریکە و پڕ لە نەزانیەوە، ئەو بە چرایەکەوە هاتووە، کە چرا دروشمی رووناکی و زانست و رێنیشاندانە. لەم پاشخانەوە مەولانا بە ئاسۆیەکی روون و دڵکی فراوان و بەهەشکی دەوڵەمەندەوە دێت. کە مەبەست ئەوەیە مەولانا لەو زەمینە ناجێرەوە بەو هەموو توانا لێهاتوویەوە دەرکەوتووە. ئەمەش بارەکی دەگمەنە چونکە واقیعی وا دواکەوتوو ناشێت توانای سەروئاسایی بەرهەمبهێنێت، مەگەر کەسە دەگمەنەکان. پێغەمبەران وەکو کەسانی سەروئاسایی بەگشتی لە زەمینە دواکەوتوو ناجێرەکاندا دەرکەوتوون. لەم رووەوە شاعیر ناڕاستەوخۆ هەوڵدەدات مەولانا بە ئاستەکی زیاتر لە ئاستی سروشتی خۆی بەرزبکاتەوە بەجۆرێک بیگەیەنێتە پێگەو ئاستی پێغەمبەران.

لە هاتن یان دەرکەوتنی مەولاندا، شتەکان دەگۆڕێن، کە سەرەتای ئەو گۆڕانەش لە رەحمی باڵای مەولاناوە سەرچاوە دەگرێت، واتە دەرکەوتنی مەولانا دەبێتە مەتیفی گۆڕانکاری. دارستان بە شنەی با سەما دەکات، ئاگری ئاگردانی خەڵ و پەکهاتەکانی کورد بەسەر دەسڕێنن، چاوی ئاسکەکان دەبنە ئاوێنەی جوانی. هەموو ئەم دەربڕینانە کە لە شێوەی وێنەی جوان و بەرهەمهێنی چۆڕی جوانیدا

بەرجەستە کراون بە مەبەستی دروستکردنی فەزایەکی تیایدا مەولانا بە گۆرەیی و بە شکۆو بە هەژموونەوە نیشان بدرێت، کە هاوتای بوون و ئامادەبوونی ئەو بێت لەسەر زەمینەی واقیع. دیسان شاعیر هەمان بەچوون و پرسیاری پێشتری بەرزدەکاتەوەو دەڵێت کە تۆ خاوەنی ئەم هەزمو تواناو زانست و پێگە بەرزە بوویت، بۆچی بۆجێتهەشتین؟ واتە ئەوی شاعیرناگاستەوخۆ یان لە ئاستی نەگوتراودا بە مەولانا دەڵێت مادەم خاوەنی ئەم هەموو خاسیەتە دەگمەنانە بووییت، نەدەبوو بۆجمانبهەڵێیت، یان بە دەربڕینێکی تر نەدەبوو سەنگەر بە نەیار، یان دژو بەرامبەرەکانت چۆڵ بکەیت.

بۆچی دەریای بێئامانی تۆ نەخرۆشا؟!

بۆچی گەی مەشقەڵانی تۆ نەجۆشا؟!

بۆچی شارت دایە دەست چارەنووس و تاریکی؟!

بۆچی؟! بۆچی؟!

شاعیر سەرباری پەسنکردنی شکۆی مەولانا، بۆجارێک ڕەخنە لە ڕەیشتن و هەڵوەستی سەنگەر چۆڵکردنی دەگرێت، واتە بە تەواوینی ئەم مادەم مەولانا خاوەن ئەو تواناو لێهاتوویە بوو، مادەم خاڵێک ئومێدیان پێی هەبوو، لەگەڵی بوون و پشتگیریییان دەکردو وەکو ڕابەرو ڕێنیشاندەر سەیریان دەکرد، سەرباری کەسپ و تەگەرەو دژایەتیکردنی خەی و ئەوی کە بەگریمانە ئەمە وەکو پرۆژە ناوی دەبەین، دەبوو ئەو لەبری بۆجهەشتنی خاڵێک بە بئومێدی، ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵبژاردایە. ئەوی شاعیر پێیوایە سەرباری پەرشی خاڵێک بە مەولانا، بەڵام ئەو کاری لەنێکراو هەڵوەستیکی ئەوتەی وەرنەگرتووە، کە وەڵامدانەوەی پەرشی و پەویستی خاڵێک بێت، لە کاتێکدا دەیتوانی بە ڕووبەڕووبوونەوە هەموو ڕووداوەکان پێچەوانە بکاتەوەو دەکارا لەبری بۆجهەشتنی خاڵێک، توانای لە بن نەهاتووی خەیی بخستایەتە کارو ڕابەرایەتی خاڵێکی بکردایە بە گۆڕانکاری لە دەسەاتی باوی سیاسی ئەو سەردەمەی میرانی باباندا و لەبری ڕێگا چۆڵکردن بە باڵادەستبوونی بیرو دیدو ڕوانینی نەیارەکانی، هەژموونی خەی و بیرو دیدو ڕوانینی خەیی بسەپاندایەو جێگای بە نەیارەکانی چۆڵبکردایە.

هەڵبەت بۆجگە لەوەی لە مژووی ئەو قۆناغەوە بەمان ماوەتەوەو تا ئەندازەیەک ئاگاداری ڕووداوەکانین، دەقەکەش ئاماژەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەم تواناو لێهاتووی و پێگە دینی و دنیایی و کۆمەایەتی و جەماوەریەی خەیی لەناو پێکهاتەکانی خوارەوەی کۆمەگادا بخستایەتە کار، دەشیا ڕەوتی مژووی کۆمەگای کوردەواری بە ئاراستەیەکی تردا بەڕێشتایەو، چیتر لەسەر بازنەی داخراو نەخولایەتەوە.

بەرامبەر مەولانا ئەم هەڵوێستەی وەرنەگرت، کە ناڕاستەوخۆ دەقەکە پەداگری ئەو دەکات کە دەبوو مەولانا هەڵوێستی ڕوونبووناوەی هەبژاردایەو وەاتی بەرەو چارنووسێکی ڕوون و گۆش ڕابردایەتی بکردایە، بەرامبەر ئەو وەاتە و کەمتەرخەمییەکی دایدەستی تاریکی و چارنووسێکی نادیار، چارنووسێک هەتا ئێستاش نادیارەو ئەو هەڵوێستی سەنگەر چۆکردنەی مەولانا ڕاستنەکراوەتەوەو لە ساتە هەستیارەکاندا کە دەشێ هەمان دڕفەتی ساتەوەختی کۆچکردنی مەولانا بە کورد بەخسێت، بەهەمان شێوەی مەولانا هێزی خوازیاری مانەوەی کورد لەسەر هەمان بازنەی داخراوی مێژوو، کاری خەیان دەکەن و هێزی خوازیاری دەرچوون لەسەر ئەو بازنە داخراوەو دابڕان دروستکردن لەگەڵیدا بەهادەست نابێت. واتە هێزی خوازیاری دابڕان دروستکردن هەڵوێستەکەی مەولانا وەردەگرێت و لە بەری ڕووبەڕووبوونەوە پاشکشەکردن و خامۆشبوون هەڵدەبژێرێت، هەرچەن مەولانا شارو وەاتی دایە دەستی قەدەرو تاریکی و خەیی خستە دەرەوەی زەمینەی ئەو واقیعەی کە دەقەکە ئاماژەی ئەو دەکات کە ئەو واتە مەولانا پرۆژەی گەینی هەبووە، بەڵام وەک دەبینرێت کارایی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیی نەبوو، کە دەشێ ئەوەش وەکو خاسیەتیکی کەسیتی کوردی لەکبدرێتەوە، کە توانای ڕووداو دروستکردنی نیەو ئەوەش هەکاری مانەوەیەتی لە پەراوێزی مێژووداـ
شاعیر نەک لایەنگری هەڵوێستی مەولانا بە بۆچوونەکات، بەڵکو شەوازی دەربڕینەکانی بە جۆرێک، نەک هەر نیگەرانی ئەو بەرامبەر بەو هەڵوێستەی مەولانا نیشان دەدات، بەڵکو جۆرێک لە ڕەخنەگرتن لەو هەڵوێستە. ئەم بۆچوونەش بەوە نیشان دەدات لە کاتێکدا شامیلی ئاقارێ قەوقازی تەنیا پشکێیەک بووە لە گەو مەشخەڵانی ئەم، یان خەنجەرێکی تەنیا ساوە بووە لە گەوهەری ئەم، کەچی لە ڕووی ستەمکاریی ڕوسداو وەستاو سەنگەری بەرەنگاری چەل نەکرد، کەچی مەولاناکەی ئەمە بەو هەموو هێزو لێهاتوویەوەو بەو پێگە کەمایەتی و جەماوەرییە بەربەستاوییەوە، بە هیچ لە ڕووداوستان و بەرگرییەک سەنگەری بە نیارەکانی چەل کرد، کە لەچاو نیارەکانی شامیل دا نیارەکانی مەولانا زەر لاوازو ناکارا بوون. کەواتە بۆچی مەولانا ئەمەی بۆچەشت؟

من دەموو دەپە بم لە تەی دەریا،
پرشەیەک بم لە تەی چرا،
بریسکەیەک بم لەوانەی بەخشیتن بە چاوی شامیل،
من دەموو کە خەفکی ڕوو لە تیشک بم،
لەرکانە، لە مەردەکانی خاکی خانەقا.../

سەرباری نیگەرانی ئەوی شاعیر لە کۆچکردنی مەولاناو تەنانەت

ڕەخنەگرتن لەو هەڵوێستەی و دانەنانی تەواوەتی بەو پاساوانەدا کە وەکو هەکاری کەچکردنی مەولانا و بەجێهێشتنی ئەمو نیشتیمان دەهێنرێنەوە، ئەوی شاعیر هەشتا وەکو ڕابەرو نموونەی باڵا سەیری مەولانا دەکات و لە کۆتایی دەقەکەشدا جارێکی تر دەستەزی و پەیوەستبوونی خۆی بەوەو دووپات دەکاتەوەو دەخوازێت ببێتە بەشێکی هەرە بچووک لە ئەوی گەورە یان تروسکەیەک بێت لە ڕووناکی پەخشبووی ئەو کە نەک هەر ڕووبەری نیستیمانی گرتەتەوەو بەسەر سنوورە دەستکردەکاندا پەیوەتەوە، بەڵکو سنوورەکانی نیشتیمان و ڕووبەرێکی فراوان لە جیهانی ئیسلامیشی تێپەڕاندووەو گەیشتووەتە دەرەوەی ئەو جیهانە فراوانە.

ئەمی شاعیر پەیوایە ئەوە بەشکە لە هەزو تواناو لێهاتوویی مەولانا کە بووەتە جوڵەنەری پاڕەوانانی وەکو شێخ شامیلی ئاقاری قەوقازی بە ڕاوەستان لە ڕووی ستەمکاریدا. ئەم دیاردەیت تەنیا بریسکەیەک واتە بەشێکی زەر بچووک بێت لەو بەهرەو لێهاتوویەی کە مەولانا بە شامیلی بەخشیووە، ئەم خواستنەش دەشێت بە ئومێدی ئەوە بێت کە ئەمیش خوازیاری لە ئەستەگرتنی هەمان ئەرکی شامیل بێت، بەڵام بە کارەکی ئەفسانەیی لەوجەرەی شامیل، پەویستی بەوەیە سەرەشی هەزوتواناو ئازایەتی و خۆنەویستی لە گەورەیی مەولانا وەربگرێت.

بەڵای ئەمی شاعیرەوە تیشک ڕەگە یان ئامانجە، کە دەشێت تیشکی پرتەوی خودا بێت، یان تیشکی زانست و زانیاری بێت بە ڕووناک کردنەوەی ڕەگای تاریک و پڕ لە کەسپی بەرەو داهاتوو، یان ڕەگای مەولاناو پرینسیپەکانی ڕەبازی نەقشبەندی بێت بە بەدەستهێنانی خوداو دنیا یان دین و دنیا پێکەوە. ئەمی شاعیر چاوی لەو ڕەگە یان ئامانجەیەو دەیەوێت لەرە لە مەردەکانی خانەقا خەڵفێکی ڕووی لەو ئامانجە بێت. خەڵف یان نەمام دەڵاڵەتی لەدایکبوون و سەرهەڵدان هەڵدەگرێت. ئاشکرایە خانەقا شوێنی جێبەجێکردنی سرووتەکانی ڕەبازی نەقشبەندیەو دەشێ مەبەست لە خانەقاش لەرەدا خانەقای مەولانا خالید بێت لە سلێمانی کە میرانی بابان بە مەولانا خالیدیان دروستکردووە. "لەرە لە مەردەکانی خانەقا"، مەبەست ناوەوەی نیشتیمانە، واتە ئەم دیاردەیت لە ناوەوەی نیشتیمان بە سرەش وەرگرتن لە هەزو زانست و تواناو کەسێتی مەولانا خالید شوێن پەیامەکەی ئەو بکەوێت، ئەو پەیامەی کە دەشیا ببوایەتە بنەمایەک بە کەمەگای کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم و دین و دنیای لێکبدایەو کوردی بکردایەتە خاوەنی خۆی. بەڵام دیارە کەچی مەولانا پاساوەکەی هەرچیەک بووبێت، ئەوەی زانراوە، یان هەکاری تری هەتا ئێستا ئاشکرانەکراو، ئەو ئومێدەی لەبار بردو کەمەگای کوردی بە خولانەوە لەسەر بازنە داخراوەکەی خۆی بەجێهێشت. کەواتە ناونیشانی ئەم دەقە شیعریە"

بۆچی؟" پرسیارەکە ئاوەندەی خەم و ئازارو نیگەرانی بەرامبەر بە رووداوی کۆچی مەولانا هەدەگرێت، ئاوەندە بە دوای وەڵامدا ناگەڕێت، چونکە لە دوای کۆچکردنی ئەو پاساوەکە هەرچیەک بێت، ئەو بەهایەی نیە، لە ئاستی کاریگەریە نەرێنیەکیدا کە لەباربردنی بەرنامە، یان پرۆژەیەکی گریمانەکراو بوو بە گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردی لە پەراوێزی مێژووەوە بە ناو مێژوو.

سلێمانی/ پایزی ۲۰۲۲

مەلاک! منداڵگەل کە لە ژێر قادرمەکان دەقیژێنن.. سروشت نەوزاد

دەربارەی شیعری (لوور)

/باشترین هزرەکانی نەوەی خەمم بینی دەوانەیی وەرانی کردبوون،
بە ڕووت و ڕەجاڵییەکی هیستیریانەوە قەڵەی سکیان دەهات لە برسا،
بڕی بڕیان بە شەقامی ڕەشپۆستنشینانداخەیان بە کەش دەکرد
بە دوای دەرزییەکدا عەوداڵ بوون
خەیانی پێ بەهەش بکەن.

لووڕی گینسبەرگ بەم دێڕانە دەست پێدەکات. ئاگەر چی ئەم شیعرە وەک هاوخەمییەک بە دەخی دەروونی و خەمەکی کارە سەڵەمێن نووسراوە: / کارە سەڵەمێن! من لەگەڵ تەدام لە ڕەکلاند/. بەرامبەر ژینگەو جیهانبینی شیعرەکە لە ڕەهەندی هاوخەمییەوە درێژ دەبێتەوە و دەگەڕێت بە دەخی هاوخەمی مرۆیی، هەروەها ڕەهەندی دیکە وەردەگرێت. ئەم ڕەهەندانە سەردەکێشن بە نەو بنکەکاری، گەڕان و کەشفی ستایلی ژیانی نوێی کۆمەڵگای ئەمریکی، کەش و گرفتە مرۆیی و شارستانیەکانی.
گینسبەرگ ساڵی 1955 ئەم شیعرە دەنووسێت، نزیکەی ساڵێک پێیەوە خەریک دەبێت و پاشان بڕاوی دەکاتەوە.
(لوور) وەک ناونیشان بە دەقەکە، ئاماژەی دەنگ هەڵبڕین و بە دەنگ

نەبوون دەدات، دەنگەکی ئازاد و دژە کلتووری، کە ئایدیالەکانی شارستانیەتی ئەمریکی دەشکێنێت. ئەو کلتور و سیاستە میلیتاریستیەی سەردەمی گینسبەرگ و هاوڕێکانی، کە نەوەی ئەویان وێران کردبوو. ئەو نەوەیەی گینسبەرگ ناوی باشترین هزرەکانی سەردەمی خۆیانی لێدەنێت: (نەوەی بیت).
ئەم نەوەیە، دوای جەنگی دووەمی جیهانی پەیدابوون، بەرئەنجامی کارەسات و وێرانییەکانی ئەو جەنگە بوون، پاشان بە ناو هەناوی قەیرانە ئابووریە گەورەکەی ئەمریکا (1929-1935) تێپەڕین. لەو نەوەندشدا کەی ژیانی منداڵی و پاش منداڵییان بەئازاری هەژاری و نەبوونییەوە، بەسەردەکرد. شەشی نەوەی بیت زیاد لەهەر شتێک دژی ڕەحی ماتریالیزمی سەردەمەکە و باڵادەستی کلتووری ڕۆژئاوایی بوو، هەروەها دژی سەرکوتکردنی خواست و هەستە سروشتییەکانی مرۆڤ لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەت و پایە زاڵەکانی سیستەمی سەرمایەداریی دەجەنگان.
ئەمانە باشترین هزرەکانی ئەم شیعرانن، گینسبەرگ لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا، ئەزموونی نەوەی بیت لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان، سێکس و هونەر، یاخیبوونەکانیان دەخاتە ڕوو، . هەروەها دیدوەت بەزاری و وزەی هونەریی و خۆ لەناوبردنی ئەم نەوەیە دەربڕیت، نەوەیەک کە هەستی دەکرد لەلایەن کولتوورێکی باڵادەستی ئەمریکیی و سیاستەکانی حکومەتەوە سەرکوت دەکرێت، هەروەها دوژمنایەتی کەمەگاش لە بەرامبەر ئارەزووە سێکسی و هاوڕەگەزخوازییەکانیان.
ئەم شیعرە شیعری تلیاک، مۆسیقای جاز و هەمەسێکسوالیتییە، شار وەک دەرکەوتەیەکی گرنگی جیهانی نوێ، بە هەموو پێکهاتە شارستانی و قەیرانەکانییەوە، هەروەها تەوەرگەلی وەک خۆکوشتن و سێکس، شێتی، مادە هۆشبەرەکان و بەکاربردنی کلتووری ئەفریقایی- ئەمریکی، بە تایبەت مۆسیقای جاز، خاڵگەلی گرنگ و دیاری شیعرەکەن. تەنانەت تەکنیکی شیعرەکە لە هەندێک بەشیدا، لەسەر هەمان ڕێتم و دەربڕینی جاز بونیاد نراوە، ئەمە جگە لە زمانەکەی کە زیاتر لەهەر شتێک زمانێکی جازییە. دیارە بەکاربردنی ئەم کلتوورەش لە لایەن گینسبەرگ و هاوڕێکانی، لەدان و شۆکێک بوو کە هەرگیز نایدەتوانی جێگای قبوڵکردن و ڕازامەندی سپیپەستە ئەمریکییەکان بێت. لەڕوە دژایەتی و پێکداچوونەکان لە بەرامبەر داکۆکیکارانی ئەم کلتوورە سەرهەڵدەدات، تا وای لێهات بەشی زۆری ئەمریکییە ئەفریقاییەکان و کلتوورەکەیان، بە تەواوەتی لەلایەن کەمەگاوە ڕەتدەکرایەوە، بە تەواوی پشتگوێ دەخران و هەڵی بەشداریکردنیان لە دامەزراوە گرنگەکانی کەمەگادا: قوتابخانەکان، کەرتە حوکمی و ئەهلییەکان، دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکانیان لە قەدەغە دەکرا. هەموو

ئەم ئازار و جیاوازییە ڕەگەزییانەش لەهەناوی سیستەمی ئەمریکی سەرمایەداری و پیاوی سپیپێوەستدا دەنەدەرە، کە دواجار وەک شیعرەکە ئاماژەی پێکات، نەوەکەی ئەو " باشترین هزرەکانی " بەرەو شەتی و لەناوچوون دەبەن. لە کاتێکدا هەمان سیستەم بە فەڕ و درۆکانی خۆیەوە، بانگەشەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی چینایەتی دەکرد. بەڵام شیعری لووڕە لە شوێنکی قوڵی هۆشیاریپێوە دەتەدەڕە و دەبێتە بەرجەستەکەری هەموو ئازارە پێنهانەکانی ڕەشپێستنشینان و کلتوورە پلە دووەکەی ئەفریقی- ئەمریکی:

چی سفینکسێکی لە ئەلەمنیەم وکەنکرێت دروستکراو
سەری ئەوانی پێکاو مشک و خەیاڵیانی وردوخاش کرد؟

بەم هەیانە شیعرەکە وەک بەرهەمێکی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، دەبێتە ئاماژەدەری تەم و نائومێدیەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی پاش مەدەرنەبوونی دونیا، هەروەها ئەگەرو ئیمکانە گەورەکانی بەردەم گەشەکردنی تەکنەلەجیا. هەر بۆیە لە هەندێک شوێنی ئەم شیعرەدا و تەنانەت لە نەو پێکهاتەی فەرمی شیعرسازیی و وێناسازییەکەیدا، پێست مەدەرنیزم وەک بیرکەیەکی فەلسەفی و ڕەخنەیی، دێتە نەو دەقەکەوە. هەم بە دەست تێوەردان لە نەرمە کلاسیکی و باوەکانی پێکهاتەی شیعریی، بە ئافراندنی فەرمی دیکەی وێناکردنی دونیا، هەمیش بە دەست تێوەردان و هەوەشاندنەوەی نەرم و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای نوێی ئەمریکی:

مەلاک کە چارنووسکەی هەوری بە سێکسی هایدرۆجینە! مەلاک کەناوی عەقڵ
مەلاک کە لەناویدا من هەشتا تەنیام! مەلاک کە لەناویدا خەو بە فریشتانەوە دەبینم! شەت و شبر لە مەلاکدا! کەرمز لە مەلاکدا! بە خۆشویستی و بە پیاو لە مەلاکدا!
مەلاک کە زوو هاتە ناو ڕەحمەوە! مەلاک کە لەناویدا هۆشیاریکم بە بە لەش! مەلاک کە منی لەبەختەوەری سروشتی خەم تەقاند! مەلاک کە دەستبەرداری دەبم، لە مەلاکدا بەدار دەبمەوە! ڕەشنایی، کە لە ئاسمانەوە هەڵدەقوڵێت!
مەلاک، مەلاک! باڵەخانەی ڕەبەتی! گەڵەکی پەراوێزی نەبینراو! زەوی زەمبەلەکی پێکەڕە ئێسقانی! سەرمایەی کۆڕ! پیشەسازی شێتانی! نەتەوەی ئاوەزیی! شەتخانەی تەکمە! ئەندامی نەرینەی گرانیت! بەمبگەلی دەعجانی!
پشتی خێزان شکاند بۆی مەلاک ببێن بە بەهەشت! شەستەکان! درەختەکان! هادیەکان! چەندان تەن! شاریان هەڵگرت بیبێن بە بەهەشت

کەچی ئەو لە هەموو شوێنکی ئەمەدا بوو!

سەرلەبەری شیعرکە تەماناکی قوڵە لە دڵخی ناوکی و ئەخلاقی دونیای نوێ، کاپیتالیزم، هەروەها قەیرانی مرۆیی و ڕۆحی کەمەڵگای نوێی ئەمریکی.
لە شوێنکی ئەم شیعرەدا کەمەڵگای ئەمریکی بە " مەلاک" دەشوبهێنێت، کە نوێنەرایەتی بەهاکانی سەرمایەداری دەکات، (دیارە مەلاک لە کلتوورە دەرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خودا یاخوود ئایدۆکی ساختە بووە، مندااڵنیان وەک قوربانی بە فەڕمانەوایەتە نەو ئاگرەوە) نەریتی بە قوربانیکردنی منداڵ لەم شیعرەدا، سەبارەت بە ژیانی نوێ و کەمەڵگای ئەمریکی، میتافۆر، ئاستکی ئەم میتافۆرە بە ئااستەی سەینەوەی ڕۆگەزی مرۆیی و خوون و داخوازییەکانیانە، ئاستکی دیکەشی بریتییە لە هەمان فۆرمی فەڕمانی منداڵ بە نەو ئاگرەکەی مەلاک، ئەو دونیایەی کە پاک و سروشتییە، کە نەفرەتی پێ نییە، ژەهراوی نییە و دەست لێنەدراوە، دەستەوە و فۆڵ دەدرێت، لە جێگای ئەو ڕۆهەندکانی دیکەی مەلاک نیشتجێ دەبن:

مەلاک دوورپەرێزی! پیس و پەخێی! دزێوی! تەنکەی زبڵ و زاڵ! دەلاری دەستپێنەگەیشتوو! منداڵگەل کە لە ژێر قادرمەکاندا دەقیژێنن! کوگەل کە لە نەو سوپادا هەنسک دەدەن! پیاوانی پیر کە لە ناو پارکەکاندا دەگرین!
مەلاک! مەلاک! کابوسی مەلاک! مەلاکی بەعەشق و سەز، مەلاکی نەخشی عەقڵی، مەلاکی حوکمدەری قورس بەسەر مرۆدا!

مەلاک ئەو خواوەندەی فریودەرانە قوڕکانی دەکاتەوە و ڕادەوستێت، ئەوەی دەیخوازێت دەستەوە، ئەوەشی دەیەوێت دروستی دەکات، ئەمە ئەمریکایە: ئەو عەقڵەی نەخشە و دوو ڕووە، هەوری چەنکەی خەی دەنەرێتە ئاسمان! حوکمدەکات و سەری لەنەو سوپاکانداید، لە نەو بنکەی ئەتەمی و چەکی کەمەڵکوژ، مەلاک زیندانی بەرۆحی ترسناک و کەنگرەسی خەمەکان! کەنگرەی ئاشتەوایی درزنانە و بانکی تیرەر.
مەلاک سەرمایەی کوەر، پیشەسازی شەیتانی، باڵخانەی ڕۆبۆتی، ئەوەی لەودا:
ڕوئیاکان! نەوخشە و فاڵکان! وێنەکان! پەرجووەکان! بەختەوەرییەکان! فڕۆکەرانە ناو ڕووباری ئەمریکاوە!
خوونەکان! عەشق و سەرسامییەکان! ئیشراقاتەکان! ئاینەکان! بە گووی سەگ گەڕانەوە!
کەشف و کەراماتەکان! بەسەر ڕووبارەکەوە! قەپبوونەوەکان و لە خاچدانەکان! لەگەڵ لافاوەکەدا ڕۆیشتن! بەرزاییەکان! ڕیتواڵەکان!

نامرادییەکان! خۆ کوژییەکان و هاواری دڵ ساڵەی ئاژاوەکان! هزرەکان! عەشقی تازە! نەوەی شەت! بەسەر تاوێرەکانی کاتدا بڕبوونەوە!
پێکەنینی ڕاستەقینەی پیرەز، هەموویان بینی! چاوانی کوێی! مانئاوایییانکرد! لەسەربانەکەوە خەیان فڕێدایە نێو دوورە پەرزییەوە!
خەیان فڕێدایە نێو شەقامەکەوە! خەیان فڕێدایە نێو ڕووبارەکەوە! گوێیان پێبوو و دەستیان ڕادەوشاند!

تێبینی/ ئەو بەشانەی کە لە شیعرەکەوە وەک نموونە وەرم گرتوون، لەو وەرگێڕانەوەیە کە ماردین ئیبراهیم بە شیعرەکەی کردووە و لە ژمارە شەشی گۆڤاری شیعردا بڵاوی کردۆتەوە.

وەسیەتنامە.. پاوڵا یعقوبیان.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

... لەسەر جێگای بەرەو مەرگ ، ئەندام پارلەمانێکی" لوبنان" لە پێیجەکەی خۆیا وەسیەتنامەیەکی بە کوردکەی نووسیوە و ئەڵێ :

...من ئەمڕۆ لەسەر جێگای مەرگم، دوای چەن مانگێک یان چەن هەفتەیەک یان لەوانەیە چەن سەعاتێکا ماڵ ئاوایی لە ژیان بکەم ، بەڵام لە دوای خۆم خەیاڵم هەر لای تۆ و خانەوادەکەمە..لە چەن ڕۆژکا موڵک و ماڵ و سەروەت و سامانێکی زەر و دەیان ئەتەمبیلت بە بڕێ ئەهەم کە بە سەدان ملیۆن دۆلار لە ناوە و لەدەرەوەی ووڵات مەزەنە ئەکرێ...
بەندە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ ، شەو و ڕۆژ لە دڵەتا کارم کردوە لەسەر زەوت کردن و دزینی پارەی گشتی دەوڵەت و باجی هاووڵاتیان ، هیچ ترسەکم لە دەڵانی ئەو سەروەتە نیە چونکە تۆ و خوشک و براکانت دەرچووی پشکۆتوو و بەرزترین قوتابخانە و زانکۆکانی جیهانن، ئەوانە زانیاری و لەزانینتان هەیە کە پارەزگاری لە بکەن و کەمپانیا و سەروەت و موڵکەکان بەرن بەڕێوە.. بەڵام کوڕی خۆم ، شتێکی گەورە و مەزنتر لە کەمپانیا و ماڵ و

موکەکانت بە بڕجێ ئەهێنم کە من لەبەر نەبونی کات پێشیمانم کە فەرم نەکردوویت چەن بەڵگەی بەڕی و بیانپارێزی و هونەر و ئسوڵی دزیم فەر نەکردوویت، بەڵام لە چەن ڕۆژکا هەمووی هی تێیە..
لە نیشتمانی گەندەڵیا حیزبەکی سیاسی گەورەم بە بڕجێ هەشتوویت کە ڕێعیەتکەی سەروو دووسەد هەزار "مڵی"ی لە هەموو بەنە و هەبژاردەکانا لە دەسەڵات ئەتهەنەوە ، ئامادەی خۆ کوشتن و گۆ بەردانە ووەاتن لەبەر خاتری پەنجە بچکۆلێکتا ، ئەرکی تێیە ئەوانە وەک" "ڕێعیەت" بهێیتەوە..

لە بیرت بێ کوەکەم کە دوژمنی سەرکی ئەو نیارە "کابەر" سیاسیە نیە کە لە سەکە و ئامرازکانی میدیاوە
بەگژ یەکا ئەچین ، ئەو نیارە هاوپەیمانی سەرکیمانە و بە دڵیان بەرژەوەندی ئابووری هاوبەشی دروست بووی گەندەڵی ئەم ووەاتە بێیکەوەمان ئەبەستە..
چاک بزانە ئەو هەموو قێرانە سیاسیانە هیچ نین جگە لە چەن شانگەرێیەک کە لە گەڵ
نیاری سیاسیمانا ڕێکەوتنی لەسەر کراوە بە پاراستنی ڕێعیەتی هەردوو لامان و گەندەڵی هەردوو لا بشارێتەوە..
ڕێکەم ، هیچ بنەیەکی ناوخۆیی ، نیشتمانی ، نەتەوەیی ، ئایینی ، جیهانی جێ مەهەڵە پێش
ئەوەی عەزەڵاتی سیاسی خەت دەرنەخەیت لە میدیاکانا و لەڵە ی گەڵانکاری ناو مەڵەکانا لە ناچاریشا پەنا بە چەن دروشمەک بەرە کە لە ناو خەڵکا باون و لەگەڵ ئەو دروشمانە چەن
دروشمەک بەڵە کە باس لە چاکسازی و بەگژا چوونی گەندەڵی ئەکەن ، بەڵام نەکەی جێ بڕجێیان بکەیت چونکە ئەمە پێویستمان بە دروشمی قەبە و گەڵە بە مانەوەی دەسەڵات و گەندەڵی ئەستامان، جگە لە بەرژەوەندیە شەخسیەکانمان، بە تایبەتی ئەو دروشمانەی باس لە گیر و گرفتی ڕۆژانە ئەکەن وەک: قێرانی کارەبا ، ئاو ، خەڵ و خاشاک ، مافەکانی ژنان بە لە
خشتەبردنی خەڵەک و لەبیر بردنەوەی قێرانە گەورەکانی لە گەندەڵیەوە دروست ئەبن..
دوژمنی ڕاستەقینە ئەوانەن کە چاکسازی و بەگژاچونەوەی گەندەڵیان لەم ووەاتیا ئەوە و
ئەبە بە هەموو شێوەیەک دژیان بوەستیت ، مەڵە کەڵەڵە پووتەکان بە هەڵەشە و تەهەڵان بنەڕە سەریان ، لە میدیاکانی ئەو تەڵەفزیۆن و ڕادیە و ڕۆژنامە و تەڵە کەمەڵایەتی و پێجانەی بەم بڕجە هەشتوویت تەخوینیان بکە و بە خەفرەش ناویان بنێ لە ێ ی بەاو کردنەوەی

ەاپەرتی ساختە دەربارەی خە فرەشتنیان بە موخابەراتی ئیقلیمیەکان
کە چاویان بە ووتاتکەمان هەنایە،، لەو دادگایانەی دەسەاتکی
زەرت هەیە بەسەریانا تاوانی جەر بە جەریان بە
بهەننەوە..
ئاگاداری ئەو ەەژە بە کە پەشیمانی دادت نایا و مەەکان "ەەعیەت"
لەسەر مافەکانی خەیان و گەندەیەکانی ئەمە ووشیار ئەبنەوە و بە
ئاگا یەن،
توند دەست بگرە بە دەسەاتی نەژاد خواز و بنەماییەوە ، چونکە
دوا چەکی سەرکەوتنی دوا جارە..
ئەم وەسیەتە ئەمانەتکە بیگەیەنیتە منال و وەچەکانت..
هەر بژین لەگەە مەزهەب و نەژاد و ئاەتون و بنەماەە و دەلار..
""""""

ئەی زیندەوەرە خەکوژەکانی نەو دارستانی ژیان و
ئەی فڕێکەرە فڕە لەخەکردەکەی یاری و زەرانبازی نەوان هەق و نەوان ناهەق
ئەوە نابینن چۆلەکەکانی ئومەد چۆن سەربەرەوخوار شەمشەمەکوێرە ئاسا بە تەلی سەرکزییەوە هەواسراون
نابینن بەینەکانی ژیان وەک شەختەی تەنکی پایزان خرچ دەشکێن و چاویان لە ئاستدا دادەخێن
نابینن (نا ببوورن ئەوە کوێر و نابینان) هەوناکی هەراسانی کردوون و هەر خەریکی نزان
تا پەتەکانی ستەم و زنجیرەکانی چەوسانەوە ئەستوورتر بن!
ئەوە چۆز لە ئازاری خەتان و ئینسانییەتدا دەبینن
دەخەش دەخەش بە مەرگی یەکتر پەدەکەنن و دەڕەن ئینجا چییە هەموو مردنەکمان لەسەرە و هەر دەمرین
ئەوە دەستتان بە کاوەکانتانەوە گرتووە و ترستانە هەشبا هەبکا و بیبا
ترستانە کەپری خەمتان تەک نەچێت و باهەزی شەڕ یەخەی هەژەکانتان نەگرێ
ترستانە هەتا مردن سەر شەڕ کەن و ئەم سەرشەییەتان لەدەست بچێ
ترستانە سفرەکانتان خاڵی بە لە نانی زەلیلی و ێیسوایی
ترستانە شەقی زوەم کەتایی بە و ئازاد بژەن!!
ئەی نەخەشەکانی نەو بیمارستانی خەپڕستیی .. ئەی کێلەکان
هەژانە تەڕە بە ئازادی دەنەنەوە و کاتە دەیگرێت خەشحاڵ خەشحاڵ پەئەکەنن
پەئەکەنن بە سەری بردراوی حورمەت و
بە دڵی دەرهەنراوی شکۆ و شانازی
بە چاوی هەکەدراوی هاپەین و شەش و خەبات
پەمەکەنن..ئیتر درەنگ کەوتوون ببنە سەکۆی قوربانیدان بە ژین
بەسەرچووە ئەو ساتانەی خەونتان تەدا دەبینی و
لە گە چووە ئەو زمانەی کە بەیارە شتەک بەە
ئەوە لە هەخی خەرەندی هەزار بە هەزاری بوونن
یا ئەوتا کێلەتیتان پیرەز دەکەن بە هەمیشە
یانەش خەتان هائەچەکەن و
دەست لەکەاو بەر ئەدەن و دەیدانە دەم هەشباوە.

۲۰۱۹ – ۲۰۲۰

ئەپەرێتی: سڵەمانی لە دەدایە.. نوسینی عەلی حەمەشید

منداڵان بە دەخشیەوە دوو دوو و سێ سێ پێکەوە وەستاون و خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئاوەی پێکەوە گەرانیەک بێن.

لیرە:

وا هەست دەکەم چالاکیی..ئەمجارەمان زۆر جیایە

ڕەسەن:

بەڵێ بەڵێ هاوڕێیان..بۆ دنیایی وایە

بۆهەست:

دەی ئەمەش هاوکارتانین..وەستاوین،چاوەڕوانین

ڕەمان :

گوتم لە بگرن بە جوانی..بە ناسینی سلەمانی

لە مژوودا ناسراوە .. بە هەمەت و قوربانی

هەموو:

ئەم شارە لەم هەرەمە..خۆشەویستە لای ئەمە

لیرە:

نازناوی نوێی ئەم شارە..پڕ شکۆ و بڵند دیارە

ڕەمان :

شاری ڕەشنبیریە و..وەکو خۆر پرشنگدارە

هەموو:

سلەمانی سلەمانی..شاری شیرینی کوردانی

جێی شانازییت بۆ ئەمەی کورد..هەتا دە حەز بکات جوانی

لیرە:

سلەمانی لە دەدایە..بۆیە ئاوا خۆشەویستە

کارا:

خزمەتی لەسەر هەموومان..کارێکی تۆواو پێویستە

شێوە :

ئەمە هەموو بە یەکەوە..ئەم شارەمان زۆر خۆشدەوێ

ڕەسەن :

دەی با هەوای خەمان بدەین...تا جوانیی زیاتر دەرکــــەوێ
کارا :
پێ پێن لـــێ خۆشویستیی ...ژینگە و شۆقـــام و کـــانی
شۆ:
ئاسودەین کە دەتە گومان...ناوی خۆشیی سلەمـــــانی
هەموو:
سلەمـــــانی سلەمـــــانی...سلەمـــــانی سلەمـــــانی
هەمیشە وای لـــــێدەماندا...شارێ جوانەکـــــەی بابانی
پاشان هەموو پێکەوە تەکەن دەبن و بە خۆشییەوە ئەم دەڵێنەوە:
هەموو:
سلەمـــــانی سلەمـــــانی...شـــاری شیرینی کـــوردانی
جێی شانازییت بێ ئەمەی کورد...هەتا دێ حەز بکـــات جوانی
سلەمانی لـــــێ دەدایە...بەیێ ئاوا خۆشویستێ
خزمەتی لەســـــەر هەموومان...کـــــارێکی تەواو پێویستێ
ئەمـــێ هەمـــوو بـــەیەکەوە...ئەم شارەمان زەر خـــۆشدەوێ
دەی با هەوای خەمان بدەین...تا جوانیی زیاتر دەرکـــــەوێ
پـــێ پـــێن لێ خۆشویستیی ...ژینگە و شۆقـــام و کـــانی
ئاسودەین کـــێ دەتە گومان...نـــاوی خۆشیی سلەمـــانی
سلەمـــانی سلەمـــانی...سلەمـــانی سلەمـــانی
هەمیشە وای لـــێدەمـــاندا...شـــارێ جوانەکـــەی بابانی
٨/١١/٢٠٢١

ئاپۆینی خەڵکی ئێران بەرەو (تاران)ی پایتەخت!.. نووسینی عەبدولڕەحمان گەورکی،

نووسینی عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

"پـــایتەخت" یەکەم و دوا قۆنـــاغی دیکتـــاتۆری حـــوکمڕانێ لێ هەر "وەاتەک"دا. ئەمەش هەکارەکە بێ ئەوەی "پایتەخت" جێی سەرنجی دوو هەـــزی نایەکســان و تەهەڵچـــوو بـــێت. زەر ئاپۆیـــن و بـــزووتنەوەی

ناڕازایەتی هەبوون کە نەیانتوانیوە بگەنە پایتەخت و سەرکوت و بەدەنگ و کپ کران! "ئێران" نموونەیەکی زەقی ئەم راستییە!
ئێران لە سەروبەندی گەلانکاریییەکی گەورەدا!
ئێستا ئێران لە سەروبەندی "گەلانکاریییەکی گرنگ و مێژوویی"دایە. هاپەیمانی خەڵکی ئێران کە بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی (مەهسا)ی کورد لە تاران گەیشتە لوتکە و هەنگدانەوەی، نەک تەنیا ئێران، بەڵکو جیهانیشی گرتەوە، نزیکەی دوو مانگە بەردەوامە و ڕۆژانە هەهەند و پانتاییەکی بەرەو پەرەسەندن دەچێت و شۆڕشی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی لەق کردووە و لەگەڵ ئەمانشدا. زۆرێک لە هاوکێشەکانی پێویست بە ئێرانی گەیوە.
ئێستا خەڵکی جیهان شاهیدی ئەو هاستییەن کە چەن خەڵکی ئێران هووبەووی دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهی بوونەتەوە، تا بە هەموو یاسا و باێ و داوودەزگاکانییەوە، ڕاماڵدرێن و دەسەاتەکی خوازراو لە جێی دابنێن کە دەسەاتەکی نیشتمانی و جەماوەری و دیموکراتییە. هەهەندەکانی هاپەیمانی ئەمەی گەل!
ئەگەر خولەکانی پێشووی هاپەیمانی جەماوەر لە ئێران سنووردار بوو لە ناوچەیەک یان چینەکی دیاریکراودا، هاپەیمانەکەی ئەمەی ئێران، هەموو ناوچەکان و چینە جیاوازەکانی کەمەگای گرتەوە و "هاودەنگی" و "ئامانجی هاوبەش" لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم خولەی هاپەیمانە. دەسەاتی دیکتاتۆریش هەر لەم تایبەتمەندییە تەقاوە!
داواکاری و دروشمەکانی خەڵکی ئێران!
هەرچەند لە خولەکانی پێشووی هاپەیمانەکاندا خەڵک داواکاریی هەوا زۆری بەرز کردەتەوە، بەاام "زمان"ی خەڵک لەم خولەی ئێستاد هاپەیندا بە تەواوی جیاوازە لە هابردوو. خەڵکی ئێران هیچ داواکارییەکیان لەم حکومەتە نەماوە. چونکە کاتی داواکاری بەسەر چووە. داواکارییەکانی وەک: هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، مافی ژنان و ئازادییە تاکەکەسی و کەمەایەتییەکان لە کەمەگا و .. هتد. خەڵکی ئێران بە ئەزموون گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی، کە هەبوونی داواکاری لە دەسەاتی ویلایەتی فەقیهی، وەک ئەوە وایە لە گەڵپانی دیکتاتۆردا یاری بکەیت. ئەمەش هەکارەکە بە ئەوەی لە هەموو کات و شۆڕشی هاپەیمانی ئێستادا، "ڕووخاندنی دیکتاتۆر" داواکاری سەرەکی و "مەرگ و نەمان بە خامنەیی" و "مەرگ بە دیکتاتۆر" دروشمی سەرەکی خەڵک بەت.
ئێران شۆڕشی دیکتاتۆریەت نییە!
پاشماوەکانی دیکتاتۆری پێشوو، کە هەر هەموویان لە دەرەوەی ئێران نیشتەجێن، بە بەکارهێنانی پارەی ناەوا، لە وەهمەکی گەمژانەدا،

لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بە دیکتاتۆریەتی پێشووو دەبینن! ئەوانە لە "کوردەوە"دا لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی مەلاکان "هاودەنگ"ن و بە زارەکی خۆیان وەک "خەڵک" نیشان دەدەن. بەڵام حیسابی هەڵەی گەورەیان لەوەدایە کە دەخەکە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ دواوە. دروشمی "مەرگ بۆ ستەمگەر، چ شا بێت و چ رەبەر (واتا ئاخوند)"، کە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خەڵکی ئێران لەم خولەی ئێستای ئاپۆینیدا، ئاماژەیە بۆ ئەم ڕاستییە. ئێستا خەڵکی ئێران وریان و دەڵێن "نا" بۆ هەر جۆرە دیکتاتۆریەتێک، جا چ لە جۆری پاشا بێت یان لە جۆری مەلاکان.

ئەبێ چی بکرێت؟

لوتکەی ئاپۆینی خەڵکی ئێران هاوکات لەگەڵ شۆڕشێک لە گرژی و ڕووداو و پیلانگێڕی. پیلانگێڕانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و دەست و پێوەندەکانی، هەروەها هاتنە کایەی تاک و لایەنانی تەهەقورتاو، دەخەکە هێندە ئاڵۆزتر دەکەن کە پێشڕەوی دەبێ بە وریاییەوە بکرێت. لە لایەک پیلانگێڕانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر بێ بە لادابردنی هاوبازی ئاستقینەی ئاپۆین و دروستکردنی دووبەرەکی لە ڕیزەکانی گەلدا، لە لایەکی دیکەوە، هێنگاوی سازشکارانی ئۆژئاوا بۆ هاوکاریکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە فۆرمی داتاشینی "ئۆپتۆرناتیف" و دروستکردنی نائومێدی و بێهیوایی لە ناو خەڵک و جگە لەوانەش، تەهەقورتانی کەسان و لایەنانی (هەڵپەرست) و (شۆپێل سوار)، کە هەبێت سروشتی ئەم قۆناغەیە و کاتییە. هەر لەبەر ئەم هەڵکارانەشە هێنگاونان بەرەو پێشەوە و " تێپەڕاندنی سەرکەوتووانە"ی ئەم قۆناغە، پێویستی بەوەیە کە بە پشتبەستن بە بنەما جەماوەرییەکان و دوورکەوتنەوە لە "بە لادەداچوون"دا کاری بۆ بکرێت.

پرەنسیپی بنەڕەتی و بنچینەیی لە ئاپۆین دژی دیکتاتۆریەتدا، دوورنەکەوتنەوەیە لە "خواست و ویستی گەل" لە جوگرافیای نیشتمان و ژیۆپۆلەتیکی مەیدانیدا. ئەگینا سودمەندی یەکەم هەر دەسەڵاتی دیکتاتۆر دەبێت. بە واتایەکی ڕوونتر، داواکاری سەرەکی ئاپۆینی خەڵکی ئێران، "ڕوخاندنی دیکتاتۆر"ە بە گرنگیدان بە "پایتەخت" (واتا تاران) و پاراستنی "یەکگرتوویی هێزە جەماوەرییەکان"ە. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی ئاخوندی ساماناکترین و لە هەمان کاتدا، ناوازەترین جۆری دیکتاتۆریەتە لە مێژووی ئێراندا و خاوەن ئەزمونی فێڵکردنە، لەوانەش ئەزمونی "دانوستاندن" بە مەبەستی… کەینی "کات".

هێزی ڕووخێنەری ئاستقینە؟

لە مێژووی خەباتی خەڵکی ئێران دژ بە دیکتاتۆریەتی ئایینی، حاشا هێنەگرە کە ئۆپتۆرناتیفی "ئەنجومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران"

کە سازمانی موجاهیدینی خەلقی هەزە سەرکیەکیەتی، هەزی هەرە سەرسەختی گەپانی سیاسی ئێرانە لە دژی دەسەلاتی مەلاکان. هەر بۆیە دەسەلاتی ئێستای ئێران، هەمیشە سەرنجی لەسەر سەرکوتکردن و کەمکوژکردنیان بووە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران. ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی ١٣٦٠ەوە کە دامەزرا، ستراتیژیەکی لەسەر بنەمای ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی ئایینی داڕشتۆرا و "ئاشتا هەڵگری" ڕووخاندنی دەسەلاتی دیکتاتۆریی ئایینی بووە.

ڕیزبەستنەکانی دوو هەزی بەرامبەر!

هاپەیمانی خەڵکی ئێران حکومەتی خستووەتە لەواری داماڵان و لەکترازانی دیکتاتۆر و هەزەکانی، بە شێوەیەکی بە وێنە زیادی کردووە. بەشێک لە کاربەدەستانی حکومەت خۆریکی کەکردنەوە و ڕاکردنن لە ئێران. خەڵک و بەتایبەت گەنجانی ئێرانی لە قۆناغی هەرشکردنە سەر هەزەکانی حکومەتدان و هەرکات دەرفەتکیان بە دەستخسابێت، هەرشیان کردۆتە سەر داو و دەزگاکانی حکومەت و هەزەکانیان. (ناوەندەکانی شەڕش)یش بە شێوەیەکی بە وێنە خۆریکە فراوانتر دەبن و خەیان دەکدەخەنەوە. ئەون دەڕانە لە چالاکیدان دژ بە دەسەڵات. جگە لە درێژەی هاپەین لە سەرتاسەری ئێران، دەڕ بە دەڕ دروشمی خەڵک بە ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت تووندتر و بەرزتر دەبێتەوە. هەڵوێشکردنەکانی کاربەدەستانی ڕژێم و بە تایبەتی سوپای پاسداران نەیتوانیوە هەگری لە جووڵەی خەڵک و درێژەدان بە هاپەین بکات. خەڵک لە پەشەوێدان و پەداگری بەیارەکانی خەیانن و بە هیچ شتێک کەمتر لە ڕووخاندنی ژێم ڕازی نین.

بیرخستنەوەیەکی گرنگ!

دوابەدوای هەناسەسەر کاری (ئیبراهیم ڕەئیسی) وەک سەرکەماری مەلاکان لەلایەن عەلی خامنەییەوە، لە وتارێکدا بەناونیشانی "ئیبراهیم ڕەئیسی، دوایین سەرکەماری دیکتاتۆری ئایینی!" نووسیمان کە خامنەیی "بە مانووی دەسەلاتی دیکتاتۆریەتی خۆی، پەویستی بە کەسانێکی وەک (ئیبراهیم ڕەئیسی)یە، کە تا بە تەواوی دەستی سوور بووبێت بە خوێنی خەڵک و زیندانیانی سیاسی" و ئەم هەناسەسەرکارەیش "دەتوانێ یەکێک بێت لە نیشانەکانی دواقۆناغی کۆتایی دەسەلاتی دیکتاتۆریەتی ئێران". هەروەها نووسیمان کە: ئەم پێشهاتەیە بە تەواوی ڕەکە لەگەڵ مانتیق و ستراتیژیی موقاومەتی ئێران، واتا (نا) بە دەسەلاتی پاشایەتی و (نا) بە دەسەلاتی مەلاکان و ئاوێش وەک هەڵی سووری گەپانی سیاسیی ئێران. لەم ساڵانەی دواییدا کە ڕووخاندنی دەسەلاتی دیکتاتۆری بووەتە داخوازی سەرەکیی خەڵکی ئێران، هەندێک کەس و لایەن کە لافی ئۆپۆزیسیون حکومەتی ئێستای ئێران لەدەدەن و جلوبەرگی (گەلدەستی)یان لەبەر

کردووە و خەیان وەک لایەنگری خەڵکی ئێران نیشان دەدەن و دەنگیان خستەتە پاڵ جەماوەری راپەڕیو، بەڵام لە ڕاستیدا و لە دەڤەرە، هاوتەریبی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتن و ئامانجی سەرکیان، لەکردنی گەڕەپانی سیاسیی ئێران لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا!"
خێری "رزگاری" بە ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت هەیە!
دروشمی "ئازادی" و "رزگاری" لە ئێراندا هاوواتای ڕوخاندنی دیکتاتۆرە. چونکە ڕەهەندی هاوبەشی بەرچاوی هەموو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و بە تایبەت دیکتاتۆریی ئایینی، لە "سەرکوتکردنی ئازادیخوازان"دا کورتکراوەتەوە. ئازادی خواست و داواکاری نییە. ئامانجەکە تەنها بە ڕووخاندنی دیکتاتۆر و دیکتاتۆریەت بەدی دێت. لە ژێر ڕۆشنایی "ئازادی"دا، ئێران هەرگیز ناکۆکەتەوە ناو زلکاوی دیکتاتۆریەت!
بەچی (تاران) لە ڕاپەڕیندا جێگەی تایبەتی هەیە؟
گەیشتنی شەپۆلی راپەڕینی گەل بە پایتەخت (تاران)، لە راستیدا دەرکەوتنی خەڕاتاوی ئازادی و ئاوابوونی ئاستێرەی بەختی دیکتاتۆرە. بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی سەبارەت بە جێگە و پێگەی تاران لە ڕاپەڕیندا دەڵێت: "تاران گەورەترین شاری جیهانە کە شۆڕشی تێدا بەرپا دەبیت. تاران ئاوێنەیەکی تەواونمای ئێرانە" و "کۆتایی هەڵی گەستانی ساواکی شا و سوپای پاسدارانی ئاخوندی و دیکتاتۆریەتە" و "تاران دووبارە سەرهەڵداتەوە".
هەرچەندە سەرتایەکی دیکەیە، بەڵام پەیوستە سەرنجمان لەسەر (ڕووخاندنی دیکتاتۆر) و گەیشتن شەپۆلی راپەڕین بە (تاران) بێت. ئێستا تاران بووەتە ناوەندی ڕاپەڕین و هەموو سەرنج و چاوکان لەسەریەتی. بە هێ نییە کە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئێستا، بە چڕی سەرنجی لەسەر سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە لە تاران و هەموو داو و دۆزگا سەربازی و ئینتیزامی و پۆلیسیەکانی و، هێروهێا لقە جیاجیاکانی حکومەت و بە تایبەت (یەکە لیباش شۆخسیەکان)ی هێناوتە مەیدان بە ئاوەی تاران نەکۆکەتە دەست گەل و شۆڕش!
هەموومان لەبیرمانە کە دەستپێژی گوللە و تەقەکردنی سوپای پاسداران لە گەورەترین خۆپیشاندانی خەڵکی تاران لە ٣٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ (1981)، سەرەتایەکی نوێ بوو لە هاوکێشەکانی ناو کەمپەگای ئێران. هێروک چۆن بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی (مەهسا) لە تاران لەلایەن سوپای پاسدارانەوە، ئێران دژ بە دیکتاتۆر ڕاپەڕی و جیهان بە پشتیوانی لە خەڵکی ئێران سەریهەڵدا و بووە سەرەتایەکی نوێ لە بەڕەوپێشەوەچوونی ڕاپەڕین دژ بە دیکتاتۆر و جێگەی بەو دەسەلاتە لەق کرد. هەربۆیە بە دڵنیاییەوە پەیوستە "سەر"ی ماری وێلایەتی فەقیهی لە "تاران" پان بکرێتەوە!

ئیرادەی پتەوی خەڵکی ئێران!
نە هەڕەشەکردنەکانی پاسدار حسێن سەلامی، فەرماندەی سوپای پاسداران، کە روو لە خەڵکی ئێرانی وتی: "واز لە دزێوی و خراپەکاری بهێنن، ئەمە جۆرێ کۆتایی ئاژاوەنانەوەیە!" و "چیتر مەیانە سەر شەقام" و، نە چاوسورکردنەوەی خامنەیی و ڕەئیسی و دەستاتی داد، بریندارکانی ئەم دەستاتە ساڕێژ دەکات. خەڵکی ئێران لەو ڕاپەڕینە بەردەوام دەبن و دیکتاتۆریەت ڕادەمێنن. تووندوتیژی و حکومەتی نیزامی و هێنانی سوپا و هێزکانیتری دەستات و هێزە چەکدارەکانی و لیباس شێخسیەکان و تاقمە ستادی و لوجیستیەکان و هێزی هەواگری و هێزە وشکانی و ئاسمانی و دەریاییەکانی دەستات، ناتوانن بەرگەی ئیرادەی گەل بگرن. خەڵکی ئێران دەیانەوێت بە ڕووخاندنی دیکتاتۆریی ئایینی و دامەزراندنی دەستاتێکی نیشتمانی و جەماوەری و دەموکراتی، "ئێران" بخەنەوە سەر پێگەی ڕاستقینەی خۆی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هاوچەرخدا. بگومان سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە پێویستی بە هەمان شتە.
دوا وتە!
ئێستا ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران، جگە لە بەردەوامیی و فراوانبوونی لە هەموو پارێزگاکاندا، بەرەو پایتەخت (تاران) بووەتەوە و نەخشە ڕێگای خەڵکی ئێرانیش لەوە بەدەر نیە کە (ئەمە ژنان و پیاوانی جەنگین و نابەزین). هێبەری موقاومەتی ئێران، بەتایبەتیز مەسعوود ڕەجەوی لە پەیامەکدا وتی: چاوسورکردنەوە و هەڕەشەکردن و گاز و گوللە ئیتر کاریگەر نین و خاومان ناکاتەوە. شەشەکی گەورە لە ئێراندا بەرپا بووە، ڕاپەڕین ناوستەت و تا تەکدانی کۆشکی دوژمن دەوات و خەڵکی ئێران ئەوە دەزانێت و باجەکەشی دەدات. دوژمنی داماو لە چەقبەستوویی و نائومێدیدا پەلەقاژەیەتی. ئەگەر سەرکوت نەکات، گەردەلولی ڕاپەڕین و شەش پەڕە دەسنێت. ئەگەر پەنا بباتە بەر سەرکوتکردنی زیات، ئەوە بەسەی "ئاگر لە وەامی ئاگر"دا دادگیرسێت و دەستاتی ویلایەتی فەقیهی ڕادەماڵێت.
کۆتایی

دوو کورتە نووسینی زانا ڕەزاق

چەن جۆگە پەدان بۆ وەستاکانی بواركان دەدیت؟

یەکەم\ دەبێ سەد تا دوو سەد کار لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی لیژنەی بواركە بێ ئەمەش لە شوێنکی دیاریکراو بێ بە هەندک وەستاش شوێنکە خەکیشی لێنەبێت باشترە چونکە دووردەبن لە مەترسی.

دووەم\ دەبێ شارەزایی باشی مەژوویی کارەکەی هەم لە ووڵاتەکەی خۆی هەمیش لە هی ووڵاتان هەبێ.

سێیەم\ دەبێ جێنمایێکان هەمووی بزانێت هەروەها جێنمایێکان بێ ئۆوش باس بکات کاری بێ دەکا لەژێر دەستی تاقیکردنەوەش دەرچێت.

چوارەم\ هیچ کەسێک لەگەڵ خۆی بێ کار نەبات تا بێ تەواوی شارەزایی کارەکە دەبێ ئۆوش لە ژێردەستی تاقیکردنەوە.

پێنجەم\ کەل و پەڵی باش بێ کارەکە بەکاربهێنێت نەک هەرزان و خراپ.

شەشەم\ دەبێ ناسنامەی جۆگەپەدراوی هەبێ هەروەها شتێکی پێبێ وەک بەڵگەی کارەکانی ڕابردووی .

2022 11 18

_____

باشییەکانی دانانی و پلە بەرزکردنەوەی ئۆوانەی توانایی و لێهاتووییان زیاترە چین؟

یەکەم\ ئەمە وا دەکات ملمانێ دروستبێ.

دووەم\ تەمبەڵی ناهێڵێت و خوێندنەوە زیاد دەکات.

سێیەم\ زەر شتی تریش ناهێڵێت ئۆوانیش وەکو توژینەوە کۆین و قۆپیێ کردن و واستەکاری و خزم خزمێنێ\

چوارەم\ نەک لە کاتی مامۆستایەتی و فەرمانبەری بەڵکو لە بنەڕەتی فەرخواز تا مامۆستایەتی و دوایی مامۆستایێتی و فەرمانبەری هەر

خ‌ی ماندوو د‌کات و د‌خو‌ن‌ت‌و‌.

پ‌نج‌م\ کات‌ک ک‌سی ل‌ه‌اتوو و توانا د‌ب‌ی‌ت‌ پ‌ش‌و‌ ئ‌وانی تریش وا د‌ک‌ن خ‌یان ماندوو د‌ک‌ن چونک‌ گرنگی د‌ب‌ ل‌ لایان ،خ‌شی ه‌ر ئاوای‌ ه‌ر و‌ک چ‌ن ف‌رخوازی زیر‌ک نمر‌ی ن‌و‌ک‌ان‌ ل‌پ‌شتر‌ ل‌وانی تر ک‌ نمر‌یان ش‌ستی‌.

ش‌ش‌م\ و‌ات و شو‌ن‌ک‌ان ب‌ر‌و پ‌ش د‌بات، ه‌رو‌ه‌ا ئ‌وان‌ش ک‌سی ل‌ه‌اتوو و توانایی دروست د‌ک‌ن ،یانی مر‌ق‌ی ل‌ه‌اتوو د‌زان‌ مر‌ق‌ی ل‌ه‌اتوو دروست بکات ،مر‌ق‌ی پ‌ش‌ک‌وتوو مر‌ق‌ی پ‌ش‌ک‌وتوو دروست بکات.

2022 12 14